# جیهانی منالاٚن 3

فەلسەفی - ئەدەبی - هونەری و خەبەری

ئۆرگانی یانەی سارای منداڵان لە سلیمانی



پێوانەو پشتیوانی شیعاری کۆژین کە دەڵێ: من خەڵکی دنیام ڕاست و ڕوون و گرینگە
چونکە باوکی لە بناری چیای قەندیل لە کوردستان و دایکی لە شاری شین یانگ لە وڵاتی چین،
بۆ خۆیشی لە کیشوەری فینلەند لە بنا گوێی قوتبی شیمال هاتونەتە دنیاوە.

# Barnens Värld

***Om barnens livsvillkor världen över***
***Barnhem i Sulaimaniya***

**ڕێپۆرتاژ: بۆچی زۆربەی قوتابیانی پەناهەندە**
**وێزگەی کۆتاییان قۆناغی ئامادەیی**
**یان سەرەتاییە؟**









Ali Ketabi
C/O Shihab Manmy
Fjäderharvsgatan 17
424 66 Angered, SWEDEN
Tel: +46 (0) 31-3302030

www.trife.com/scc/index.html
dilan@tiscali.se

ISSN 1651-5188

# لیستەی یارمەتی و دەخل و خەرجی
# یانەی ساراو گۆڤاری جیهانی منداڵان لە سویدو سلیمانی
# وەرزی پاییزی ٢٠٠٢

پشتیوانانی مادی و مەعنەوی
گۆڤاری جیهانی منداڵان

1 ABF ئەنگرێد 3000 کرۆن
2 سەردار عەبدوڵا 100 ك
3 شاڕوخی دادمهر 100 ك
4 ئاسۆ بیارەیی 220
5 فرهنگسرای اندیشه 150
6 تاهیر مەحمودی 200
7 بەیانو کاوە و کارزان 300
8 قادر حەمەشەریف 200
9 پەروانە کەریم کانی 200
10 تەها خوسرەوی 200
11 تەیب کاکەیی 200
12 شەهاب و مەها 500
13 خالید عەلیپەنا 50
14 ئاکو شەریف 50
15 ئەنوەر شەریف 50
16حەمید دایانە 50
17 حەمە ڕەزا هەورامی 500
18 ئازاد عەزیز 200
19 دوکتور کامەران قەرەداغی500
20 ڕەسووڵی محەمەدی 200
21 ڕەسووڵی سهفهریانی 50
22 شەهرامی سنە 50
23 سۆران شەریفی 50
24 ڕەوڤ ڕەمەزانعەلی 100
25 رەوف شوانی 100
26 ڕەوف فایەقی 100
27 ڕەحمان سۆڤ 100

28 دوکتور بڕوا حەمەد 400
29 هۆشیار تاجری 100
30 ماموستاحسین و.. 200
31 کاروان تالب 50
32 فایەق پینجوینی 200
33 حسێن عەلیپەنا 50
34 وەستا عەبدول 100
35 کەریم مەولوودی 100
36 فەرمان و گوڵیزار 200
37 سەلمان هەبەکی 100
38 خوشکە بەهار 200
39 زانا فایەق پینجوینی 50
40 هیوا عەزیز 200
41 دارا سەعید سابیر 100
42 هێرۆمحەمەدسالح 100
43 دارا مستەفا 50
44 دایکی سارا 120 دینارعیراقی
45 ئەبوبکرحەمانیان 100
46 نووری سلیمانی 40
47 خدرقادر
48 کاك عەبدوڵا
49 سیامەند هەورامی
50 حسین(عیماد) مەکتوبی
51 ئەحمەد بازگر
52 تارا پیًنجوویًنی 50 ك

ئەمانە ئەو ئازیزانەن کە وەك
خوێنەر وکڕیاری گۆڤارەکەمانن
1 هێرش عەلیزادە
2 باوکی سەردەشت
3 فوادی سنە

4 سدیقی شنۆ
5 کاك ئاری
6 تیفوری بەتحایی
7 گۆران هەڵەبجەیی لە دانیمارك
8 بیستوون ل
9 خالید عەلی پەنا
10 هەڵۆ هەورامی
11 فایەق ڕۆستەمی
12 ڕەزا لوتفی
13 کاك بەختیار هەورامی
14 عەزیز چیانە
15 مەنسووری ئێراندوست
16 جەماڵی سلێمانی
17 ڕزگاری سلێمانی
18 نەبەز محەمەد
19 مزەفەری کەریمی
20 ماجید دەربەندیخانی
21 عەلی عەبدوڵا
22 عەباس دەروێش
23 فواد ئیسماعیل
24 نیاز و نەوزاد کەریم
25 سادەق هاو ڕێی ئەحمەدزاگروس
26 ئاغای سەفەوی
27 مەرکەزی ئامۆزشی ئێرانیان

ئەمانەش هاوڕێ و هاوسەنگەرانی
دێرینی سەر نووسەری گۆڤارەکەن،
کەزۆربەیان خوێنەرو کریاری ئەم
گۆڤارەن، تەنیا کاك موسلیح

وەرگێری مانیفێست و سروودی
ئەنتەرناسیونال نەبێت، کە پێی وایە
یانەی ساراو گۆڤارەکەی دژی
ئامانجی چینی کرێکارن!

1 عەلی قەمەری 40 ك
2 موحیە ئیریج 40 ك
3 سەید حەسەنی قادری 40 ك
4 مامۆستا کاوە ئەحمەد 40 ك
5 تاریق عەزیز 30 ك
6 مامۆستا جەمال
7ابراهیم ڕۆستەمی
8 عەبدولا ئەسەدی
9 کەریم بێسارانی
10 سەلام زیجی
11 عومەر مەحمودی 100 k
12 قاسمی قاسمیانی
13 کەریمی شاموحەمەدی
14 ابو بەکری شەریف زادە
15 موسلیحی شێخ الاسلامی
16 ڕوفیەی ڕەمەزانعەلی
17 خەجیج ئیریجی.
18 سالاری مەهاباد
19 سابیری کەمێز
20 سلێمانی قاسمیانی
21 ناسری حیسامی

---


لەو ڕۆژەوەی کە گۆڤاری جیهانی منداڵان بڵاوبۆتەوە، پەیوەندی بە دۆستان و هاوڕێیانی سەرنووسەر کراوەو ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە کە بە مادی و مەعنەوی یارمەتی گۆڤارەکەو یانەی سارای منداڵان لەسلێمانی بدەن. هەرلە هەمان ڕۆژەوە توانراوە یارمەتی کۆبکرێتەوە بۆ ئەم دوو مەبەستە.جابا بزانین چەند دراوەو چەند سەرف کراوە.

بەگوێرەی ژماردن و لێکۆڵینەوەکانمان، توانیومانە بگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە. 500 دانە لە گۆڤاری ژمارە یەك و دوو چاپ کراوەو، 9100 کرۆنی سویدی بە چاپخانەی زاگروس دراوە. ئەو یارمەتیانەی کە پێمان گەیشتون، لەگەڵ فرۆشتنی 150 دانەی گۆڤارەکە 9410 کرۆنن. بەلای کەمەوە 1000 کرۆن سەرف کراوە بۆ ناردنی گۆڤاروکڕینی چەند کەرەسەیەکی جۆراوجۆر ئەوەی شایەنی باسە کە بڕیار درابوو لە پارەی ئەو یارمەتیانەی دەستمان دەکەوێت بتوانرێت یارمەتی یانەی سارای پیَ بدرێت، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا نە گەیشتوینەتە ئەو ئامانجە، چونکو یارمەتێکان تەنها بەشی گۆڤارەکەی کردوەو، ئەرکی یارمەتیدانی یانەکە تەنها لە سەر ئەستۆی کاك عەلی کیتابیە.

**بەرپرسی بەشی ئابووری شەهاب مەنمی**

# جیهانی منداڵان

## گۆڤارێکی فەلسەفی ئەدەبی هونەریە




سەرنووسەر

**عەلی کیتابی**

مۆنتاژکارو بەرپرسی ئابوری

**شەهاب مەنمی**


**جیهانی منداڵان**

گۆڤارێکی وەرزیەولە سوێد دەرئەکرێ و
لە کوردستان دووبارە چاپدەکرێتەوە


**زاگروس میدیا هەڵساوە بەیارمەتیدان و چاپکردنی**

# جیهانی منداڵان 3

لاپەڕە بابەت نووسەر


2 ........... هیواو هانای سەردەبیر عەلی کیتابی
3 ........... ئەلف و بێی فەلسەفە ...
کەیۆمەرسی نیک ڕەفتار
7 ........... مناڵەکان {شیعر}
حەمەی حاجی عەبدوڵا
8 ........... کەسایەتی تاك لە خێزانی ...
مەهاباد قەرەداغی
10 ......... گرنگی ڕۆڵی بەخێوکەر ...
قادر شەریف
11 ......... چزەی سەرما ڕەسوڵی سەفەریانی
12 ......... دیاردەی مناڵزۆری و ...
مستەفا گەرمیانی
15 ......... ڕێپۆرتاژ: تۆبڵێی لە کریسمسدا..
ڕەسوڵی موحەممەدی
وتووێژ لە گەڵ کۆژین، ئامادەکردنی: سۆران
18 ...... ڕێپۆرتاژ: بۆچی مناڵانی پەناهندە..
فایەق پێنجوێنی
20 ........ ئایا خورافە مودێرنیزم دادەڕزێنی؟
ع کیتابی
21 ........ مرەبای شەکەر ڕەسوڵی موحەممەدی
22 ........ ساز {شیعر} کارزان عومەر
23 ........ شاهۆو دارگوێزەکانی محەمەد فەریق حەسەن
24 ...... کوشتەی زاڕوڵیوێ سیامەند هۆرامی
26 ...... چمکێك لە ڕۆمانی سارا ع کیتابی
32 ...... پەیامنێرتان لە سەراییڤۆوە {وەرگێران}
35 ...... لە ڕوانگەی جیاوازەوە {وەرگێران}
حەمە سەعید حەسەن
39 ...... سەبری خان {شیعر} حسێن حاجی عەلی
40 ...... ئاورێك لە مناڵانی وڵات ڕەسوڵ سەفەریانی





## هیواو هانای سەردەبیر

خوێنەرانی خۆشەویستی جیهانی منداڵان, بە تایبەت نووسەران و تایبەتی تر ئەو نووسەرو ئەدیبوو ئەدەب دۆستو یارمەتی دەرانەی کە گۆڤاری جیهانی منداڵانیان بەزەرفێك یا جواترە بڵێم بە ئاوێنەیەکی بێگەرد زانیوە، تا ئاکامی بەرهەمی تێکۆشان و یارمەتیە مەعنەویە و مادی خۆیانی تێدا ببیننەوە.

ئازیزانم ئێستا هەست دەکەم لە سەر لووتکەی بڵیندی تەمەن و ئاواتمەوە وەستاوم، چونکە توانیومە یانەی سارای منداڵان و ئۆرگانەکەی کە ئەم گۆڤاری جیهانی منداڵانەیە، وەك نیهادێکی غەیرە سیاسی، غەیرە حیزبی، غەیرە مەزهەبی و ڕەگەزپەرستی بخولقێنم. لێرەدا جێگای خۆیەتی بڵێم ئەگەر ڕەوف حەسەن لە سلێمانی و شەهاب مەنمی لە سوێد نەبوایەن ئەم ئاواتە دێرینەی من ئاوەها بەم ئاسانیە وەدی نەدەهات. خۆشەویستانم ئێستاش خۆم وەك تاکە پاشەرۆکی سەمەری گەیشتو بەقلیپۆپەی دارگوێزێکی یاخی و تووشەوە دەبینم. گەرچی تا ئێستا بە لیزمەی تاوە تەرزەو هەورەتریشقەی ئەهریمەنی و نە بە پەلۆ پلارو ڕاژەی دزو شارۆکەرانی چاوچنۆکو بەکرێگیراو نەکەوتومەتە خوارێ، بەڵام ئێستا کە کەوتومەتە بەر پەلامارو هەرەشەی شەختەو خەزانو بای بەهێزی پایزی تەمەنم، دەزانم تۆزێ درەنگ یان زوو دەکەومە خوارێ.

گرنگترین هیواو هاوارم ئەوەیە، ئێوە بە پێنووس و ئەندێشەو تێکۆشانتان، بە پەروەردەو بارهێنانی مودێرنی هاوچەرخەوە، بیرۆکەو بونیادنان و مەوجودیەتی یانەی سارای منداڵان و گۆڤاری جیهانی منداڵان بتەوکەن و پەرەی پێ بدەن و بی پارێزن.

# ئەلف و بێی فەلسەفە بە زمانێکی ساکار



کەیۆمەرسی نیک ڕەفتار

**فەلسەفەچیە؟**

**کێشەکانی زۆر گرینگی زانستی فەلسەفە, لەدێرزەمانەوە تائێستا.**

**سەرەتا**

"من تیَ ئەفکرێم، کەوابوو هەست بەبوونم ئەکەم" بەڕاستی ئەم ڕستە کرۆکی"زانستی فەلسەفە"یە. من ئەندێشە ئەکەم، من بیرئەکەمەوە، من سەرنج ئەدەم، من تێئەڕوانم، من ئەڕوانم. کەوابوو پیَ ئەزانم، هەست ئەکەم، بۆم دەرئەکەویَ کە: بەڕاستی هەم. کەهەم، لەگەڵ داهۆڵی ناو بێستان کەتەنها تاپۆی دیارە و، ڕەنگی، ئەبیَ جیاوازیم هەبێت. داهۆڵ جم و جۆڵ و ئاوەز و زانایی و هەستکردن و تام و چێژ و سارد و گەرم و... نازانیَ و ناناسیَ. داهۆڵ تەنها بۆ ئەوەی مەل و مۆر و جڕ و گیان لەبەری پیَ بترسێنن دروست کراوە. زیاتر لەمەش گیانی تێدانیە. کە وابوو مێشکیشی نیە کەناوەندی ئەندێشەکردن و فێربوون و فێرکردنو، ئاوەز و زانستە.

من بەڵام خەریکم ئەخوێنمەوە. خەریکم فێرئەبم. خەریکم فێرئەکەم. خەریکم بیر ئەکەمەوە . ڕابوردوو دێنمەوە یادم، بۆئەمڕۆ و سبەینیَ نەخشە و، بەراوردکاریم هەیە. بەسەر ئەم مێزەوە چەندەها شتومەکو کەرەسەی وردودرشت ئەبینم. لەناو ئەم ژوورەدا چەندەها شتی جۆراو جۆرم بەرچاو ئەکەویَ.

کەوابوو ناوەندێکم تێدایە کە هەڵسووڕێنەری منە.

بۆیە من ئەندێشە ئەکەم. بۆیە من ئەزانم کە هەم .

× ڕێنە دێکارت(1650-1596) فەیلەسوفی بەناوبانگی فەرەنسە"

**فەلسەفە چیە؟**

زۆربەی خەڵك لە وشەی "فەلسەفە" ئەترسن. تەنانەت ژمارەیەکی زۆر لەوانەش کە خوێندەواریان هەیە و پلەکانی باڵای خوێندنیان بڕیوە، لە فەلسەفە ترسیان هەیە. ڕەنگە هۆکارەکانی ئەم ترس و بیمە ئەوەبێت کە بەخەیاڵیانا هاتوە کە فەلسەفە زانستێکی زۆر ئاستەمو سەخڵەتە. ڕنگە وابیری لیَ بکەنەوە کە فەلسەفە مێشکێکی تایبەتی پێویستە و مێشکی(مێژکی) ئەوان ئەوتایبەتمەندیەی نیە کە تێکڵاوی فەلسەفەی بکەن. بگرە برێك لە فەیلەسوفەکان، نووسەرەکان یان لێکدەرەوە شیکەرەوەکانی فەلسەفە وەکو باو بووە زۆرتر خۆیان لە پەخشانێکی تەکنیکی (فەنی_ هۆنەری) داوەو وشەو ئیسلاحاتی نامۆیان بەکارهێناوە. بۆیە زۆرجار لەو جۆرە نووسراوانەدا ئەبینریَ واتا و ناوەرۆك بۆتە قوربانی لەفز و وشە. دیارە ئەمجۆرە نووسراوانە نەك تەنها بۆ کەم خوێندەواران پڕ لەمەترسی و کێشەیە، بەڵکو تەنانەت خوێندەوارانی مام ناوەندیش خۆیانی لیَ نادەن. لەبەرئەوە لەناوەرۆکەکە تێناگەن. کەوابوو دەستی لیَ هەڵ ئەگرنو، ئیتر بە دەورو بەریشیا ناچن (ناڕۆن). ئەوەی ئەمڕۆ باوە و ڕاست تریشە، ئەوەیە کەنووسەری ئەمڕۆ بەو پەڕی توانایەوە هەوڵ ئەدات کە سادەو ساکار بنووسێت تا خوێنەر لە ناوەرۆك و واتای تەواوی نوسراوەکە بگات. ئەگەر دێر زەمانێك لەفز و وشەی نامۆ و وەرگێڕاو لەزمانێکی بێگانە بەهونەر ئەژمێردرا، ئێستا بەڵام، پەتی نووسین و خۆماڵی نووسین بە هونەر ئەژمێردری و، خوێنەر بۆلای خۆی ڕادەکێشیَ.

گومانی تێدانیە فەلسەفە (حیکمەت). لەپەرتوکە دێرینەکاندا بەزمانی تایبەتی ئەو دەور و زەمانە نووسراوە کە زۆربەی کتێبەکانی تری کۆنی پیَ نووسراوە. زمانی تەوڕات، زمانی ئینجیل، زمانی قورئان، زمانی دەیان و سەدان کتێبی تر کە تەنها ژمارەیەکی کەم لەخەڵك توانیویانە لێی تیَبگەن. دیارە ڕەگ و ڕیشەی فەلسەفە لە "یۆنان"ەوە هاتووە. پاشان بەهۆی وەرگێڕانی کتێبە یۆنانیەکان بۆسەر زمانەکانی تر، پەرەی سەندوە، لەوڵاتانی تر بڵاو بوەتەوە. زۆر بەکورتی ئەمەویَ پێتان ڕاکەیەنم کە پێی ناویَ هیچ کەسێك، تەنانەت نەخوێندەواریش، لە زانستی شیرین و پێویستی"فەلسەفە" ترسی هەبێت. ئەمەویَ هەر لەم "سەرەتا"یەدا، پێتان بڵێم مەترسی بیَ مەترسی. هەرتاکە کەسێك لەم جیهانەدا ، چ دارابێت و چ نەدار، وەرزیەر بێت یان خاوەن پیشە، نووسەربێت یان سەرباز، بازرگان یان پزیشك، هاو وڵاتییەکی ساکار یان سەرۆکی دەوڵەت... هیتد خۆبەخۆ، لە وزەو، سنووری پێوانەی مێشك و توانی بیر و ئەندێشەی خۆیا، فەیلەسوفێکە و بیَ ئەوەی خۆی ئاگادار بێت تێکڵاوی فەلسەفەیە (لەگەڵ فەلسەفەدا ئاموێیە).

هەرکەسێك بگری لەماوەی تەمەنی خۆی دا، بارەها و بارەها سەبارەت بە کێشە فەلسەفیەکان ئەندێشە و بیر و ڕای دەربڕیوە و، ئەبڕێ، کە:

= ئەم جیهانە چیە؟

= ئەی ئامانج لە هەستی و ژیانی ئێمە چیە؟

= دەوڵەت و حکومەت چین؟

= یاساکان چۆن پێکهاتوون و ئایا شایانی پەیڕەوی کردن هەن، یان نا؟

= چاکە و خراپە کامەیە و پێوانە و هەڵسەنگاندنیان کامەیە؟

= پێوەندی نێوان مرۆڤ چۆنە؟

= وە ... هتد. لە قوتابی دەبستانەوە بیگرە تائەگاتە پیرەمێردێکی بە تەمەناچوو، لە ڕەوتی ژیانی خۆیدا، سەدان پرسیار لەو پرسیارانەی سەرەوەی لەخۆی کردوە. بگرە لەم بابەتانەوە لەگەڵ دۆست و برادەر و خزم و کەس و کاری خۆیشیا باس و گفتوگۆی کردبێ یا لەداهاتوودا بیکات.کەوابوو ئەم قاڵب و شێوازە ئینسانیەو، زیاتر لەوەش هەبوونی مێشکێکی پەروەردە کراو و، زەنجیرە ڕەگ و ڕیشە و پێست و ئێسقانێکی تەندروست، ئەبێ بیر و ئەندێشەیەکی هاوڕێ بێت. ئەندێشە و بیرکردنەوەش بەش بە حاڵی خۆی، ڕێبازی گەیەشتن بە فەلسەفەیە. کەواتە فەلسەفە شتێك نیە جگە لە "زانست و ئەندێشە کردن و عەقڵ بەکار هێنان". بەم پێیە هەرشتێك لەگەڵ ئەقڵ (ئاوەز) زانست و ئەنێشەدا ، سەر و کاری هەبێت، ئەکەوێتە بەر فەلسەفەوە. واتا:

هەمووکەسێك بەگوێرەی گونجان و،زەرفیەتی خۆی فەیلەسوفێکە. ئەم دنیایە کە تیایا ئەژین، بەهیچ جۆرێك ماوەو دەرفەتی ئاسایش و حەسانەوە و، وەستان بەئێمە ڕوانابینێ. هەردەم بەڕەوتی سەرنج ڕاکێشەری خۆی، هانمان دەدات و، پاڵمان پێوە ئەنێ و، توشیاری تازەترین بابەتەکانی جیهانی زانستمات ئەکات. لەگەڵ ئەوەش دا کێشە و تەنگ و چەڵەمەمان بۆساز دەکات کەناچاریین بۆچارەسەر کردنی ئەو تەنگ و چەڵەمانە هەوڵ بدەین و خۆمانی پێوە ماندووبکەین تا بتوانین بەژین و ژیانی ڕۆژانەمان درێژە بدەین. ئەوەتا لەم هەلس و کەوتی ژیانەدا، فێری زۆرشتی تازە بابەت

ئەبین و، زۆرئەزموونی بەکەڵك وەرئەگرین کە پیویستی ژیانمانە. لە وانەیە ژان، لەزەت، برسیەتی، تێری، خۆشی، نەخۆشی، ڕازی بوون، ئاڵۆزبوون، ... کە هەموو ئاسەواری ژیان و تێکەڵاو بە ژیانن.

بەڵام مرۆڤ ناتوانێ خۆی بە زنجیرە ئەزموونێکی پەرش و بڵاوەوە ببەستێتەوە کە بە ڕێك کەوت لەژیاندا بۆی هاتۆتەپێشەوە. مرۆڤ بە پێچەوانەوە ئەیەوێت لەهەر ئەزموونێك ئەزموونێکی تازەتر فێربێت. هەربۆیە هەموو کەسێ دڵی پێوەیە زنجیرە ئەزموونەکانی خۆی پێکەوە بلکێنێ و، چۆنایەتی ئەو پێوەندیەی نێوانیان بناسێت و، هەرهەموویان بخاتە نێوان قاڵب و دەزگایەکی تازەترەوە و، لەکۆی ئەو هەموو ئەزموونانە، نەخشەو،* پلەنێکی نوێتر و بەکەڵك تر بێنێتە ئاراوە،

(دروست بوونی یانەی سارای مندالآن لەسلێمانی) کە فەلسەفەیەکی پێکهێناوەو، زۆرنەبێ کەم، بۆتە هۆی شادمانی کۆمەڵێکی پەیوەندی دار و، تێفکراو. ئەم قاڵبە یان ئەم بینا و دام و دەزگا کە لە کۆ و پێوەنددانی ئەو زنجیرە ئەزموونەی دەورانی ژیانی هەرکەسێك دروست ئەبێ، فەلسەفەی ئەو کەسە پێك دێنێت.

× قاڵب یا شێوازێك ***Pattern Model*** کە کێشە فەلسەفیەکانی تێدا گونجاوە

کە وابوو هەر کەسێك، هەرچەندەش لە خویندەواری و، پەروەردە و، بارهێنان بێ بەش بووبێت، بۆخۆی فەلسەفەیەکی هەیە. کە ئەو فەلسەفەیە بەرهەمی ئەزموونەکانی ماوەی ژیانی ئەوە، واتا هەموو کەسێك بەقەدەر خوگری و گونجان و پێوانەی بیر و ڕای خۆی و، بە گوێرەی ماوەی تەمەنی هەڵس و کەوتی لەگەڵ کێشەکاندا، ئاشنای فەلسەفەیە بەبێ ئەوەی خۆی لێی ئاگاداربێت. فەلسەفەی تۆ، لەوەدا کورت دەبێتەوەکە، "جیهان بۆتوێ چ واتایەکی هەیە،" فەلسەفەی تۆ، وەڵامی پرسیاری تۆیە کەلەخۆت ئەپرسی: ئەوەبۆچی فلان شت بەمجۆرەنیە و، بەوجۆرەیە؟ کەوایە، ئەزموونەکانی خۆتت تێکلاو کردوەو، لەگەڵ یەکا پەیوەندت داون و، لەسەرجەمیان بەرهەمێکی گشتیت پێکهێناوەو، پاشانیش لەگەڵ نەفسی خۆتا یان لەگەڵ دۆستێکدا بەمجۆرە فەلسەفەکەت دەرئەبڕی: هەموو شتەکان و، کێشەکانی جیهان بەم شێوەیە، کەمن بیریان لێ ئەکەمەوە پێکەوە پێوەند دراون و، چەرخی جیهانی، هەستیان پێ ئەگێڕدرێ. ئەمەیە جیهانێ کەمن ناسیومەو، ئەمەیە فەسەفەی من. بەڵام جیاوازی فەلسەفەی تۆ، لەگەڵ فەلسەفەی ئەوانەی کە بە "فەیلەسوفانی بەناوبانگ" ئەناسرێن، ئەوەیە کە ئەوان،

1. ئەزموونی هەرە زۆریان بۆقاڵب ڕێژی و، بینای فەلسەفەی خۆیان بەکارهێناوە. 2. پلەن و، بەرنامەکانی ئەوان زۆرتر بەڵگەدار و پەسەندکراوتر بووە، سەرەڕای ئەوەیش پلەنەکانی ئەوان بەئەقڵ ومەنتیقەوە پشتی بەستوە، هەربۆیە زۆرتریش ڕێگا ئەباتەنێو دڵان. 3. ئەوانبۆ پێوەند دانی زنجیرە ئەزموونەکانیان، زۆرتر دووربین و، پشکێنەربوون.

4. لەئەزموونەکانی پێشینیان و، باقی تری فەبلەسوفەکان، سوودیان وەرگرتوە. بۆیەفەلسەفەی ئەوان. ڕێك وپێك تر و بێ کەم و کووڕی ترو، پەسەندکراوترەو، دژایەتی لەنێوان کێشەو بابەتەکانیان کەمترە.

× کێشەکانی زۆرگرینگی فەلسەفە

لەدێرزەمانەوە تائێستا واتێ ئەگەم شوێنی خۆیەتی ئەگەر لێرەدا چاوێك بخشێنرێت بە بەرجەستەترین کپشە هەرە گرینگەکانی فەلسەفەدا کەهەر لە سەرەتای مێژووی مرۆڤەوە بیر و ئەندێشەی ئینسانیان بەخۆیانەوە خەریك کردوە بەتایبەت فەیلەسوفە ناودارەکان و، زانا پرمێشك و ئەندێشەکان. کەبۆ کەشف و شیکردنەوەی ئەم کێشانە چەندە زەحمەت و دەردەسەریان کێشاوەو، چەندە پێیەوە ماندوون./ ئەمکێشە سەرەکییانە بەمل ئەم 10 دەستەی خوارەوە دابەش ئەکرێن:

× کێشەی یەکەم_ چۆنیەت و، سروشتی جیهان

ئایا ئەم جیهانی ئافەرینشە_ە بەپێی فەرمانێکی ساتی ئاسمانی"کون فیکون" واتا: "دروست ببەو، ئەویش خێرا دروست بوو" پێك هات و، یان بەرهەمی ڕەوتێکی هەنگاو بە هەنگاوی هەلقولێن و، گەشەکردن و، پەرەسەندن و، کامل بوون_ە؟ ئەم دنیایە لە چ جۆرە مادە، یان مەوادێ، دروست بووە، ئاڵ و گۆڕێ کەبەسەر جیهاندا دێ، لەسەر کام بنچ و بناغەیەو، چۆنە؟

× کێشەی دووەم_ ئینسان (مرۆڤ)،

لەم جیهانەدا، چ جێگاو ڕێگایەکی هەیە؟ ئایا مرۆڤ ئەشرەڤ مەخلوقات و، تاجی سەری جیهانی، 1. ئافەرینش، دوایین ئامانجی جیهانی پێشکەوتوو، سوورەگوڵی سەرسینگی دنیای بەرەو تەکامڵ بوونە، یان خود زەڕڕیەکی کەمتر بایی پێ دراوی ئەم بۆشاییە بەرینەیە؟

ئایا جیهان گوێی لە من و تۆی مرۆڤ هەیە؟ یان لە بۆچوونەکانی جیهانی ئافەرینش دا، بەها و ئەرزشی ئێمەش لە زەڕەیەك خاك زیاتر نیە؟ 2. ئایا ئێمە "مرۆڤ" ئەتوانین بەئارەزووی خۆمان جیهان هەڵسووڕێنین؟ یان سەرەنجام جیهان ئێمە لەناو ئەبات و، بەسەر بەشەردا زاڵ ئەبێت؟

× کێشەی سێ یەم_خەیر و شەڕ (خاسی و خراپە نیك وبەد)، چین؟

بەڕاستی پێوانەو هەڵسەنگاندنی نیك و بەد (چاکە و خراپە) چی یە و، لەکوێ دەست ئەکەوێ؟ چاکە چلۆن لە خراپە جیا ئەکرێتەوە؟ ئایا پێوانەی هەڵسەنگاندن_ی خەیر و شەڕ_ی هێزێکی ئاسمانی بۆ هەتا هەتایە خولقاندوە، یان خود، خەیر و شەڕ بابەتێکی دروست کراوی_ زەین و مێشکی بەشەرە و بەپێی هەل و مەرجەکانی مەڵبەند و هەرێمو، خێڵ و نەتەوەو، فەرهەنگ و، داب و نەریت، ئەگۆڕدرێ؟ ئایا چاکە و خراپە تێکەڵ بە سروشتی ئەشیایە؟ یاکو شتێکە ئێمەی مرۆڤ پێکمان هێناوەو، هەر ئێمەشین کە ئەرکەکانی چاکە و خراپە دیاری ئەکەین؟

× کێشەی چوارەم_ خوا (خودا) کێ یە و، ماهیەتی چۆنە؟

ئایا خواوەند دروست بکەری "کەون و مەکان"و فرمان دەری زەمین و ئاسمانە و، شتێك وەك ئینسان وایە، یان، شتێك وەکوو، ئەرواح، یان زیاتر لە ئەرواحە؟ ئایا خواوەند توانای تاکە و، خاوەنی هەموو خەیر و چاکەیەکە و، سەرچاوەی هەموو دادێك و، هەمووی ئەو کارەساتانەی کە لە جیهانی مرۆڤایەتی دا ڕوو ئەدا، بە ویست و ئیرادەو، هەڵوێستی ئەو ئەکرێن، یان نا، توانا و دەست تێوەردانی_(موداخەلەی) خودا لە کارەساتەکانی ئینسان دا، کەمە و ئینسان خۆی بەرپرس و خاوەن ئیختیارە؟

× کێشەی پێنجەم _ جەبر و ئیختیار

ئایا چارەنووس لە کار و باری ئێمەدا (ئینسان) کاریگەری هەیە، یان ئیرادە و، هەڵوێست و کردەوەی خۆمان؟ ئایا ئینسام ئازاد خولقاوەو، خاوەنی کردار و ڕەفتاری خۆیەتی و، ئایا ئەتوانی بەبێ هیچ کۆسپ و پەرژینێك بۆ کرداری خۆی گلاڵە بگرێت، یان ژیان و کار و باری بە دەستی چارە نووس و، تەقدیر سپێردراوە، واتا لە سنووری توانای ئەوا(ئینسانا) تێپەڕیوە؟

ئایا هەرکام لە ئێمە ئەتوانین، ئەمڕۆ گلاڵە و پلەنی سبەینێمان دیاری بکەینو، بەئەنجامی بگەیەنین، یان هەر لە ڕۆژی ئەزەلەوە (سەرەتاوە)، چارەنووسمان بۆ دیاری کراوە (لەپێنووس دراوە)؟

× کێشەی شەشەم_ ڕۆح و هەتا هەتایی ڕۆح

ڕۆح چیە؟ لەسەر چ بناغە و بناوانێکە؟ ئایا شتێك بەناوی ڕۆح لە سروشتا هەیە؟ ئەگەر هەیە چۆنەو، وەکوو چی یە؟ ئایا ڕۆح هەتا هەتایی یەو، پاش مردن، لەناوچوونی لاشەی خاکی، بەژیانی خۆی درێژە ئەبەخشێ، یان، هەرکە لاشە مرد، ئەویش ئەمرێ؟ ئایا بۆ ئادەمیزاد ژیانی پاش مردن هەیە کە لەو ژیانەدا پاداشی چاکەو خراپەی پی بدرێتەوە، یان مەرگ_ی لاشە، خاڵی کۆتایی ڕستەی ژیانە؟

× **كێشەی حەوتەم_ پێوەندیەكانی ئینسان لەگەڵ دەوڵەت دا.**

ئایا دەوڵەت (حكومەت) دەستكردی ئینسانەو مرۆڤ بە ئیرادە و هەڵوێست و ئارەزووی خۆی پێكی دێنێت، تا لە خزمەتگوزاری گەل و میلەتابێت، یان نا، سەرچاوەی حكومەت لە ئاسمانەوەیەو، نێردراوی خودایە؟ ئایا سەرچاوەی حكومەتكاران ئەو خەڵكەیە كە ئەوان فەرمان ڕەوائیان بەسەردا ئەكەن، یان ئەو هێز و توانایە لەلایەن خوداوە، بە فەرمان ڕەواكان دراوە؟

پەیوەندی تاكە (فەرد) لەگەڵ دەوڵەت و، كومەڵگا(دا، چۆنە؟

ئایا خەڵك(مەردم، میلەت) ئەتوانن دژ بە فەرمان ڕەوایانیان، دەست بدەنە شۆرش و، ڕاپەڕین و، دەوڵەتێكی تازە پێكبێنن، یان ئەبێ تا هەتایە بەبێ چۆن و چرا، پێڕەوی لەو دەوڵەتەو، جێ نشینەكانی پشت لە دوای پشت بكەن؟ كام جۆرە دەوڵەت باشترەو، كامیان خراپە؟

× **كێشەی هەشتەم_ ئینسان و فەرهەنگ**

فەرهەنگ چیە؟ بۆچی ئێمە دام و دەزگایەكی فەرهەنگیمان بەناوی پەروەردە كردن و، بارهێنان، بەیەكەوە ناوە و، منداڵەكانمان بۆ خویندگاكان بەڕێ ئەكەین؟ چ لایەنێك ئەبێ "فەرهەنگ" بەڕێوەبەرێ (كونترۆڵی بكات)، دەوڵەت، یان خەڵك؟ ئایا ئامانجی فەرهەنگ ئەبێ ئەوەبێت كە خوێنەرەكان ئەبێ ئازاد بار بێن و پەروەردە بكرێن، یان بە پێچەوانەوە ئامانجی فەرهەنگ پەروەردە و بارهێنانێكی ئەوتۆبێت كە خوێنەرەكان كوێر كوێرانە لە خزمەتی دەوڵەت، حكومەت، یان فەرمانڕەوای زۆردار و چەوسێنەر و ستەمكار_دا هەبن؟

× **كێشەی نۆیەم_ (فكر و مادە(ئەندێشە، هزر، بیر×مادە)**

1. كام لەم دووانە (هزر یان مادە)، زاڵن بەسەر ئەوی تر دا؟ ئایا مادە دروستكراوی (خوڵقاوی) ئەندێشەی ئینسانە یان، ئەندێشە (فكر) خۆیشی جۆرێكە لە مادە؟ ئایا بیر و مێژك ئەتوانێ "سەربەخۆبێ" لە مادە بێت و زاڵ بێت بە سەریا، یان هەمیشە تێكلاوی مادەیەو، بەبێ مادە ناتوانێ بە ژیانی سەربەخۆیانەی خۆی درێژە بدات؟ ئایا ئەمە مادەیە كە سەرچاوەی هەموو شەڕ و شۆڕی جیهانە؟ ئەی چلۆن (چۆن)، بیر و ئەندێشە، ئەتوانێ دانیشتووی لاشە (مادە) بێت و، پاك و خاوێن بمێنێتەوە؟

مادده: وشەیەكی عەرەبیە هەرشتێك كە قەوارە و تاپۆیەكی هەبێت، ماددەی پێ دەگوترێ. وەزنی هەیە و بۆشایی یەك داگیر ئەكات.

× **كێشەی دەیەم _ خەیالات ە بیر و ڕاكان**

ئێمە خەیالاَت و بیر و ڕاكانمان لە كوێ وەر ئەگرین و، سەرچاوەیان لە كوێ یە؟ ئایا بیر و ڕاكانمان خەیالاَتەكانمان، وەكوو خۆماڵی ، هیَ بیر و دەروونی خۆمانن، یان، لەدەرەوە دێن ؟ و ... هتد؟

ئەمانەیە كێشە سەرەكیەگان ، كە هەر لە سەرەتای تاریخی مرۆڤەوە ، فەیلەسەفەكانی جیهانی بردۆتە ناوەرۆكی باس و گفتوگۆیەكی بێ پایانەوە كە تا ئێستاش هەر نەبڕاوەتەوە. باقی تری كێشەگان ، بە لق و پۆپی ئەوانە ئەژمێردرێن. كە وابوو با بەم ئاكام و نەتیجە بگەم كە بڵێم: فەلسەفە زانستێكە كە لەم كێشەو پرسیارانەوە لەم جۆرە ڕوانگەو بیر و ڕوانگانە بەراوردكاری ئەكات و، شتەكان ڕوون ئەكاتەوەو، وەلاَم_ی مەنتیقی، واتا ئەقڵ و زانست پەسەند، ئەداتەوە.

Canada;Van. 2002-Nov-12 ك . نیك ڕەفتار

## پەراوێزەكان

1. ڕێنە دێكارت 1650=1596 فیلەسوف بەناوبانگی فەرەنسە.
2. وێڕای ئەوەی كە زمانەوانیش وەك و هەموو بوونەوەرێكی تری ئەم جیهانە، بێوچان لەئاڵ و گۆڕدایەو، ساڵ بەساڵ بڕێ وشەی كۆن لەسەر زمان ئەكەوێ و، هەندێ وشەی تازە تر دێتە مەیدانەوە، نووسین و نووسەر لە دێر زەمان ، زۆر كەم بووە. كەوابوو تەنها تاقمێكی زۆركەم نووسیویانە بۆخۆیان و، جەماعەتێكی تری خوێنەواری وەكوو خۆیان تەنانەت "سوقراتی" گەورەترین فەیلەسوف و بنچینە داڕێژی فەلسەفە، بۆخۆی كتێبی نەنووسیوە. تەنها وتارەكانی بەهۆی ئەرەستوی شاگردی و، ئیفلاتوونی شاگردی ئەرەستوو كۆكراونەتەوە.لەمە زیاتر بەزمانێكی تایبەت نووسین، بۆئەوەی هەموو كەسیكی لێ تێ نەگات باو بووە. چەندەها خاوەن دانشیان سووتاندوە و ئاگریان داوە، تەنها لەبەر ئەوەی كە ویستوویانە، تەوڕات، ئینجیل، یان قورئان وەرگێڕنەوە سەر زمانەكانی تر تاهەمووان لێی حاڵی بن. تاریخی سەدەكانی تاریكی ئوروپا بەدرێژایی لەم بابەتانەوە دوواوە.
3. قالب یان شێوازێك *Pattern Model* كە كێشە فەلسەفیەكانی تێدا گونجاوە.

4. سەدەها ساڵ بوو کە زۆربەی موئمینان ـی پەیرەوی ئائینە تەوحیدیەکان (ئەوانەی کە بیر و باوەڕیان بە خودایەکی بێشەریک هەیە، وەکوو،کەلیمیەکان، مەسیحیەکان و،موسوڵمانەکان). بەگوێرەی کتیبە خاوپنەکانیان، بڕوایان بەمە هەبوو کە: هەمووی ئەو ئەستێرانەی فەزای (بۆشایی) بێسنوور، تەنها بەخاتری ڕۆشن کردنی شەوو ڕۆژی"ئینسان" دروست کراون. با سەرنج بدەینە دەقی کەلامەکە:"...خودا گوتی با ئەو ڕووناکیانە لە فەلەکی ئاسمانەوەبن، تابەزەمین ڕووناکی ببەخشن، ئەم فەرمانە جێ بەجێ بوو. (تەورات، سەفەری ئافەرینش باب=ی یەکەم 15 و 16). قورئان تۆزێك دەستکاری ئەوەی تەوراتی کردوەو، ئەڵێ: "چراکانی ئەستێرەکانی بۆ ڕێنموونی ئینسان لە تاریکی بیابات و دەریا هەڵکرد". (قورئان سوورەی ئەنعام ئایەی 97 سوورەی یۆنس ئایەی 5، ئەنبیا33 ، فصلت37، ملك 5).

ئەمرۆ. دەستکەوتەکانی جیهانی زانست، ڕوونی کردۆتەوە کە ئەم هەتاو و، مانگ و ئەستێرانە، میلیاردەهاساڵ، وە ئەم گیان لەبەر و دار و درەخت و، دەوەنانە، ملیۆنەها ساڵ پێش لە پەیدابوونی ئینسان لە ڕووی زەمین، مەوجوود بوون. ئیتر چۆن ئەکرێ ئەمە بە خۆمان بسەلمێنین کە هەموو شتێکی جیهان لە پێناوی ئینسان=دایە؟!

ئەوەی ڕاستی بێت ئەوەیە کە ئینسان دواترین خولقاوی ئەم جیهانەیە.

20 ساڵ لەمەو پێش "کارل ساگان" *Carl Sagan*، پرۆفیسوری بەناوبانگی علوومی فەزایی زانکۆی کۆرنیلی ئەمریکا، بۆسادە کردنەوەی تەمەنی ئینسان و، باقی مەوجووداتی تری جیهان و، بەرئاورد کردنیان لە گەڵ یەکا، گوزارشێکی ڕاگەیاند: "ئەگەر تەمەنی کائینات یەکساڵ فەرز بگرین 356 ڕۆژ یەکەمین ئینسان لە سەعاتی 22 و 30 دەقیقەی ڕۆژی ئاخری مانگی دووازدەهەم (365مین ڕۆژ)، لە دایك بووە. بەم پێیە، یەکەمین شارستانیەتی (تەمەدون)، لە سەعاتی23 و 59 و 20 سانیە هەڵقوڵیوە. کە وابوو ئائینەکانی یەکتا پەرستی سێ کوچکە (یەهودی، مەسیحی، ئیسلام)، لەسەعاتەکانی 23 و 59 دەقیقەو 54 و 55 و65 سانیە دا، هاتوونەتەمەیدانەوە.

ئێستا ئێمە لەم سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا (2002)، لە سانیەی 59ی سەعاتی بیست و چوارەمی ئاخرین ڕۆژی مانگی دوازدەهەم دا دەژین.

5. ئاماژە، خەیام لەم چوار خشتەکیەدا، بەم بابەتەیە:

قەترێو ئاوی بێ ، مجیانە دەریا

یەك زەرە خاك بێ ، تیکەڵ ئەرز کریا

ئاما و لوای تۆ چی دنیا چێشا

مەشێوە ئاماو، دەموو دەس بریا

ئەمەیش دەقی فارسیەکەی:

يك قطره آب بود با دريا شد

يك ذره خاك با زمين يكتا شد

آمدن و شدن تو ازاين عالم چيست

آمد مگسی پديد و نا پيداشد.

6. مادە ووشەیەکی عەرەبی یە بە واتای بنچینە و ڕەگ و ڕیشەی هەر شتێ کە بە هەستەکانی پینجگانە، هەستی پێ بکرێ. زانستی فیزیا بەمجۆرە پێناسەی مادە ڕا ئەگەیەنێ: "هەرشتێك کە قەوارە و تاپۆیەکی هەبێت ( دارای بارسایی بێت) و وەزنی هەبێتو، بۆشایی یەك داگیر بکات.

× پاشماوەی هەیە

## کەیۆمەرسی نیک ڕەفتار

### منالەکان

گشت بە یەك دەنگ

هاوار بکەن

هەستنە سەر پێ لە ماموٚستا

پییان بلێن :

ئێوەن چرای شەوە زەنگی

ئەم میللەتە

گەر ڕاست نەبن لە ڕێتانا

ئێوە ئەبن بەو پەتەی وا

لە گەردنی ئێمە ئەخرێ!

نەفرەتی مێژوو بەرۆکی

گەورەو بچووکتان گشت ئەکرێ.

حەمەی حاجی عەبدوڵا

خاڵە حەمە

سلیمانی 1984

# کەسایەتی تاك
# لە خێزانی نەریتی و مۆدێرندا



مەهاباد قەرەداغی

**دەروازە:**

"تاك" بناغە دانەری "کۆمەڵ:"ە، و کۆمەڵگەش لە شێوەگرتنی کەسایەتی تاکدا ڕۆڵ دەبینی، خۆناسینی تاك بڕیاردەرە و لە چۆنیەتی دروستبوونی ستروکتوری کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگە یەکی دنیا. دووجۆر کۆمەڵگە شایانی لێ وردبوونەوە و بەراورد کردنن لە ڕووی بنیاتی پەیوەندیە کانیاندا، کۆمەڵگەی نەریتی(ترادسیۆن) و کۆمەڵگەی نوێی (مودیرن).

لە کۆمەڵگەی نەریتی دا کۆمەڵگە ناوەندە، بڕیاردەرە، کاریگەرە، بینراوە و ناسراوە، بەڵام ڕۆڵی تاك بە پێچەوانەوەیە. لە کۆمەڵگەی نوێدا تاك ناوەندە، بڕیاردەرە، کاریگەرە، کارتێکەرە و سەرە کیە، ڕۆڵی گۆمەڵگەش لاوەکیە. یەکێك لە فاکتەرە گرینگەکانی ونبوونی ڕۆڵی تاك لە کۆمەڵگەی نەریتیدا فاکتەری ئابووریە.پرۆسەی تاکگرێتی لەکۆمەڵگەی نوێدا لە دەسپێکی شۆرشی پیشە سازیەوە دەستی پێکرد و بەردەوامە و لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیادا زیاتر دەچەسپێ، لەگەڵ هەر هەنگاوێکی بەرەو پێشەوەی پرۆسەی گلۆبالیزەشدا ڕۆڵی تاك لە کۆمەڵگەی نوێدا زیاتر دەکەوێتە چەق و کۆمەڵگە زیاتر دەکەوێتە پەراوێزەوە.

لەکۆمەڵگەی نەریتیدا دیدەکان ئاڕاستەی کۆمەڵن. بۆیە تاك هێندەی بەدوای ناسنامەی "خێڵ" و "هۆز" و "تایەفە"و "کۆمەڵە" کەیەوەیە، بە دوای ناسنامەی "خۆی" ە وە نیە وەك تاکێك، "من" لەناو "ئێمە"دا دەتوێتەوە. سەرکەوتن و ژێرکەوتن، شانازی و شەرمندەیی، چاك و خراپ، لە ئەستۆی تاك نیە و بۆتاك ناگەرێتەوە. کۆمەڵ ئامرازە و تاك ئامرازی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەیە. لەو جۆرە کۆمەڵگەیەدا، سیستەمی ئابووری و سیاسی دەوڵەت و دامەزراوەکان بە بەرنامەوە کار بۆ بزر بوونی ڕۆڵی تاك دەکەن.

لە کۆمەڵگەی نوێدا هەر لە سەرەتاکانی تەمەنەوە، مرۆڤ هەوڵی دۆزینەوەی "من" دەدات. چونکە دیدەکان ئاڕاستەی تاکن و ناسنامەی تاك سەنتەرە. خۆناسین و خۆ سەلماندنی تاك دەبێتە ئامانج، کۆمەڵ و یاسا و دامەزاوەکان، یارمەتی دەری تاکن بۆیە بەدیهاتنی ئەو ئامانجە. بەهەمان شێوەش ڕۆڵی "خێزان" لەهەر دوو جۆری کۆمەڵگەدا دەستنیشان دەکرێت. لە کۆمەڵگەی نەریتیدا خێزانی ناوك (بەمانای خێزانی گەورە کەلە سێ نەوە پێکهاتبێ باپیرە، داپیرە و منداڵەکانیان و منداڵزا کانیان )، هێشتاش برەوی هەیە. خێزان و ناو و ناوبانگی خێزان مەبەست و ئامانجە. تاك بەبێ خێزان و خزم بێ پشت و پەنایە و خۆی لەبەردەم هەرەشە و مەترسیدا دەبینێتەوە. بۆیە ئاڕاستەی هەموو هەوڵەکانی بۆ خێزان و ناساندنی خێزان و بەهێز کردنی بناغەکانی ئەو خێزانەیە.ناسنامەی خێزانی ناوك دەکەوێتە پیش ناسنامەی هەر ئەندامێکی ئەو خێزانەوە.

لەکۆمەڵگەی مودیڕندا بەپێچەوانەی خێزانی ناوك ئەو پیرۆزیە سیمبۆلیەی لەدەست داوە و لە ئارادا نەماوە . خێزانی ئاساییش تادێ کەمتر ئارەزووی لێدەکرێ "تاك" لەپێناوی هەرچی زیاتر ڕەهاکردنی خۆیدا خۆی لەهەموو جۆرێکی پەیوەندی کۆتئامێزی یاسای نێوان خۆی و ئەوی تر دەپارێزێ. تاك خۆی لەبەر هێرش و مەترسیدا نابینێتەوە لەبەر ئەوەی تەنیایە، بە پێچەوانەوە بە پەیوەندیە بەستراوەکانەوە خۆی سنوور دار و بێدەستەڵات تر دەبینێ لەوەی تەنیا بێت و بە تەواوی ئازادیەوە بڕیار بدات. بۆیە لەکۆمەڵگەی مودیڕندا پێویستی مرۆڤ بە خێزانی ناوك نەماوە و بەخێزانی ئاسایی کەم بووەتەوە.

بۆ ئەوەی مەسەلەی دروست بوونی کەسایەتی تاك لە خێزان و کۆمەڵگەدا بورووژێنم هەوڵ دە دەم ئەم چەند پرسیارە بگەڕێم و بەدیدێکی کۆمەڵ_ دەروونناسیان هەڵیان سەنگێنم.

× کەسایەتی چۆن شێوە دەگرێت؟ خێزان لەشێوە گرتنی ئەوگەسایەتیەدا چیە؟

× ژن و پیاو چۆن کار لەیەکتر دەکەن بۆبناغە دانانێکی دروست و دیموکراسیانەی خێزان؟

**× پەیوەندیەکانی خێزانی نویٚ له چ ئاستێکدایه و گۆڕانکاریەکان چەند له بەرژەوەندی کەسایەتی ژن و پیاو و منالّی کوردن؟**

**1. کەسایەتی تاك و خێزان و کۆمەڵ:**

که باس له خێزان دەکرێت ، وێنەی ئەو یەکە کۆمەڵایەتیە دێتە پێشچاو که بناغەی دامەزراوێکی گرینگی پێکەوەناوە. لەم دامەزراوەدا له دووکەس زیاتر دەژین و پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵدا دەکەن.

کاتیٚ ئەم دامەزراوە کۆمەڵایەتیە پەیوەندی بەجیهانی دەرەوەی خۆیەوە دەکا کەسایەتی خێزانە که بەکۆمەڵ دەناسێنی و ئاستی ئەو پەیوەندیەش بەندە بە ئاستی پەیوەندیەکانی ناوخۆی خیزانەوە، پەیوەندیەکی ئاست بەرز و توند و تۆڵی خێزانیك لەناو خۆیدا دەبیتە هۆی دروست بوونی پەیدەندیەکی لەهەمان ئاستدا لەگەڵ کۆمەڵدا، پێچەوانەی ئەمەش لێك هەڵترازان و هەڵوەشاوەیی پەیوەندیەکانی ئندامەکانی خێزانێك دەبێتە هۆی سستی و بێئاستی پەیوەندییە کانیان لەگەڵ جیهانی دەرەوەی خۆیان.

کەسایەتی ئەوکاتەی که "خێزان" و "کۆمەڵگە" پێکدەهێنن بڕیاردەرە لەوەی پەیوەندیەکانی نێو ئەو خێزان و کۆمەڵگەیە بەچ شێوەیەك شێوە دەگرن. کەسایەتی کاتیش بۆخۆی بەرهەمی خێزان و کۆمەڵگەیە. چونکە پیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانن که شێوە دەدەنە کەسایەتی مرۆڤ . کەسا یەتی تاك و خێزان و کۆمەڵگە کار لەیەکتر دەکەن و کارتێکراوی یەکتر دەبن. یان ڕوونتر بڵێم له بەرهەم هێنانەوەیەکی بەردەوامی یەکتردا چالاکی دەنوێنن. تاك هەتا ناسنامەیەکی بۆخۆی پێك نەهێنابیٚ، ناتوانیٚ کاریگەری پۆزەتیڤی هەبیٚ بۆسەر خێزان و کۆمەڵگە و، دروستکردنی ناسنامەی خێزان و له کۆمەڵگەشدا پاسیڤ دەبیٚ. ناسنامەی تاك لەم پەیودندیەدا گرینگە وجێی بایەخە.

کەسایەتی ئارام و کەسایەتی نا ئارام، یان سەروەر و هەڵەشە، لەگەڵ هێمن و بیر کەرەوە، کەسایەتی جێگیر یان ناجێگیر، سەربەخۆ یان، وابەستە، کۆمەڵایەنی یان گۆشەگیر، هتد، ئەمانە گشتیان کردەی دەستی ئەو کەسانەن کەبە کاری پەروەردەکردنی ئەو کاتانە هەلساون. له ناو ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتیە دا ئەندامەکان کارگەریەکی زۆریان بۆسەر یەکتری هەیە و له ئەنجامی ئەو کارگەریەشدا کەسایەتی تاکەکانی ئەوخێزانە جێگیر دەبێت و شێوەو ئاستێکی دیاری کراو دەگرێتەخۆی.

بەڵگە نەویستە، که دایك و باوك، یەکەم ئامۆژگان که بەڕاوێژی یەکتری بەکاری پەروەردە کردن هەڵدەستن و یەکەمین جووتەکەسن که منداڵ له ئامۆژگە کەیاندا فێردەکری و چۆنیەتی هەڵس و کەوتەکانی پیٚ دەناسریٚ. دایك و باوك یەکەمین بەرپرسیارن تلبرامبەر بەڕەفتار و گوتاری منداڵ و ئەوان دەتوانن له منداڵێکی بچووك به پەروەردە کردنێکی زانستی و دروست کەسایەتیە کی ئەکتیڤ پۆزەتیڤ،یان پەروەردە کردنێکی نا زامستیانە و نادروست کەسایەتیەکی پاسیڤ و نیگەتیڤ دروست بکەن.

بێگومان ئەرکی دایك و باوك بەرامبەر بەو بوونەوەرە وردانەی دەیانهێننە دنیاوە تەنها دابین کردنی پێویستی خۆراك و جل و بەرگ و پێویستیە ڕەمەکیە کان نیە، بەڵکو ئەوە بەشێکە له ئەرکە کانی دایکایەتی و باوکایەتی، بەشێکی گرینگی تری ئەو ئەرکانە دابینکردنی پێداویستیە دەروونیە کانی منداڵە لەڕێگەی ناسینی دەروونی منداڵکە و قووڵ بوونەوە له کێشە ڕۆحیەکانی منداڵ له تەمەنی ساوایەتی و منداڵێتی و قۆناغ و تەمەنی قوتابخانە و هەرزەکاری.

ناسینی دەروونی منداڵ واتە هەنگاونان بەرەو جیهانی ناوەوەی ئەو و نزیکبوونوە لێی و هەست کردنی ئەویش به دڵنیایی و ئاسایش، که ئەو جۆرە منداڵانیش توخمی بەئەرك و وریایان لێدەر دەجێت و هۆیان دەبێت بۆشانازی کردن له ئەنجامی ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتیە گرینگانەی که ئەنجامی دەدەن.

له ئامۆژگای دایك و باوکدا بناغەی کارەکتەری منالْ دروست دەبێت و وردە وردە سەقامگیر دەبێت. فرۆید پپی وایە تان و پۆی کەسایەتی منداڵ له تەمەنی چوارساڵیدا دروست دەبێت. کەواتە ڕۆڵی دایك و باوك لەو تەمەنەدا کاری گەری ئیجگار گرینگی هەیە بۆ جۆری دروست بوونە و میتۆدی ئەو پەروەردە کردنەی که ئەوان پێی هەڵساون و پیادەیانکردوە، کارەکتەری ئەو منداڵەی خولقاندوە. بیگومان کەسەکانی خێزانێك بەشێوەیەکی گشتی کار لەیەکتری دە کەن، وەك چۆن دایك و باوك کار له منداڵ دەکەن ئاواش منداڵەکان کار له دایك و باوکان و منداڵەکان کار له یەکتری و کۆمەڵ کار له هەمووان و هەموان کار له کۆمەڵ دەکەن. مەبەستمە بڵێم له کۆمەڵدا هەموان کار له هەموان دەکەن.


له تیۆردا زۆرجار باسی دایك و باوکی ئایدیال دەکریٚ، ئەو ڕەفتارانەی که کراونەتە کردار و پێناسەی ئەو جۆرە دایك و باوکە نموونەیە له سەر زەمینی واقیعدا پڕاکتیزە کردنی سەخت دەبێت، هۆی ئەمەش دە گەڕێنمەوە بۆ کەسایەتی جیاوازی کەسەکانی جیاوازی ناو خێزانێك، جۆری بیر کردنەوەی جیاوازی هەر یەکەیان، ئەندامانی هەر خێزانێك، ئەگەر چی له هەمان ژینگەدا نەشونما دەکەن و کاریگەریشیان هەیە، بەڵام له هەندیٚ خاڵی بنەڕەتیدا که له کەسایەتیەکاندا دەچەسپیٚ، جیاوازی بەدی دەکرێت و ئەمەش بۆ سروشتی مرۆڤ ئاساییە.

پاشماوەی هەیە

ئەم وتارە ساڵی 1997 بە سویدی بڵاوم کردوەتەوە, لەبەر گرنگی بابەتەکە, بەدەستکاریەوە وەرمگێراوەتەوە بۆ کوردی

# گرنگی ڕۆڵی بەخێوکەر لەسەر دیاری کردنی
# کەسایەتی منداڵ

قادر شەریف



ئەرکی بەخێوکەری منداڵ تەنها بریتی نیە لە دابین کردنی بژێو و شوێنی ژیان, بەڵکو ئەو ئەرکە مسۆگەر کردنی کەشێکی لەباریشە بۆ گەشەی ئاسایی ژیانی منداڵەکە. یەکێك لە پێویستیە بنەڕەتیەکانی کەشێکی شیاو ولەبار, بوونی گەورەی نموونەیی وریێچکەشکێنە بۆ ژیانی منداڵەکە.

شارەزایان ڕۆڵی گەورەی نموونەیی و ژێچکە شکێن لە دیاری کردنی کەسایەتی ئایندەی منداڵدا زۆر بەرز دەنرخێنن, لە کاتی ئاساییدا دایك وباوك ئەو ڕۆڵە دەگرنە ئەستۆ , منداڵ هەمیشە هەوڵدەدات کە لاسایی ئەوان بکاتەوە.بۆیە پێویستە لە سەر دایك و باوك ئەو ئەرکە بەباشی لە ئەستۆ بگرن ,و هەوڵبدەن نموونەیەکی باش و بەسوودبن بۆ منداڵەکانیان.بەڵام وا ژوەدات لەبەر سەرقاڵی دایك وباوك کەسێکی تر لەدەوروبەری منداڵەکە وەك (داپیرە، باپیرە، پوور، مام، خاڵ، دراوسێ یا مامۆستا) ئەرکەکە بەباشی لەئەستۆی خۆی بگرێت.گرنگترین ئەرکی بەخێوەر وەك گەورەی نموونەیی لەژیانی منداڵەکەیدا, بەخشینی بەرزترین ڕێژەی هەست کردنە بە چێژی ژیان, بۆ یارمەتی دانی لەژەوتی ئاسایی گەشەکردندا.

بۆ ئەوەی بەخێوکەر بتوانێت ئەو هەستەبەمنداڵەکەی ببەخشیت, دەبێت خۆی خاوەنی ژێژەیەکی بەرز بێت لەوچێژ وەرگرتنەدا. ڕێژەی هەست بەچێژی ژیان بریتیە لە ئەنجامی پرۆسەیەکی ماتماتیکی لە لێکدانی سێ لێکدراو: ئەرك، کەرەسە، ئەندامێتی

× کۆمەڵگا: ئێدگار بۆرگنهامەر / لارس فێلبێرگ.

ئەم سێ فاکتەرەش بریتین لە:

1. ئەرك: ئەرکێکی بەسوود لەکۆمەڵدا وەك کار, خوێندن, لێکۆڵینەوە, نوسین, کاری هونەری یا سیاسی هتد..
2. کەرەسە: مووچە, داهات و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان.
3. ئەندامێتی کۆمەڵگا: خۆ بەئەندامی کۆمەڵگا زانین , کار کردن لەو چوارچێوەیەدا و هەروەها ماف ئەندامێتی کۆمەڵگایشی پێ ڕەوا بینرابێت. لاوازی و بەهێزیی هەر یەکێك لەو سێ فاکتەرە بەشێوەیەکی دیار، ڕۆڵ دەگێرێ لەسەر دیاریکردنی ئەنجامی پرۆسەکە, ئەویش ڕێژەی هەست بە چێژی ژیانە، ئاشکرایشە

نرخی هەر یەکێك لەو فاکتەرانە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، بەم پێیە ئەنجامی پرۆسەکەیش هەر جیاواز دەبێت, بۆیە بە ئاسانی هەست بە جیاوازی لە ڕێژەی هەست بە چێژی ژیان لەلای مرۆڤە جیاوازەکان دەکرێت. ئەگەر بەخێوکەرێك ئەو هەستەی زۆر نزم بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە ناتوانێت ڕۆڵی گەورەی نموونەیی بۆ منداڵەکەی خۆی وەك پێویست لەئەستۆ بگرێت، منداڵەکەش بۆ پڕکردنەوەی ئەوکەلێنە, لەپلەی یەکەمدا پەنا دەباتە بەر کەسانی نزیکی خۆی وەك لەسەرەتادا ئاماژەمان پێکرد. خۆ ئەگەر لە نزیکی خۆی کەسێکی شیاو پەیدا نەبوو, ئەوا منداڵەکە ڕێگەی دەکەوێتە لای کەسانێکی ناشیاو، بەم جۆرە ڕەوەو هەڵدێری ژیان پێی هەڵدەخلیسێت، باجی ئەم کارەیش لەسەر ئایندەی منداڵەکە زۆرگران دەکەوێت بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکی خۆی تێدابێت. بەپێچەوانەوە ئەو بەخێوکەرانەی گرنگی بەم لایەنە دەدەن وخۆیان بەرێژەیەکی بەرز لەهەست بە چێژی ژیان کردن تەیار دەکەن بەدڵنیاییەوە دەتوانن ببنە گەورەی نموونەیی و ژێچکە شکێنی منداڵەکەیان و ڕۆڵی کاریگەری خۆیان لەسەر دیاری کردنی کەسایەتی پاشەڕۆژی ئەوان بگێڕن. وە لە بری ڕێگە چارە گەڕان بۆ گیروگرفتەکان کە دەکرا نەبن، دەتوانن بەئاسوودەیی بیر لە ڕێگای یارمەتیدانی باشتری منداڵەکەیان لەبوارە جیاوازەکانی تری ژیانیدا بکەنەوە، وەك ژیانی قووتابخانە.

بۆ پێشخستنی توانای منداڵ لە قووتابخانەدا، پێویستە لەسەر بەخێوکەر:

× گفتووگۆی بەردەوام لەگەڵ منداڵەکە بکات:

پرسیار کردن سەبارەت بە قووتابخانە, چی خوێندوە، چی فێربووە. چاکتر وایە ئەم کارە پاش حەواندنەوە ئەنجام بدرێت. گرنگی دانی بەخێوکەر بە قووتابخانە لەسەر تێ ڕوانینی منداڵەکە لەوبارەیەوە ڕەنگ دەداتەوە.

× یارمەتی منداڵ لەڕێکخستنی کارەکانی قووتابخانەیدا بدات:

هەمیشە پرسیار لەبارەی ئەرکی ماڵەوە یا تاقیکردنەوە بکات,

یارمەتیدان بۆ دابەش کردنی کاتەکان بۆ پیاگەیشتن کارێکی پێویستە.

× <u>یارمەتی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا بدات:</u>

لەڕوونکردنەوەی پرسیارەکاندا یارمەتی بدات، بەڵام لێگەڕێت بامنداڵەکە خۆی ئەرکەکانی ئەنجام بدات ئەگەر کاتی زیاتریش بەرێت, بەم کارە هەستی لێپرسینەوەی زیاتر دەبێت.

× <u>سەبارەت بەئەزموونەکانی خۆت بدوێ:</u>

ئاستی وەرگرتن و تێگەیشتنی منداڵەکە بەرزتر بکەرەوە بە باسکردن لە ئەزموونەکانی ڕابووردوی خۆت.

× <u>لەگەڵیا بخوێنەرەوە, بنوسە, و بژمێرە:</u>

خوێندنەوە باشترین ڕێگای فێربوونە, هەمیشە کتێب لەماڵدا هەبێت و بۆی بخوێنەرەوە, سەردانی کتێبخانە گشتیەکان زۆر پێویستە. داوا بکەن لە منداڵ با بەشداری هەندێ ژماردنی سادە بکات وەك: ژماردنی کەوچك, چەتاڵ, قاپ یا ژمارەی پێپلیکانەکانی ناو ماڵ.

× <u>گرنگی بەچالاکی پاش قووتابخانە بدە:</u>

بەلێکۆڵینەوە سەلمێنراوە ئەو منداڵەی گرنگی بەچالاکی پاش قووتابخانەی دراوە، سەرکەوتووتر بووە بە بەراوورد لەگەڵ هاوتەمەنەکانی لە پۆلدا, منداڵ تامەزرۆی دیتنی هەست بەبوونی خۆیەتی لای دایك و باوك (پێداویستی بوونی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بناغەی سروشتی مرۆڤە, بوونی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەنێوان مرۆڤەکاندا بەردەوامی دەدات بەهەستی هاودەردی کردنیان بەیەکتر. مرۆڤەکان دەتوانن لە ڕەوەندی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی نێوانیاندا مرۆڤبن. مرۆڤ بۆ ئەوە بتوانێ ببینێت, دەبێت خۆی بینراوبێت, بۆ ئەوەی گوێ بگرێت, دەبێت گوێی لێبگیرێت, مرۆڤ بۆ ووتوێژ پێویستی بە مرۆڤی دیکە هەیە, بۆ ئەوەی کەسانی تری خۆش بوێت, دەبێت خۆی خۆشەویست بێت. مرۆڤی بێ پەیوەندی بێ کەسایەتیە). ئێدگار= بۆرگنهامەر / لارس = فێلبێرگ.

× <u>لەگەڵی بگونجێ:</u>

منداڵ پێویستی بەئازادی تەواو هەیەو پێویستیشی بە نزیکی لەگەڵ گەورەکانیدا هەیە, بۆ ئەم کارەش لەگەڵی پێك بێ، پێکەوە بۆ تەماشای بەرنامەی تەلەفزیۆن دانیشتن و دەربڕینی تێبینیەکانی خۆت کارێکی بەسوود دەبێت, و یارمەتی منداڵ دەدات بۆ ئاشنا بوون بە تێڕوانینی گەورەکان.

× <u>دەریبخە کە ئایندەی منداڵەکەت لا گرنگە:</u>

چۆنیەتی ڕەوتی ژیانی منداڵ, دەردیسەریی هەر دایك و باوکێکە، گفتووگۆ سەبارەت بە ئایندەی خۆی لەگەڵیدا بکە, پەیوەندی گرتن لەگەڵ قووتابخانەو ڕابەری پۆلی لە دیاری کردن و زوو چارەسەر کردنی خاڵە لاوازەکانی منداڵەکە یارمەتیت دەدات .

لە کۆتایدا دەبێت باش بزانین, منداڵ ئەوە دەکات کە ئێمە دەیکەین نەك ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین بیکات.

<u>سەرچاوەکان:</u>

1. ( ئێدگار بۆرگنهامەر / لارس فێلبێرگ) بێ ترس بە لە سەرپەرشتیدا. سویدی

2. نامیلکەی قووتابخانە و ماڵەوە. سویدی

---

## چرەی سەرما

نیوە شەوێك
ناڵە ناڵی خونچەێکی نیوکراوە
هەژاندمی و
پوورەی خەوم لێ ورووژا
جەستەی چرەی سەرمای تیا بوو
لە ئاوێنەی ناڵەکەیدا
تۆم ئەبینی تاقانەکەم
ڕەوەی سەرما
سەریان نابوو بە تەواوی شوشەکانی
دەلاقەی نێو ژورەکەتۆ و
کوورە سەگی پاسەوانیش
دڵنیاتر لەتۆی ساوا لە خەودابوو
ژوورت پڕ بوو لە تەنیایی و
لەباخەڵی بێ کەسیدا ڕاکشابووی.
هەرچاوشین و قژکاڵێکی چەندە شیرین
کە دێتە سەر جێ عنوانی چاوەکانم
داتای بیرم
دەمباتەسەر پەڕەکەی تۆ و
هەزار وێنەی بێ تەنیایی و
سەدان چۆمی پڕ قەڵبەزە و
تاڤگەی قاقاوپێکەنینمان
لەکوێستانی بەهاراوی ڕابردوودا
ئەدرکێنێ
نەشلەژێی کانیاوە بچکۆلەکەم
باتێرسەیری سیمای ساوای خۆمت تیاکەم
من نامەوێ ئەمجارەیان
بەر مەمکانەی کەینەت بم و
بە ڕەوڕەوەی کوێرەوەری پێ هەڵگرم
ئەبێ هەڵچی وەك ئاواتم
ڕوون بی و بێگەرد
وەك هەستی خۆت

**ڕەسوڵ سەفەریانی**

# دیاردەی منداڵزۆری و دوروست بوونی کێشەی خێزانی

مستەفا گەرمیانی

یەکێك لەو کێشە گرینگ و سەرنج ڕاکێشانەی کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هەیە، بریتیە لە کێشەی منداڵزۆری. کە گرفتێکی کۆمەڵایەتی ئەوپەڕی مەترسیدارە, بەتایبەتی ئەگەر لە تێڕوانینی دواڕۆژەوە سەیری بکەین و بە ر پرسیارانە بڕوانینە دواڕۆژی کۆمەڵگەی کوردستان لە ساڵی دووهەزاردا دەبێتە کۆمەڵگەیەکی زۆر و بۆر لە جیاتی کۆمەڵگەیەکی پوخت و سودبەخش و تەندروست. کومەڵگەی کوردستان تاکوو ئێستاش پێکهاتەی خێزان تیایدا لە ڕووی ژمارەوە تەنانەت لە ڕووی ژیانەوە وەکو ساڵەکانی پەنجاکانە. لە ڕاستیدا خێزانی گەورە دیاردەیەکی قۆناغی دەرەبەگایەتیە لە کوردوستاندا. چونکە ئامرازەکانی کار و شێوەکانی بەرهەمهێنان وای پێویست دەکرد کە ماڵە جووتیارێك تاکو ژمارەی ئەندامەکانی زیاتر بن، کارەکەیان ئاسانتر دەبێتەوە بێگومان ئەو سەردەمە 70 ٪ و زیاتریش لە خەڵکی کوردستان لەگوندەکان دەژیان و خەریکی کاری جوتیاری و ئاژەڵ بەخێو کردن بوون، ئەوسا تەنانەت دیاردەی فرەژنیش باو بووە کە ئەویش لە پێناوی منداڵ زۆری بووە، جیاوازی نێوان ڕەگەزی ژن و پیاو خۆی هۆکارێکی تربووە بۆ دیاردەی منداڵزۆری، هەندێ جار لە پێناوی بەدەستهێنانی کوڕێکدا حەوت کچیان بووە! هۆکارێکی تریش بۆ دیاردەی منداڵزۆری لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ نا دڵنیایی دایك و باوکانی کورد لەچارەنووسی منداڵەکانیان بەتایبەتی ژیانی کوڕەکانیان کە لە ئەنجامی شەڕ و بەردەوام بوونی شۆڕشی ڕزگاریخوازیەوە هەمووکاتێ لە مەترسیدا بووە، هەروەها نالەباری شێوەی گوزەران و باری تەندروستی کە بۆتە هۆی مردنی زۆری منداڵان لە کوردستاندا هۆکارێکی ترە بۆ دیاردەی منداڵزۆری و دروستبوونی کێشەی خێزانی و قووڵبوونەوەی کێشە کۆمەڵایەتیەکان.

شایانی باسە کە ئاین هۆکارێکی ترە بۆ دیاردەی منداڵزۆری، هەموو شێوازەکانی لە منداڵبوون وەکو کەبسوول و کۆندۆم و ئای یودی .. و هتد. بەگۆیرەی یاسای ئاین قەدەغەیە! لێرەوە دەمەوێ بچمە سەر باسی شیکردنەوەی دەروون ناسی و کۆمەڵناسی ئەم دیاردەیە و چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵان لە خێزانی نوێی کوردەواریدا. ئاشکرایە کە کەم و زۆری ژمارەی منداڵەکان لە خێزاندا کاردەکاتەسەر چۆنیەتی پەروەردەکردنیان، بۆ وێنە دوو خێزان، یەکەمیان پێنج منداڵ و دوەمیان دوو منداڵی هەبێ، دیارە خێزانە بچکۆلەکە لە ڕووی گوزەران و باری ئابووریەوە باریان لە خێزانە گەورەکە سووکتر دەبێت ئەگەر هەمان داهاتی ساڵانەیان هەبێ، هەر وەها دایکوو باوکی ناو خێزانە بچکۆلەکە کاتیان بۆ پەروەردە کردنی منداڵەکانیان دوو ئەوەندە و نیوی خێزانە گەورەکە دەبێ ئەگەر وەکو دایك و باوکێکی پێشکەوتووخواز بە چاوی یەکسانیەوە واتە بێ جیاوازی ڕەگەزی، منداڵەکانیان پەروەردە بکەن.

پێش ئەوەی باسی شێوەی پەروەردە کردنی منداڵان بکەم بە پێویستی دەزانم بڕێك شێوەی پەروەردە بوونی دایك و باوکانی ئەم سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردەواری بخەمە ڕوو، چونکی دایك و باوکایەتی کارێکی زۆر پیرۆزە و هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ تەنیا منداڵ دروست کردن بێت، دایکان و باوکانی ئێستا لە کۆمەڵگەیەکدا پەروەردە بوون کە 70٪ ی نەخوێندەوار بووە، ژنان بە هیچ شێوەیەك کە بواری بەشداربوونیان لە کاری کۆمەڵایەتیدا پێ نەدراوە و دام و دەزگای فێرکردن و ڕاگەیاندنیان نەبووە یان ئێجگار لە ئێستەش لاوازتر بووە!

پەیڕەوی کردن لە داب و نەریتە کۆنەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستان وەکو: "ژن بەژن" و گەورە بە بچوکی، لای دایکان و باوکان باو بوو، لەڕاستیدا گەورە و بچوکی دیاردەی کۆمەڵگە دواکەوتوەکانە و تا ئێستاش لە کوردستاندا ئەو پەڕی برەوی هەیە، ئەو دایك و باوکانە شەش=حەوت ساڵ منداڵەکانیان فێری قسەکردن دەکەن کەچی کە منداڵێکیان زمانی دێتە گۆ ڕاستەوخۆ بەسەریا دەقیژێنن و بێدەنگی دەکەن! ئەی کە وابوو بۆچی فێریان کردوون قسە بکەن، دیارە منداڵیش وەکو گەورەکان قسەی چاك و خراپ دەکات، ئەمەش شتێکی ئاساییە، هەرلە سەرەتاوە منداڵ فێری شەرمنی و بێدەنگبوون دەکەن لە جیاتی فێری پرسیارکردنیان لە خۆکردندابێت سەبارەت بەخۆی، چارە نووس، سروشت، کۆمەڵگە.. هتد. خێزان یەکەمین قوتابخانەی منداڵان و دایك و باوکانیشە یەکەمین مامۆستان، دیارە مامۆستاش ڕوناکبیر و ناڕوناکبیر، شارەزاو نا شارەزایان تێدایە، دایك وباوکان

پێویستە کەم و زۆر لەبواری تەندروستی و پەروەردە و فێر کردندا شارەزاییان هەبێ، ئەوسا بڕیاری منداڵ بوونیان دابێت، تاکو بزانن جگەرگۆشەکانی خۆیان بەشێوەیەکی زانستی پەروەردە بکەن. ئەوەش دەبێتە بناغە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەی کوردەواری نوێ. شایانی باسە فێرکردنی دیموکراتیەتیش هەر لە ناو جەرگەی خێزانەوە دەست پێدەکات. ئەگەر دایك و باوکانی کورد خۆیان فێری دێموکراتیەت بووبن، دەتوانن دیموکراتیانەش لەگەڵ منالەکانیاندا ڕەفتاربکەن, هەر چەندە لەسەرەتادا ڕووبەڕووی هەندێ کێشە دەبنەوە/ بەلام ئەنجامەکەی دەستکەوتێکی مێژوویی گرینگە ئەویش بەدەست هێنانی نەوەیەکی دیموکراتی کورد کە بنچینەی کۆمەڵگەی داهاتوومان لە کوردستاندا. دیارە ئەوەش و زۆر دەستکەوتی تریش هەر بەستراوە بە زیاد و کەمی منالانەوە لە خێزاندا بە پێی ڕیگرتن لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، ئەمەش واتە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کەم و پوخت نەك زۆر و بۆر لەکوردستاندا لەسەدەی بیست و یەکەم. کەوابوو دایکان و باوکان لە کاتێکدا ژمارەی مندالەکانیان کەم بێت ، زیاتر بەسەر شێوەی پەروەردە کردنیاندا زاڵ دەبن و فریای سەختی و ئاستەنگە کانی ژیانیان دەکەون، بەپێی زانستی دەروونناسی مرۆڤ یان شەرمنە یان ئازاد! بۆیە ئازادی وەکو واژەیەکی دەرونزانی پەی وەندی بە مرۆڤەوە هەیە واتە مرۆڤ زۆرجار لەڕێگەی شەرمنیەوە ئازادی خۆی کەم دەکاتەوە. لەڕاستیدا ئەو پیاو و ئافرەتانەش کە ئێستا شەرمنن تا ئەو ڕادەیەی تەنانەت نەك هەر لە ڕیفتار کردندا بەڵکو لە قسە کردنیشدا ئازادنین! هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی منالی یان شێوەی پێکهاتنی خێزان و چەشنی پەروەردە کردنیان. ئەمانە لە ڕاستیدا ناتوانن منالەکانی خۆیان وا پەروەردە بکەن , بەلام کێشەکە لەوەدایە کە وشەی (شەرم ) لە عەقلیەتی کۆمەڵگە ئیسلامیە کاندا کە کۆمەڵگەی کوردیش یەکێکە لەوان، مانای (ڕەوشت) یان (ئەدەب) دەبەخشێت.

لەکاتێکدا ئەم هاوکێشەیە بەم شێوەیەش دەگونجێت کە مرۆڤ بێ شەرم و بە ڕەوشت, یان بێشەرم و بەئەدەب بێت, ڕەوشت و شەرم دوو واتای لێك جیاوازن نەك وەك یەك. چونکە ئاین بە سیفەتێ کە پارێزگاری لە ڕەوشت دەکات, و هەوڵی ئەوەش دەدات مرۆڤ بکاتە کۆیلەی خوا، بۆئەمەش پێویستە مرۆڤ بەشەرمەوە لەحزوری خوا ڕابوەستێت, لەکاتێکدا بەشەرمەوە ڕاوەستان لە حزوری خوادا مانای ئەوە نادات کە مرۆڤ ئیتر سیفەتی شەرمنی بەسەر خۆیدا بسەپێنێت. کە چی ئەمسیفەتە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا دەچێتە ناخی مرۆڤی کۆمەڵگە ئیسلامیە کانەوە، بە شێوەیەکی سروشتی لەهەموو کۆمەڵگا کانی مرۆڤدا منالان بۆ فێر بوونی هەموو شتێك تەماشای گوفتار و ڕەفتاری گەورەکان دەکەن. کورد واتەنیش گەورە ئاو دەڕژێنی و بچووك پێی لێ دەخشینی.کەوابوو ڕەفتاری گەورەکان لەگەڵ یەکتردا بەتایبەتی لەبەر چاوی منالان مەسەلەیەکی گرینگ و بایەخدارە و هەموو چرکەیەك پێی بزانن یان نەزانن، ڕۆڵی مامۆستا دەبینن بۆ مندالەکانیان. منالانیش درەنگ یان زوو لاسایی یان دەکەنەوە. دیارە هۆکاری تریش زۆرن بۆ شەرمنی کە لێرەدا ناکری بەکورتی باسیان بکرێت، بەلام خالێکی تر کەڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئازادیەوە هەیە، کە (مرۆڤ بەشێوەیەکی ڕەمەکی_غەریزی_حەز لەوشتە دەکات کەلێی قەدەغە بکرێت)، هەر بۆیە کاتێك منالێك پێی دەوترێ وامەکە! زیاتر حەز دە کات ئەوشتە بکات! یان کاتێك دایکێك لە مالەوە شتێك لە بەر دەستی منالکانی لەناو سنووقێك یان هەرشتێکی تردا دەشارێتەوە و بە منالەکانی دەلێ درگای ئەو سنووقە مە کە نەوە، بە پێچە وانەوە ئەوان زیاتر سوور دەبن لەسەر ئەوەی لە یەکەمین هەلدا دەرگای سندوقەکە بکەنەوە بۆ ئەوەی بزانن دایکیان چی لەوێدا شاردۆتەوە. هەر وەها لەخێزانێکی کورد دا، کاتێك پیاوەکە بە ژنەکەی دەلێت نابێ بچیت بۆ سینەما ئەوا ژنەکەی زیاتر حەزی دەچێتە سینەماو تامەزرۆی دەبێت هەموو کاتێك لەبەر خۆیەوە لێکی دەداتەوە ئاخۆ سینەما چۆن بێت! لەکاتێك دا ڕەنگبێت ئەگەر پیاوەکە ڕێی لێ نیگرتبایە ژنەکە خۆی لەسورشتی خۆیدا هەر حەزیشی لەسینەما نەبوایە، ئیدی هەموو قەدەغە کردنێك لای مرۆڤ خۆشەویست دەبێت و زیاتر مرۆڤ تامەزرۆ دەکات، چونکە مرۆڤ لە سروشت دا بە شێوەیەکی ئازاد لە دایك بووە و دەیەوێ هەر بە ئازادیش بژی.

کە وابوو پەروەردە کردنی منالان بەشێوەیەکی ئازاد بناغەی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی نوێی کوردەوارییە و سەرەتای هەبوونی دایك و باوکانی نوێیە کە بەڕاستی شایانی دایك و باوکایەتیە!

لەم سالانەی دوایی دا یان بلێم لەحەفتاکانەوە هەزاران منالی کورد چ ئەوانەی لەگەڵ دایك و باوکیاندە ئاوارەی ولاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و ئوسترالیا بوون و چ ئەوانەش کە لەم چارەکە سەدەی کۆتایی سەدەی بیستەم لەم ولاتانەدا لە دایك بوون، لەبەردەم کێشەیەکی تردا خۆیان دەبیننەوە، ئەویش کێشەی مەزن و گەورە بوون لە دوو کلتووری تەواو جیاوازدایە و ئەوان چەندین کتێب بەشی ناکات، گرفتەکەش بۆ ئەو منالانەی لەهەندەران لەدایك بوون و گەورە بوون لەکاتێکدا گەورەتر دەبێتەوە کە بۆ کوردستان بگەڕێنەوە و لەوێ بژین _ئەگەر بگەڕێتە وە_!

هەر بۆیە لێرەدا من زۆر لەسەر ئەم مەسەلەیە ناڕۆم و تەنیا ئەوەندە دەلێم بەداخەوە زۆربەی دایك و باوکانی کورد لە هەندەرانیش دەیانەوێ وەکو نەریتی کۆنی کوردەواری خێزانی

گەورە، بیٚ هیچ هۆکاریٚك لەو هۆکارانەی لەسەرەتاوە دەسنیشانم کرد، پیٚك بهیٚنن! هەندیٚکیان ژمارەی زارۆکەکانیان دەکاتە شەش یان حەوتیش لەکاتیٚکدا لەهەموو شیٚوەکانی بەرگری منالٚ بوون لەئارادایە و زۆربە ئاسانیش دەتوانن منالٚیان نەبیٚت یان کەم بیٚت، هەروەها هەل و مەرجەکانی منالٚ پەروەردە کردن لە هەندەران زۆر سەخت ترە وەك لە کوردستان چونکە لە هەندەران جگە لەوەی دایك و باوکان پیٚویستە منالەکانیان بۆباخچەی ساوایان ببەن_ داپیرە یەکیان لانیە تاکو منالٚەکانیان بۆ بەخیٚو بکات_ پیٚویستە خۆیشی سەرباری کار، هەردەم خەریکی فیٚربوونی زمان بن و زیاتریش مشووری منالٚەکانیان بخۆن، تابگەنە نزیك ئاستی هۆشیاری منالاٚنی ئەو ولاٚتەی خۆیان تیٚدا نیشتەجیٚ کردوە.

ئاشکرایە تاکو ژمارەی مندالٚەکان زیاتر بیٚت پەروەردە کردنیشیان بەشیٚوەیەکی زانستی سەخت تر دەبیٚت، کەوابوو بۆخیٚزانیٚکی ئاسایی کورد چ لە ناوەوە، چ لە دەرەوەی کوردستان چەند منالٚ پیٚویستە؟ بیٚگومان دایك و باوکان هەریەکە بۆچوونی جیا وازیان هەیە، بەلاٚم جیٚی خۆیەتی بلیٚٚم، منالٚیٚك کەم و سیٚ منالٚ زۆرە بۆ خیٚزانیٚکی ئاسایی، بۆیە دەلیٚٚم دوو منالٚ باشترە بۆ خیٚزانیٚکی ئاسایی، چونکە منالٚ لە مالٚەوە هەردەم پیٚویستی بەهاوڕیٚی بچووك هەیە، جگە لە دایك و باوکان کە دەبیٚ ڕۆلٚی هاوڕیٚیی منالەکانیان لەناو خیٚزاندا ببینن، دەنا گەورەو بچووکی کردن، منالاٚن سەر کویٚر دەکات و تەنیا مانای ڕیٚزگرتنی یەکلایەنی دەگەیەنیٚت، واتە ڕیٚز لیٚنانی بچووك بۆگەورە! ئەمەش دەبیٚتە هۆی ئەوەی دیواریٚکی ئەستووری ترس لە نیٚوان منالاٚن و گەورەکانی خیٚزانیٚکدا دروست دەبیٚت، لەگەلٚ دروست بوونی ئەم دیوارەشدا، گەورە و بچووك لە خیٚزانیٚك لە یەکتر تەواو تیٚناگەن! ئەمەش واتە لە دەستچوونی دیموکراسی خیٚزانە.

ئاشکرایە مالٚەوە جیٚگەی حەسانەوەیە بۆ دایکان و باوکان، لەکاتیٚکدا بۆمنالاٚن تەنیا جیٚگەی حەسانەوە نیە، بۆمنالاٚن هەموو کات و شویٚنیٚك بیٚ جیاوازی بۆیاریکردن دەست دە دات و لەباریشە، هەر بۆیە کاتیٚك ژمارەی منالاٚن لە خیٚزانیٚکدا زیاد دەکات ڕادەی حەسانەوەی گەورەکان کەم دەکاتەوە و پیچەوانەی ئەمەش ڕاستە هەربۆیە ئەو باوك و دایکانەی منالٚی کەمیان هەیە چاکتر فریای خزمەتکردن و پەروەردە کردنیان دەکەون_ بیٚگومان ئەگەر خۆیان شارەزاییان لە هونەری دایك و باوکایەتیدا هەبیٚ_بەپیٚچەوانەشەوە ئەوباوکانەی لە سیفەتی خۆیاندا هەست بەنائارامی دەروونی و تووڕەیی و فەرامۆشکاری و .. هتد. دەکەن ئەوانەن کە ژمارەی منالٚەکانیان زۆرن و چ لەڕووی ئابووری و چ لە ڕووی کاتەوە فریای پەروەردە کردنیان ناکەون. خالٚیٚکی تر کەشایانی نووسین بیٚت ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی لەکۆمەلٚگەی ئیٚمەدا بیمەی منالاٚن نیە .. پیٚویستە دایك و باوکان خۆیان هەموو قۆناغەکانی گەورەبوونی منالە کانیان پیٚش لە دایك بوونیان تەئمین بکەن. بۆئەوەی گۆمەلٚگەیەکی تەندروستمان هەبیٚت پیٚویستە بیر لە دوا ڕۆژ و پەروەردە کردنی منالاٚنی کورد بکەینەوە، کە بیٚگومان ئەومنالاٚنە ژن و پیاوانی سەدەی بیست و یەکی کۆمەلٚگە کەمانن، دیارە تەنها ئەم قۆناغە سەختە، تاکوو بەهەر شیٚوەیەك بیٚت لەقۆناغیٚکی تردا میری و دەزگا کۆمەلاٚیەتیەکان بیمەی منالاٚن بەئەستۆ بگرن، بەمەش دایکان و باوکان هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەلٚبکیٚشن و خۆشیان پیٚش بخەن، دەنا ڕزگاربوونی کوردستان لە پالٚ هۆشیاربوونی کۆمەلاٚیەتی و گەشە سەندنی ئابووریدا نەبیٚت ڕەنگە داهاتوومان لە ئیٚستامان باشتر نەبیٚت. لیٚرەدا پیویستە بلیٚٚم کە کارتیٚکردنی کۆمەلٚگە و داب و نەریتی سەدان سالٚەی کۆمەلٚگە کارتیٚکردنی بەتینی هەیە بەسەر تاك کەسەوە، بۆ بڕیاردانی منالبوون یان نەبوون.. بۆنموونە بووك و زاوایەك پیٚش ئەوەی ببنە دایك وباوك خۆیان بڕیاریان وانەبیٚ منالٚیان ببیٚت، بەلاٚم پاش ماوەیەك و لە سەرەنجامی کارتیٚکردنی خەلٚکی ترەوە (کۆمەلٚگە) دەشیٚ بیر و ڕایان بگۆڕن و بڕیاری منالداری بدەن.

دەگەڕیٚمەوە سەر باسی منالٚزۆری و دەلیٚٚم ئاشکرایە، دایکیٚك کە لە سەر جەمی ژیانیدا حەوت منالٚ دیٚنیٚتە دنیاوە، لەچاو دایکیٚکی تر. کەتەنیا دوو منالٚی بووە لەباری ئۆرگانیزم و ئەندامەکانی لەشیەوە زۆرتر و زیاتر دەشکیٚتەوە و ڕەنگبی زوو تریش کۆچی دوایی بکات! بۆ نموونە ئاستی ناوەندی ژیانی ژن لە سویٚد دا 80 سالە و لە پاکستان 46 سالٚە! ئاشکرایە ژنانی سویٚد لە چاو ژنانی پاکستان منالٚیان کەمترە، هەروەها گوزەرانیان لە هەموو ڕوویەکەوە جیاوازە، جگە لەو مەسەلانەش کەباس کران منالٚزۆری کیٚشەیەکی جیهانیە و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی یەکیٚك لە هۆکارەکانی خولقاندنی ئاستەنگە ئابووریەکانە لە جیهاندا.

لە کۆتایی دا دەمەویٚ بلیٚٚم کە دروستکردنی منالٚ، نابیٚ لەپیٚناوی ئەوەدابیٚت کە تەنیا خۆشی بە مرۆڤ دەبەخشی، بەلٚکو پیٚویستە دایکان و باوکانی کورد بەڕۆحی بەرپرسیاریەوە سەرنجی ئەم مەسەلەیە بدەن.

# تۆ بڵێی له کریسمه‌سدا کۆژین‌وبابه نوئیل و میرزا عه‌لی پێکه‌وه خلیسکێن بکه‌ن؟

## منالآنی ئازیز!

هه‌روه‌ك ئاگادارن, که‌م نین منالّی کورد  له ده‌ره‌وه‌ی کوردستان و له ولآتانی جۆر به جۆر دا ده‌ژین. دڵنیاین ئێوه زۆر حه‌ز ده‌که‌ن بزانن ئه‌م منالآنه چۆن ده‌ژین, چۆن یاری ده‌که‌ن, حه‌زیان له چیه و بیر له چی ده‌که‌نه‌وه. هه‌ر بۆیه ئێمه له‌گه‌ڵ منالێکی ژیکه‌له‌ی کورد که‌له‌ولآتی فینله‌ند ده‌ژی , وتووێژێکمان کردوه بۆ ئه‌وه‌ی به ئێوه‌ی بناسێنین.

ته‌مه‌نی کۆژین پێنج ساڵ و نیوه. باوکی کورده‌و دایکی خه‌ڵکی ولآتی " چین ــ صین " ه. ئه‌ویش هه‌ر وه‌ك ئێوه زۆر حه‌زی له یاری و چیرۆك و گۆرانیه. ئه‌ویش وه‌ك ئێوه  زۆر مێهره‌بانه. ئه‌وه‌تا هێشتا میرزا عه‌لی (سه‌رنوسوری ئه‌م گۆڤاره) ی نه‌دیوه , که‌چی باسی ده‌کاو حه‌ز ده‌کا له‌گه‌ڵی خلیسکێنه بکا. ئه‌وه‌ی راستی بێ کۆژین ئێوه‌شی زۆر خۆش ده‌وێ. حه‌ز ده‌کا نامه‌تان بۆ بنوسێ و له‌گه‌ڵتان ببێته ها وڕێ.


ئێوه چی؟ ئێوه‌ش که‌ژین و منالآنی ترتان  خۆش ده‌وێ؟

که‌وابوو ئێوه‌ش نامه‌مان بۆ بنوسن و باسی خۆتان و یاریه‌کان و گۆرانیه‌کانتان و حه‌زه‌کانتان بکه‌ن وله‌گه‌ڵ هه‌موو منالآنی‌تر ببنه ها وڕێ.

ئێستاش با پێکه‌وه بزانین کۆژین چی ده‌ڵێ.

(ئه‌م پێشه‌کیه نووسینی: ره‌سوڵی موحه‌مه‌دی)

## وتوو وێژ له‌گه‌ڵ کۆژین




کاك کۆژین چۆنی

سوپاس باشم، تۆ چۆنی؟

وپاس

کۆژین ناسناوت چییه؟

زه‌کی

دایك و باوکت ناویان چییه؟

دایکم ناوی جه‌ینه. باوکم ئیستا ناوی سۆرانه،

جاران ناوی حه‌سه‌ن بوو.

ته‌مه‌نت چه‌نده؟

من 20 ی مانگی حه‌وت له دایك بووم. له شاری تامپیرێ.

من نزیکه‌ی پینج سال و نیوم.

تۆ له کوێ ده‌ژیت؟

له شاری ڤانتا، له فینله‌ند.

خوشك و برات هه‌یه؟

نا، به‌س من حه‌ز ده‌که‌م برایه‌کم هه‌بیت؟

ئه‌ی خوشك؟

ئاخر کچان هیندیکجار حه‌زیان له یاری کورانه نییه.

رۆژانه ده‌چیته باخچه‌ی ساوایان یان له ماڵه‌وه‌یت؟

به‌ڵێ ده‌چم.

له باخچه‌ی ساوایان هاورێت زۆرن ؟

ئه‌رێ. ییسسێ و فرانس و میکا و پاتریك و له کورسی مۆسیقاش ئالیکسی.

ئه‌مانه هه‌موویان کورن، ئه‌رێ؟

ئەرێ رەفیقیکی کچیشم هەیە، بەڵام مالیان باری کرد بۆ سوید. ناوی ئەسرینە. ئیستا ئەسرین حەتمەن فیری سویدیش بووە. ئەها بیرم هاتەوە هاورییەکیشم هەیە ناوی ئەلەندە، بەڵام ئەو کوردی باش نازانیت، تیکەلی دەکات. ئەسرینیش، دایکیشی. فینلەندییەکان زمانەکان تیکەڵ ناکەن، منیش قەت کوردی و چینی و فینلەندی تیکەڵ ناکەم.

هەر بژیت کۆژین.

سوپاس

من ناویکی تریشم هەیە، دایکم پیم دەلی جیهان، بەڵام فینلەندییەکان پیم دەلین ییهان.

ناوەکانت خۆشن

ئەلەند لە باخچەی ساوایانی ئیوەیە؟

نا، باخچەی ساوایانی ئیمە منالی کوردی لی نییە.مندالی فینلەندی و ڤیتنامی و سۆمالی لییە.

ئەی منالی چینی؟

منالی چینیشی لی نییە.

ئەی مەگەر تۆ کورد یان چینی نیت؟

نا، من خەلکی دنیام.

ئەی کەسی تری لییە کە خەلکی دنیا بیت؟

بەس کوریکی تر. باوکی خەلکی ئیتالیایە و دایکی خەلکی فینلەند.

ئەی کۆژە، دوای باخچەی ساوایان چی دەکەیت؟

لە مالەوە یان بە کامپیوتیر کایە دەکەم یان سەیری تەلەفیزیۆن دەکەم یان وینە دەکیشمەوە یان لەگەڵ باوکم دەچمە دەرەوە.

زیاتر لەگەل دایکت یاری دەکەیت  یان لەگەڵ باوکت؟

زیاتر لەگەڵ باوکم. زیاتر لەگەڵ دایکم دەخەوم.

باوکت چیرۆکت بۆ دەخوینیتەوە؟

زیاتر داستانەکانم بۆ زەفت دەکات و منیش کاتی خەوتن گوییان لیدەگرم. بەس داستانەکانی باوکم بێ مۆسیقان. داستانە چینیەکانم زۆر خۆشن، مۆسیقایان لەگەلە.

کۆژە تۆ زیاتر حەزت لە چییە؟

حەزم لە مۆسیقایە. دەچمە کۆرسی مۆسیقاش. کۆرسی فوتبالیش دەچم. حەزم لە فوتبالیشە.

ئای بژیت کوری ژیر

ئەوە سێ سالە مۆسیقا دەخوینم.

چ ئامیریکی مۆسیقا؟

کەمانچە.

خۆت کەمانچەت هەیە؟

ئەرێ، لە چین باوکم بۆی کریم.

مامۆستاکەتان ناوی چییە؟

یوهاننا

تۆ گۆرانیش دەلیی؟ گۆرانییەکی کوردیمان بۆ دەلییت؟

من تەنیا چەند گۆرانییەکی کوردی دەزانم، گۆرانی مندالان. باوکم دەلی گۆرانی کوردیی مندالان زەحمەت دەست دەکەویت.

دە گۆرانییەکمان بۆ بلی، کوردی، چینی یان فینلەندی.

نا، دوایی، ئیستا قسە دەکەین.

باشە. دەتوانیت ناوی ئەو گۆرانییە کوردیانەم پی بلییت کە دەیانزانیت؟

سمۆرە، بابە کێ لە درگایە، دانی خۆم ئەشۆم، شۆفیر ماشین، قەتارەکە و ئەیبیسیدی و هەموویانم لەبیر نییە. زیاتر فینلەندی و دوای ئەوە  گۆرانی چینی و ئینجا گۆرانی کوردی دەزانم. گۆرانییەکی ئسپانیش دەزانم، بەڵام لیی تیناگەم.

کۆژین وتت کە یاری فوتبالیش دەکەیت؟ باشە ئەگەر تیپی فوتبالی کوردستان و چین پیکەوە یاری بکەن پیت خوشە کامیان بیباتەوە؟

ئەوەی کە باشتر یاری بکات.

ئەی ئەگەر تیپی  کوردستان و فینلەند، ئیران و فینلەند یان چین و فینلەند پیشبرکییان هەبیت حەز دەکەیت کامیان بیباتەوە؟

فینلەند.

بۆ؟

چونکە فینلەند ئالاکەی زۆر جوانە.

تۆ کام زمانە لە هەموویان باشتر دەزانیت؟

فینلەندی.

ئەی کوردی باشتر دەزانیت یان چینی؟

کوردی. نا وەکو یەك، بەس چینی نازانم بنووسم.

قەت چویتە کوردستان؟

نا، ئاخر باوکم ناتوانێ بچیتەوە ئیران. ئیران و عیراق هەر شەر دەکەن. من حەز دەکەم لەگەڵ باوکم و دایکم بچمە ئیران. من زۆر بیری مامە پیران و پورە فاتمە و مامە سمایل دەکەم.

ئیوە لە فینلەند خزمتان هەیە؟ بەس مامە روزبێ. نا نا ، مامە روزبێ و ئامۆژنم باریان کرد بۆ ئینگلیستان. نامەیەکم بۆی نووسیوە نازانم بۆ جواب ناداتەوە.

دەزانی نامەش بنووسیت؟

ئەرێ. بە ئیمەیل ناردم.  بە کامپیوتیر باشتر دەزانم بنووسم. کە بە دەست دەنووسم زوو ماندوو دەبم. نووسینی کوردی ئاسانە، بەلام چینی زۆر سەختە نووسینەکەی.

چیت نووسی بۆ مامت؟

مامم پەرستارە. بۆم نووسی: ئەرێ مامە روزبێ بۆ کۆکاکۆلا کەفەکەی سپییە؟ هیشتا جوابی نەداومەتەوە، لەوانەیە نەزانێ. تۆ دەزانی؟

من؟ ئممم.  با جارێ قسەکانمان بکەین. دەبێ تۆزێك بیری لێبکەمەوە.

دایك و باوکت چی دەکەن، بە چییەوە خەریکن؟

دایکم هەر سەیری تەلەفیزیۆن دەکات و باوکیشم زیاتر خەریکی کامپیۆتیرە.

مەبەستم ئەوە بوو کە کار دەکەن یان دەخوێنن.

هەردوکیان دەخوێنن. هەر دەڵێن وەختمان نییە. نازانم بۆ گەورەکان زۆر حەزیان لە یاری نییە. یاری زۆر خۆشە. لەوانەیە میرزا عەلی حەزی لە یاری بێت، چونکە ئەو منالی زۆر خۆش دەوێن. میرزا عەلی حەزی لە شەریش نییە.

چ قسەیەکت هەیە بۆ مندالانی کوردستان، مندالانی کوردزمان؟

دەمەوێ بلێم کە من پێنج سالم. دەزانم بە کوردی و فینلەندی بنووسم و بخوینمەوە. دەمەوێ نامەتان بۆ بنووسم، بەلام من ئادرەسی هەموو ئیوەم نییە، بۆیە جارجار لە رێگەی میرزاعەلییەوە نامەتان بۆ دەنێرم. من رۆژژمیری مانگی کریسمەسم هەیە. ئینجا دوای جەژنی کریسمەس سالی تازە دێت. بە بۆنەی کریسمەس و سالی تازەوە پیرۆزباییتان پێدەڵێم. بە میرزاعەلیش پیرۆزبایی دەڵێم. من حەز دەکەم میرزاعەلی ببینم. قەت نەمبینیوە. باوکم دەڵێت ئەو بەڵێنی داوە بۆ سالی تازە بێ بۆ مالی ئێمە. ئەو کاتە زۆر خوش دەبێت، دەزانی؟  چونکە هەم میرزاعەلی و هەم بابانۆویل سەری منالان ئەدەن.

ئەو کاتە لەگەڵ ئەوان خلیسکینە دەکەم. حەتمەن میرزاعەلی خلیسکینەی پێ خۆشە.

ئەی چ قسەیەکت هەیە بۆ دایکان و باوکان؟

دەمەوێ ئیمە خانوو بکرین. جا ئەوەختە ئیمە تەلەفیزیۆنی کوردی و چینیشمان دەبیت. دەمەوێ منالان بچنە کۆرسی مۆسیقا، ئەوکاتە جا بەیەکەوە سیدی گۆرانیشمان زۆر دەبن. دەمەوێ میرزاعەلی و بابانۆویل پارە چاپ بکەن و بینیرن بۆ مندالان، بۆ ئەوانەی پارەیان نییە ئەسباببازی بکرن.

تۆ خۆت پارە دەنیریت بۆ منالانی هەژار؟

ئەرێ. من هەمیشە پارە دەدەم بەو کەسە گەورانەش کە لە بازار مۆسیقا لیدەدەن، هەرچەندە ئیمە خۆشمان دەولەمەند نین.

کۆژین کە گەورە بووی دەتەوێ ببیت بە چی؟

دەمەوێ ببم بە فرۆکەوان. جا لە فرۆکەدا گۆرانی دەلیم. زوو زووش دەچم بۆ لای نەنە بۆ چینن.

سەرکەوتوو بیت کۆژین گیان

سوپاس

# بۆچی زۆربەی قوتابیانی پەناهندە ویژگەی کۆتاییان قـــــۆنـــاغی ئامادەیی یان سەرەتاییە؟



فایەق پێنجوێنی

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە و چەندەها پرسیاری تری گرنکی لەم بابەتە, کە دواجار ئاماژەیان بۆ دەکەین , چاکە پێشتر بزانین کە پەنابەر کێیە و بۆچی روو لە تاراوگە دەنێ ؟ بۆ ئەم پێناسەیەش رای شارەزایانی ئەم بوارە دەخەینەوە یاد , کە زۆربەیان دەڵێن : " پەنابەر ئەو کەسەیە کە پەنا دەباتە شوێنێکی ئارام , لە بەرئەوەی کە لەوڵاتی خۆی جێی پێ لێژ کراوە و مافەکانی زەوتکراوە و قفڵ لە بیر و بووچونەکانی دراوە,بە هوی بیر کردنەوەو بیروڕای سیاسی و ئایین و بڕوای جیاوازەوە , یا خود بە هۆی رەنگی پێست و پژ و نەژادی جیاوازەوە . "

ئەگەر چی پەنابەریش هەیە بە هۆی ئاکامی باری ئابووری دژوارو نالەبار , هەژاری و کەمدەرەتانیەوە , روو لە وڵاتان دەنێ , کە ئەویش لە زۆر شێوەیدا هەر هۆکار رەنگدانەوەی هەمان کاردانەوەی سەرەوەیە...

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پەنابەر و پەناهێنان , بە هۆی شەڕو رووداوی سروشتی زۆر بووە , بەڵام لە حەفتاکانی سەدەی پێشوو , زیاتریش لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی پێشوو شاڵاوی پەناهێنان ووڕ سەرنجڕاکێشترە, بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە, تەنانەت گیرو گرفتی زۆری بۆ ئەو وڵاتانەش پێکهێناوە کە روویان لێناوە . ئالەم بوارەشدا بە سەدەها سەرو ماڵی خۆیان داناوە بۆ گەیشتن بە مەبەستی کۆچیان . ئەگەر هەندێکیان بەو مەبەستەش گەیشتبێتن, لە هەمان کاتدا دەبینین هێشتا سەقامگیر نەبوون و بۆ بژێوی ژیانیان لە بارێکی ناهەمواردان.

دیارە مرۆڤ کاتێ وڵات و نیشتمانی خۆی بەجێ دێڵێ , هەر بیرو ئەندیشەی لای خاك و ئاوو کەش و بیرەوەریەکانی خۆیەتی , نامۆیە بە کەش و هەوا و کۆمەڵگایەك کە پەیوەندییەکان تیایە جیاوازە , هەر لەبەر ئەمەشە کە ئاسایی نیە زوو خۆی بگونجێنێ.

بۆ کەسانێکی وەك ئێمەی کورد کەتا ئێستاش لە سەر گۆی ئەم زەمینە بەرفراوانە جێگامان نییە و نابێتەوە و هەمیشە دەربەدەر و کۆڵبەکۆڵین، بۆ بەردەوام بوونی ژیان، دەبێ دەستەو ئەژنۆ دانەنیشین ێ پاڵی کەمتەرخەمی لێ نەدەینەوە و وورە لە خۆ نەبڕین و هەرچی لەتوانادا هەیە بیکەین بۆ ئەوەی نەبینە ئەرك بەسەر کۆمەڵگای لەخۆ گرتووەوە.

سەرقاڵی دایك و باوك بە باری خۆیان و لێتێکچوونی ژیانیان و کەسوکاری کوردستانەوە، فاکتەرێکی گرنگە بۆ نەپەرژانەسەر مناڵ و هەوڵ نەدان بۆیان بە پێویست. نەبوونی کار ,یان کەمبوونی دەرفەتی کار، دەبێتە هۆی کەمی داهات و کەم خۆشگوزەرانی مناڵ لە ماڵدا، جگە لەباری سایکۆلۆژی ئالۆزبویان. ئەگەرچی بوونی داهات هەمووشتێ نییە، بەڵام لاوازی، کاری دەروونی خراپی لێدەوەشێتەوە.

لەگۆشە نیگای منەوە وایبۆدەچمو کە مناڵ باش پەروەردە دەکرێت، کۆمەڵی سبەینێش باش دەبێت، هەروەها ئاسانکاری بۆ بکرێت و فریو نەدرێت و بە هەڵە نەبرێت، پاشەڕۆژی رووناکو دوروونی شاد دەبێت. دوور بخرێنەوە لەتاوان و مافیان بپارێزین، پاشەڕۆژی ئەوانیش بەشمەینەت نابێتو دەکرێت چاوەڕوانی دەست و پەنجە و بیری جوانیان لێ بکەین.

لەبواری پەروەردە فێرکردنیشدا، ئەگەر بڕوامان هەبێت بە مناڵ، کە ئاییندە و بەردەوامی ژیانە، کە واتە ئەوەش دەبێت بزانین، کە پێویستی بە پەروەردەی جوان و رەوانە.

× با ئەو دیوارە ئەستوورە بێ مانایە بڕوخێنین کە لای خۆمان هەڵچنراوە لەنێوان مامۆستا و قوتابی، کە قوتابی سەرکوت و نەوێر دەکات لەدەربڕینی بیر و هەست و پرسیارەکانی.

× با گوێ لە مناڵ بگرین بە پەرۆشەوە و پرسیارەکانی خۆیان هەموی بکەن، ئەگەر نەشکرێت وەڵامی هەمووی بدرێتەوە.

× با دەرگای بیر و بیرکردنەوەیان لەسەر ئاوەڵا بکرێت.

× با گوێ بدەینە بژێوی مێشك و دڵ و دەروونیان و ئامۆژگاریان بکەین بە بەردەوامی، بە گوێدانە جیاوازییەکانی تەمەنیان و پێداویستیەکانی ئەو تەمەنە. ئیمرۆ ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین کە هەمو ئەو سەرنجانەی لای سەرەوەی تیا رەچاوکراوە و لە بەرچاوگیراوە و کاری بۆکراوە و دەکرێت...

واتەیەکی کۆنی کوردی هەیە کە لە کتێبێکدا ئەم رۆژانە خوێندمەوە دەڵێ : " ئەگەر باوك دەهوڵچی بێ , مناڵە کانیشی هەڵپەڕکێ زان دەبن ." واتە دەکرێت کاریگەریمان لەسەر مناڵ ببێت .

× بازۆر شتی گرنگی ژیانیان بۆ روونبکەینەوە و زانیاریەکان ئەبستراکت نەبن لایان .سەرزەنشت و پیاهەڵشاخان و لێدان و گوێ نەگرتن و گوێنەدان بە باری تەندروستی و دەروونی مناڵ بەرەو هەڵدێری دەبات .هەربۆیە کە لەو قەفەزە دێتەدەرەوە , لەگەڵ هەموو گیر وگرفتیە دەروونیەکانی تریدا , هەوڵدەدات و دەوێرێ جار وبار پرسیار بکات . ئەگەر بزانین یان نەزانین , ناکرێ لامان روون و ئاشکرا نەبێت کە ئەوەی بەتەنگ مناڵەکەیەوە نەیەت , بە تەنگ پاشەڕۆژیشیەوە نایەت..

× با مناڵکانمان فێری زمانی دایکیان ببن , زمانی دایك زۆر گرنگە بۆ هەموو مرۆڤێکی ئەم سەر زەمینە , بەتایبەت بۆ ئێمەی بێ ناونیشان. بۆ ئەوەی مناڵەکانیشمان سبەینی بە ئەمەك بن بۆ زمان و نەتەوەکەیان .ئێمەیەك کە وەك ئاردی بن دڕکمان لێ هاتووە , سبەینی هەر زمان و هۆکانی راگەیاندن کۆمان دەکاتەوە لەیەك...

× هیوادارم بەم کورتەباسەی لای سەرەوە دەرگایەك ئاوەڵا بێت لەسەر مناڵ و کێشەکانی , کە کەسانی شارەزا و لێهاتوو لە پسپۆڕ و مناڵشوناس , بە بۆچون و بیروڕاکانیان , بە سەرنج و تێبینیەکانیان , بە پرسیار و وەخنەکانیان ئەم بوارە دەوڵەمەندو تێر و تەسەل بکەن .

× بۆیە بە چاکمان زانی بۆ هەندێ وەڵامی پرسیارەکانمان , روو لە هەندێ مامۆستا و شارەزایانی زمان و کارگێڕانی قوتابخانە بنێین , بزانین ئەوان را و بۆچوونیان لەسەر مناڵی پەناهندە و هاوکاری باوك و دایك چۆنە .دەکرێت لە ژمارەکانی داهاتووی ئەم گوڤارە دا بە بەردەوامی کار لەسەر ئەم باسە

بکەین و روو لە هەموو پەیوەندارەکان بکەین , لەوانەشە قوتابیان خۆیان , چونکە لامان چاکە قوتابیان خۆشیان بیروڕایان دەربڕن و دەست بەکارین .

× هەندێ دایك و باوك ( لە ناو ئەوانەش کورد) پێیان وایە , کە لەقوتابخانەی سویدی بە تایبەت قۆناغی سەرەتایی , ئەرکەکانی ماڵەوەیان بە پیچی پێویست نادرێتێ و دیسیپینیش بە پێی پێویست نییە ...

ئایا ئەم بۆچوونە چۆن دەنرخێنن؟

× ئایا قوتابیانی پەناهندە بە گشتی و کورد بەتایبەتی , توانای جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی قوتابخانەیان هەیە ؟

× بۆچی زۆربەی قوتابیانی پەناهندە (لەوانەش بەشێکی زۆر کورد) ویژگەی کۆتاییان تەنها قۆناغی ئامادەییە؟

× ئایا ئێوە لە پلان و چۆنیەتی فێرکردن و پەروەردەی قوتابیان ,خۆتانبە سەر کەوتوو قایل دەزانن؟

× کێن ئەو قوتابیانەی کە روو لە سوید دەکەن و زیاتر کاردانەوەی رووداوە ناخۆشەکانی وڵاتی خۆیان پێوە دیارە و بەدیدەکرێت ؟

× رۆڵی دایکان و باوکان لەپەروەردەکردنی منالەکانیاندا , چۆنە بە راتان؟

یەکەم کەسێ کە وەڵامی ئەم پرسیارانەمان دەداتەوە ( تۆم یوهانســـون Tom Johansson) ە کە بەڕێوەبەری مامۆستاکانی زمانی دایکە لە موێندال , یەکێکە لەو مامۆستایانەی کە پێشتریش بەڕێوەبەری قوتابخانە بووە , پێش بەڕێوەبەریش وانەبێژ بووە ئێستاش بەشێ لەکارەکەی وانەوتنەوەیە لەقوتابخانە ی گەورەساڵان ..

ووتی: سەرنج بدەرە ئەو وێنەیە ی کە لە ژورەکەمدا هەڵواسراوە، (وێنەی مامۆستایەك بوو کە دارێکی بەدەستەوەیە و، دارەکەی گیراندووە لەشانی یەکێ لە قوتابییەکانی پۆل لە کاتی وانە وتنەوەدا). ئەمە وێنە ی شێوازی پەروەردەو فێرکردنە لە چلەکانی سەدەی پێشوو لە سوید , ئەم شێوازە پێچەوانەی ئیمرۆیە , ئەوکاتە قوتابی بۆ خۆیان و لەبەر خۆیان کاریان نەدەکرد , بەڵکو بۆ قایل کردنی مامۆستا و خودی تاقیگردنەوە بوو . لەوە دەچێ ئێستا لە قوتابخانەی کوردستان ئەو شێوازە بێ . پاشان ووتی : ئێمە قوتابخانەیەکمان دەوێ لە سوید کە قوتابی رۆ لَی سەرەکی تیا هەبێت , بۆ خۆی کار بکات ,لە ژیاندا چی فێربووە بەکاری بهێنێ . ئیمرۆ دەبێت وا تەماشای زانست و زانیاری بکرێت و هەڵس و کەوتی لەگەڵ بکرێت , کە مامۆستا زانیاری و هونەر و زانست لەلای قوتابی شیرین بکات ,دوور لە رق و کینە و بوغزاندن.

دەربارەی توانای قوتابی پەناهندەش , من بە پێی ئەزموون و سەرنجی خۆم وایبۆ دەچم کەقوتابی پەناهندە بە بەراوەرد لەگەڵ سویدی کەم توانا نین , من ئەوە لە قوتابیەکی سویدی خەڵکی موێندال رادەبینم هەر ئەوەش لە قوتابیەکی کورد و عەرەبی بەغدادی رادەبینە .من کە ئێستا بەشێ لە کارەکەم وانەبێژییە , سەرنج دەدەم لەو وڵاتانەی کە زیاتر لەگەڵ چەند بابەتێکی خوێندن خۆیان ماندو دەکەن و هەوڵدەدەن , وەك ماتماتیك و زانیاری , لێرە سەرکەوتون , وەك نمونە قوتابی پۆڵندی , ئەمەش بەبەراوورد لەگەڵ ئەو قوتابیەی کە ئەو دەرفەتەی بۆ نەخولقاوە .

دەربارەی قوتابیانی دواناوەندی یا ئامادەیش دەڵێم : من هیچ ئامارێکە لانییە کە ئەو راستیە بسەلمێنێ کە قوتابیانی پەناهندە لە دواناوەندی واز دەهێنن , بەڵام با وای دانێین وایە .دیاریدەیەکی وا دەبێ ووریا بین و پەلە لە ئەنجامی نەکەین . چونکە هاتنی پەناهندە ی کورد دیاردەیەکی زۆر کۆن نییە , چۆنیەتی پەروەردەو فێرکردنیشیان بەرە بەرە , بەرەوپێشەوە دەڕوا , زۆربەشیان ئێستا لە قۆناغی سەرەتایدان ,هەر بۆیە دەڵێم نابێ پەلە بکەین لەم بابەتە. هەروەها ووتی ئێستا باشتر لەجاران کوێ بە قوتابی پەناهندە دەدرێت , وەمن بە دواڕۆژیان گەشبینم ... دەربارەی کاردانەوەی رووداوە ناخۆشەکان و کاردانەوەیان لەسەر قوتابی ووتی: کەسێ زیاتر و باشتر دەتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە , خۆی لەرووداوەکاندا ژیابێ , بەڵام ئاشکرایە کە ئازار و ئەشکەنجە , نەمانی دایك و باوك , ماڵ سووتان و ماڵوێرانکردن , کاریگەری خۆی لەسەر منال وپاشەڕۆژی منال هەیە.بۆنمونە ئەو منالانەی لەبۆسنەوە هاتوون لاوایە لەمنالانی تر زیاتر رەنگدانەوەی رووداوە ناخۆشەکانیان لەسەرە. دەربارەی نەخشە وپلان و چۆنیەتی فێرکردنیش , من بڕوام وایە مامۆستا هەمیشە دەبێ لە هەوڵی گەشەکردن و بەرەوپێشبردنی کارەکەیدا بێ چونکە گەر وانەکات , مانای ئەوەیە لەجێی خۆی وەستاوە و کاری مامۆستایی تەواو بووە. بۆ دواپرسیاریش دەست لەسەر ئەوە دادەگرم و دەڵێم کە هەموو دایك و باوكێ لە هەوڵی کۆششی بەرەو پێشبردنی منالەکانیاندان. دیارە بەهاوکاری نێوان ماڵ و قوتابخانە کارەکان جوانتر و باشتر بەڕێوە دەچێت. بۆ نموونە ئەو قوتابیەی شەو زوو دەنوێ و جێگەی نووستن و خوێندنەوەی بە باشی بۆ ئامادە کراوە , هەرخۆیەتی کە بە دەروونێکی شاد و رووبەکی خۆشەوە روو لە قوتابخانە دەکات، دیارە ئەو کاتەش دەرفەتی زیاترە بۆ فێربوون و گەشەکردن و دواجاریش مرۆڤێکی درووستی لێ دەردەچێت.

# منال

**فایەق پێنجوێنی**

منال دڵـــــــە
ئیمرۆ خونچـــە ,
دواڕۆژ گوڵـــــە...
مەلی خۆشخوانــی
سەر چڵـــــــــە...
بۆئەوەی کە نەتوێنەوە ,
ئەبێ جێ پەنجەی دوتکەوتن
لە دەروونیـــــــــان
بسرینــــــــەوە....
دەرفەتیان بۆ برەخسێنە
دواڕۆژیان بۆ بنەخشێنە
پەرەی سپی بیروهۆشی ,
بە خێو و ترس و جنۆکە,
نەکەی هەرگیز داپۆشی...

# ئایا خورافه مودێرنیزم دادەڕزێنێ؟

عەلی کیتابی

کاتێ هاوڕێ و هاو بیر و باوەڕ و ڕاز و نیازەکەم بەو پەڕی بێزاری و نەفرەتەوە، بۆی گێڕامەوە وتی: بۆخۆت دەزانی من بەناچاری بۆ کۆمەك هەزینەی دوا قۆناغە کانی خویندنم ناچارم گشت کات و ساتی پشوو و ئیسراحەتم له خۆم حەرام کردوە خەریکی تەرجەمەم. بەم بۆنەیەوە لەگەڵ گیر و گرفت و تەنگ و چەڵمەی کۆمەڵایەتی بەتایبەت ئاوارە و پەنابەران لەسوێد. لەگەڵ باس ومەسایلی وا ڕووبەڕوو دەبم، لەم چەرخ و زەمانە دا گێڕانەوەشی جێگای سەر سووڕمان و شەرمەزاریە؟

مامۆستای قوتابخانه زۆر به شێوەیەکی ئەکادیمی و نەرم و نیانەوە، دەیەویست بەباوکی کیژۆڵەیەکی حەوت هەشت ساڵانه بفەهمێنێ و بسەلمێنێ که کچەکەی مۆجیاری کات لەکاتی تایبەتی مۆسیقاو ئاهەنگ بۆمنداڵانی هاو تەمەنی پۆلەکەی، بەقامك گوێچکەکانی نەئاخنی و بێحورمەتی به منداڵانی هاو تەمەنی خۆی نەکات که شیوای ئاهەنگ و مۆسیقا و شادی و گوێڕایەڵی مدیر و مامۆستاکانیانن. باوکی کیژۆڵەکه وتی:

قوربان بەگوێرەی دینی موبینی ئیسلام مۆسیقا حەرامه. مامۆستا گوتی:

بەگوێرەی قانوون و ئاینی ئەم وڵاته، مۆسیقا و ئاهەنگ و شادی نەك حەرام نیه بەڵکو بەشێکه له وەزیفەی وانەی فێرکردن و بارهێنانی ئەم منداڵانه: که سەرمایەی دوا ڕۆژی کۆمەڵگه کەمانن. باوکی منداڵەکه به ڕاشکاوی و شانازیەوە وتی:

بۆئیمەش فەرزه منداڵەکانمان له ئاهەنگ و مۆسیقاو دانس، دووره پەرێز ڕاگرین و له دژی ئەو دیارده دزێو و بێ ئیخلاقیانه هانیان دەین .

ئەم گله و گاز و ڕاز و نیازه بیرەوەری چلساڵ لەمەو پێشی زیندوو کردمەوە. گەرچی گوند نشینانی ئەوسا و بگره ئیستایش لەو وڵات و هەرێمەی من و ئەو باوك و کیژۆڵەی لێوه هاتووین، پایزان پاش گرد و کۆی بەرهەمی ئاژەڵداری و خەلەو خەرمان، بووك دەگوێزنەوە. خوالێخۆشبوو ( میرزامەجی قالەکورده) خزم و برادەری (میرزا حەمەدەمین) باوکم، لەگوندی قشلاخی ئەمین بەگ، له ناوەڕاستمانگی بەهاردا زەماوەندی بۆ عەلی کوڕی وەڕێ خست. من که باوکم فەوتی کردبوو میراتگری سوارچاکی و لاوچاکی باوکم بووم، مەشیا بۆ ئەو زەماوەنده دەعوەت کرابام که کرام.

بڕیاروابوو بووك له گوندی (کەکەوسان) ئەو گوندەی لەناو دڵی زنجیره چیای (زاگروس) واته چیاکانین چلچەمه، قوڵینگ، سەرتەزێن، سێفیاتاخ و خەسرەوخان دا هەڵترووشکاوه بۆگوندی قشلاخی ئەمین بەگی بگوێزینەوە. پاش بەڕێکردنی (کوشت و دان و پێخەسوو) بۆماڵی باوانی بووك، لەگوند و بەرماڵی باوکی زاوادا، ئەوه چەند شەوو ڕۆژه، بەتەقەی دەهۆڵ و زوڕنا، شاییه بەزمه هەرایه و هەڵپەڕکێیه. من وەك چابوك سوارێکی نموونه به باشترین پۆشاکی خۆم و ماینه کەمەوە، واته ڕانکو چۆخەی شاڵ و کلاشی نوۆدشه و سەرزین و نەرمەزینی گوڵدۆزیکراوی ئاورێشم نیگارەوە، لەگەڵ تیپەنه سوارێك، بەبەر گوندەکانی (قارەوا) و(دەورەقەڵا) و دۆڵی(بنحانه) وناوملانی (قاجه)و (سەرتەزێن) به غارعارێن و قیر و قاچ، له بەر دەرکی شۆخه پیاوی به ناوبانك، حەسەنی فەقێ شەریف، له گوندی (کەکەوسان) خوانی زینمان خاڵی کرد. پاش سووکه سانەوە و نەهارخواردن، به گۆرانی و چەپڵه ڕێزان نایەتەدەر نایەتەدەر، بووکمان له ماڵی باوان هێنایه دەر، بەرەو بەرزاییه کانی نێوان سیفیاتاخ و سەرتەزێن. مانگی گوڵانەو کەژ و کێو به جوانترین گوڵ و گژو گیای ڕەنگاڕەگ و جۆراوجۆر ڕازاوەتەوە، دوای هەڵکشان و داکشان بەو چیای گەردن کەشانەدا، له سەر چاوگەی زوڵاڵی دۆڵی بنحانه، پاش بەزم و ڕەزم و دابەشکردن و نۆشکردنی تۆشه و تەلانەی بووك، دیسانەوە، بەڕمبازی و غارغارێن و خۆ نواندن بەبەر گوندەکانی قارەوا و دەوره قەڵادا، بووکمان لەبەر دەرکی باوکی زاوا، دابەزانه. لەکاتێکدا له چەندلاوه دەستگیراوه، به تەقەی دەهۆڵ و زوڕنا چڕنەو پڕنەی تیڕژاوه، سۆفیلکەیەکی چڵکن و کوڵکن بەماینێکی کەتەلەڕی سەرزین هەڵپچڕا و داڕزاوەوە، ئامرانه و داخوڕ داخوڕ و نەڕەنەڕ بەسەر خەڵك و خاوەن شایی و شایی کەراندا دەڵێ:

ئاهای خەڵکینه؟ بۆچی نازانن ئا ئەمه نیشانەی ئاخری زەمانه، ماڵتان بەقوڕگیراوه حەیاو شەرمتان لێ هەڵگیراوه، پیاو و ژن و کوڕو کچتان وەك مانگا بەکەڵ تێکرژاوه، ئەوه سەعاتێکه شێخ زاده له شەخسەکەی پیر کەمۆڵ لەخوار ئاوایی به لفکەی چارشێوەکەی گوپچکەکانی ئاخنیوه دەگری و دۆش داماوه، بەخۆی و مرید و مەنسووبه کانیەوه قاچیان چۆته بەس، ناتوانن نه بێنه پێش و نه بچنه دواوه.

به پەله پڕووزێ خەڵاتی لۆتیەکانیان داو دەهۆڵ و زوڕناو دەم و دەزگایان پێ پێچانەوه و له دێ وه دوریان نان، پاشان شێخزاده خانم له لایەن خاوو خێزانی ورده بەگەکان؟ پیشوازیەکی گەرمی لێکرا. لەسەر خواست و ئیسراری مرید و مەنسووبەکانی پێویست بوو چەند شەوو ڕۆژ بمێنێتەوه تا بتوانێ به نوشته و نزا و هیمەت و بەرەکەتی خۆیوو باب و باپیری ئەو غەزەب و نەکبەتیەی خوا بەبۆنەی شادیو زەماوەند و دەهۆڵ و زوڕناوه بەسەر گوند و خەڵکی دا باراندبووی، دیسانەوه به بارانی ڕەحمەت بیشواتەوه.

24/11/2002

ع کیتابی

× شیخزاده خانم خوشکی شیخ عوسمان کچی شیخ عەلادینی بیاره بوو، به پیچەوانەی داب و نەریتی گشت شاو شێخ و مەشایەخان، دەمیێ ساڵ بوو، شێخ تۆفێقی میردی خۆی (خەلع تەکیه) کردبوو له تەکیەو بارەگای گوندی شاقەڵا وه دەری نابوو ناچاری کردبوو بۆهەمیشه بچێتەوه گونجی تەکیه و بارەگای باب و باپیری له بیاره و باخەکۆن، بۆ خۆیشی وەك نموونه شێخێکی مێوێنەی تەکیەدار ، موڕشید مەولای نێر و مێوی مەنتەقه بوو.

# مرەبای شەکەر



ڕەسووڵی موحەممەدی

شار و زۆربەی دانیشتوانی هێشتا نەنوستبوون. ئەوانەی کە زووهەستابوون یان بۆ حەمام دەچوون یان لە نانەواخانەکاندا بۆ نان وەستابوون. سەرەڕای ئەوەی کە مانگی گوڵان بوو, هەوای دەمەو بەیان ساردبوو. شەقام و کۆڵانەکان هێشتا چۆڵ بوون. بێدەنگی بەسەر شاردا زاڵبوو بەچەشنێ کە دەنگی مەرحەبایی و قۆزە و بەڵغەم فڕدان لە دوورەوە دەهاتە گوێ. تەنیا شوێنێ کە قەرەباڵغ بوو ئەو شوێنە بوو کە کرێکارەکان کۆ دەبوونەوە. بەرەوخوارتر لە نێو ڕیزە دووکانی تەنەکە سازەکاندا پێنج شەش منداڵی دە دوانزە ساڵان هەر یەکە و کەشەفەیەك و چنگاڵێك بەدەستەوە لەبەر دوکانی (مامە حەبیب) دا ڕێچکەیان بەستبوو, سازیان نەدەهات. یەك بە ئەنیشك دەیکوتایە بن هەنگڵی ئەویدی. یەك جنێوی بەوی دی دەدا, ئەویتر هاواری دەکرد:

= بۆ نۆبە بریم لێدەکەی.

مامە حەبیب پەیتاپەیتا دەی نەڕاند بەسەریاندا: (کوڕە ئەوە چ قاڵمەیەکتانە عەمەر درێژ نەون بەخوا بەنەقینم, مرەبا نابینن). مامە حەبیب پیرە پیاوێکی کەڵەگەت بوو. لووتێکی قەڵەمی و چاوو برۆیەکی بە ئاستەم تووڕەی پێوە بوو. ڕدێنە سپییەکەی نەیتوانیبوو شوێن پێی ساڵانی تەمەن بە چڕ و چاویەوە داپۆشێ, سەرەڕای پیری چالاك و بە دەست و برد بوو. دیار بوو چل ساڵ پێشتر لاوێکی قۆز و مێرخاس بووە. دەمێ ساڵ بوو لەو دوکانەدا بامیە ونانشەکرو مرەبای دروست دەکرد. مشتەریەکانی منداڵی فەقیر و هەژاربوون. بامیە و مرەبایان دەکڕی و لەنێوشاردا دەیانگێڕا و دەیان فرۆشت. تەختەیەکی پانی لەبەر دوکانەکەدا دانابوو کە گوومێش و شیلە ڕەنگیان گۆڕیبوو. منداڵ بە نۆرە کەشەفەیان لەسەر تەختەکە دادەنا. مامە حەبیب مرەبای لەسەر دەچنی و دەیانبرد. سمکۆ هێشتا دوو نەفەری لە پێشەوە بوو. لەسەرمانا کسکەی کردبوو. سەر و قژی ئاڵۆزابوو, پێدەچوو مانگێ دەبوو لەشی ئاوی نەدیبوو, جل و بەرگێکی شڕی لەبەردا و جووتێ پێڵاوی لاستیقی لەپێدا بوو. ئاڵقەیەکی شینەوە بوو چاوی ڕاستی نەخشاندبوو. لێویشی قرنجابوو. بەپەلە بوو زووتر نۆرەی بێت و وەڕێ کەوێ. ئەو شوغڵەی سمکۆ گرتبووی, مەدرەسە چوونیشی لەشوێن بوو. بەلام نەك بۆ خوێندن. لەبەر دەرکی مەدرەسەکاندا مرەباکە زووتر دەفرۆشرا. کە مرەباکەی وەرگرت ڕێگای (مەدرەسەی وەحدەت)ی گرتەپێش. بەڵام زوو پەشیمان بۆوە. دەستێکی برد بۆچاوی: (بێژی حەسەنە گەڕۆڵ بەرۆکم پێنەگرێ و لێم نەدا؟... نە ؟ ناچم بۆ ئەو گەڕەکە دەوڵەمەند نشینە.) بە دەم ڕێگاوە بە دەستێك نانی لە گیرفانی دەردێنا و دەیخوارد و بە دەستێکیش کەشەفەکەی گرتبوو. ((ئەگەر ئیمرۆ گشتی بفرۆشم, حەو تمەن خێر دەکا. هەژدە تمەنیشم لە ماڵۆ هەیە. ئەکاتە ....؟....زۆر. وەلێ بەکاری چیدێ؟ خۆ دایکم نایەڵێ دووچەرخە بسێنم. هەر ئێژێ: ناکا. جارێ با کرێ ماڵەکە بەین ئەوسا دووچەرخەت بۆ دەسێنم.) شار وردە وردە وەخەبەر هاتبوو. تاك و تەرا دووکان دانرابوو, لەشەقام و کۆڵان هاتوچۆی ماشێن و خەڵك زۆرببوو. سمکۆ بەرەو کۆڵانەکا داکشا. "مرەبای شەکەر مرەبای شەکەر, مرەبا!!!" وێ دەچوو خۆی گوێی لە دەنگی خۆی نەبوو, ئۆتۆماتیکی هەی مرەبای دەکرد. بەلام لەناخەوە لە گەڵ خۆی دەدوا. ((بەخوا درۆ دەکا بۆم ناسێنێ. ئەوجارەیش وتی: قەرارە ژیلا خانم دووچەرخە کۆنەکەی سامانم پێبا, خاسی کەمۆ بۆتۆ. ئەی بۆ نەیدا؟ وەڵڵاهی من بوایەتم جل و پەڕو پاڵم بۆ نەدەشۆردن)). ئای لەو (مرەبای شەکەرە, مرەبا!.)

لێرەو لەوێ ژنان و کچان خەریکی گسك دانی درگاو بانی خۆیان بوون هەرتەماشای ئەویشیان نەدەکرد. نەخەیر منالْ بەدەرەوەنین. ئەترسم کۆن کەوێ، جابێ بڕۆڕۆ بۆلای مامم حەبیب ە لێی پاڕۆ بەشکەم نەختێ شیلەی تری پیاکا.

= مرەبا! مرەبا! داترووسکا. دوو منداڵی پۆشتە و پەرداخ کیفیان کردبووە شان و پووڵ بەدەستەوە بانگیان کرد. هەنگاوی تیژتر کرد لێیان نزیك بۆوە. چوارتمەن مرەبایان کڕی و حیلکو هۆڕ ڕۆیشتن. لەدواوە سەرنجی دەدان، هەناسەیەکی هەڵکێشا "ئەگەر باوکم نەکەوتایەتە خوارۆ ئێستە منیش لیباسی جوانم بوو،ئەچووم بۆ مەدرەسە، شتم ئەسەند دووچەرخەشم ئەگرت ئیتر ئەخولامەوە. دایکیشم ئیتر نە ئەچوو بۆماڵان، ژیلاخانم. ئای چەنێ رقمە لەو سامانە جیقنە خۆ بنیام ناوێرێ دەس بەرێ بۆ ئەو دووچەرخەی، خێرا قاو ئەکا لە مامانی" "مرەبایە و کارەبایە، بێنۆ بۆ ئەو مرەبایە" خۆزگە هەزار تمەنم بوایە، لەرێو

**ماڵێکمان ئەسەند.بەخوا ئەو ژێرخانە ناخۆشە, هەر زرمەی پایان دێ،هەر خۆڵ ئەوارێ، خۆ ناوێرین هیچیش بێژین. حاجی تووڕە ئەوێ ئادێتە ئەوڕا دایکم وتی نیمانە، ناتوانین کرێکە زیاو کەین، ئەی وت چی: شڕەکانتان ئەخەمە دەرۆ ها! تاقەتی سڕو سواڵکەرم نیە، دایکیشم ناڕەحەت بوو وتی: جا سواڵیش کەین لەتۆی ناکەین. حاجیش وتی: ئەوە نیە زۆرتان پێ ئەدەم، ئەو جارەی تریش خا شەوکەتی ژنی تێرتێر جوێنی پێ داین لەسەر ئەوە دایکم نەخۆش بوو نەیتوانی حەوشەکە گسك بات. وتی "گوو بەقەوری ئەوە لە دیوار کەوتە خوارۆ تۆپی. من و دایکیشم تێر گریاین" مرەبای شەکەرە مرەبا"**

**(بوێسە با گەورەبم. ئەشێ ئەم حاجیە سەگبابە بکوژم)**

**لەبەر درگای ماڵێکدا گوێی لە دەنگی منداڵێگ بوو لە حەوشەدا هاواری دەکرد: من نایەم بۆ حەمام, نایەم بۆ حەمام سمکۆ شارەزای کەسپەکەی بوو. خێرا دەنگی هەڵبڕی (ئائەوەیە مرەبا!!.) و بە دوای دا هەنگاوی شلکردەوە. بەهەڵە نەچووبوو, هێندەی نەخایاند منداڵەکە دایکی کێش کردە بەر درگا, مەجبووری کرد مرەبای بۆ بکڕێ. سمکۆ پووڵەکەی وەرگرت و دیسان چۆوە ناو ناخی خۆی. (لە هەزار تمەنەکە دووکانێکی میوە فرۆشیش...) لە پڕ وەبیری هاتەوە وەك ڕۆژانی تر نێو زبیلی ماڵان بگەڕێ و گێلاسە ڕزیو و لەتەخەیار و شتی وا بدۆزێتەوە و بیباتەوە. بە پەلە نایلۆنەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و ئەم درگا و ئەو درگا بەر بووە هەڵشێواندنی پووتە زبیلەکان, لەو کۆڵانە شتێکی ئەوتۆی چنگ نەکەوت, چووە کۆڵانێکی دی. لەبەر دەرکی ماڵێکدا سەگێ سەری کردبووە نێو پووتی زبیلێکدا. سمکۆ نواڕی بەم سەر و ئەو سەری کۆڵانەکە, کە دڵنیا بوو کەس دیار نەبوو. (چغە ! چغە گلاو!) پەلاماری دا. سەگ هەڵات و سمکۆ لە پووتەکە نزیك بۆوە. کەشەفەکەی دانا و بە وردی زبڵی نێو تەنەکەکەی پشکنی. دوو سێ دانە خەیاری دۆزیەوە کە ئاوگەز ببوون و تووڕ درابوون. ئەو پووتەی جێ هێشت, چووە سەر یەکێکی تر , لەوێش شتێکی ئەوتۆی تێدانەبوو. ((ئەها!!. ئەو دانەی تر حەتمەن تێی دایە)). خۆی پێگەیاند هەڵی شێواند, بڕێك سەوزی و ڕیخۆڵە و پەل و پەلو پۆی مریشك و هەندێ توێکڵە شووتی و قولاخی ماشینی منداڵانەی تێدابوو. کە قولاخی ماشینەکەی بە پاتۆڵەکەی سڕی, هەر هێندەی نەمابوو شاگەشکە ببێ ((مەیکە تەگەریشی بۆ پەیا ئەکەم. پەتێکی جوانیشی لێ ئەخەم, نازانم ئەو دانەی تر کە لە سامانم دزی چی لێهات. پێم وابێ مناڵەکانی حاجی لێیان دزیم. ئەی دایکەکەتانم گا)). ویستی بگەڕێتەوە بۆلای مرەباکە. کە سەری هەڵبڕی بۆ ماوەیەکی کورت لە جێی خۆیدا وشك بوو, سەگەکە خەریکی مرەبا خواردن بوو. خێرا بە خۆیدا هاتەوە, پەلاماریدا. سەگ ڕایکرد و کەشەفە نخوون بۆوە. بەدەم گریانەوە ئەو چەن دەنکەی کە مابوو, لە نێو خۆڵەکەی هەڵگرتەوە و بە پاتۆڵەکەی بەر بووە سڕینیان.**

*** لە شاری سەقز جۆرە شیرینیەکی هەرزان بایی دروست دەکرێ پێی دەڵێن مرەبا یا خود مرەبای شەکر.**

## سـاز

ئەی هاوڕێکەم
واساڵێکە هەستی پەنجەکانم,
ئاوێتەی تەلەکانت نەبووە.
ئەوە ساڵێکە...
ڕەنگی زەردباوتم لێ وونە.
دەزانم ئێستا ڕەنگ زەردتر بووی
لە وێنەی من.
هەموو ڕۆژێ,
ئەوەندەی, بە خولیاوە... تامەزرۆوە
وەك دایك و کوڕێکی چەند ساڵ نەدیوو
پەنجەکانم, تەلەکانت
لە ئامێزی یەکتریدا خەویان دەدی.
هەموو ڕۆژێك
دەمگریاندی... دەتگریاندم.
بەبێ تۆ ئێستا ,
خەوەکانیشم لە پەل کەوتوون.
پەنجەکانم ئەگەر چاویان هەبا
ئێستا ڕوبارێکیان چێ کردبوو.
ئێستا دڵم,
کەسێ نیە بیهەژێنێ.
کەسێ نیە دڵی کەوتووم ڕاستکاتەوە.
بەبێ تۆ,
خەریکە خواش لێم زیز ئەبێ
دەیتۆرێنم.
ئەقڵم دەمێکە کۆچی کردووە لام.
فرمێسك بۆ فرمێسکی..
ساتی نزیکیت ئەبارێنم.
دەزانم تەنیا ,
ئەوەی لە دەستم ماوە,
کۆمەڵێك تنۆکی ئەشکە..
ڕۆژێ ئەویش بە جێم دێڵێ.

**کارزان عومەر**

# شاهۆ و دارگوێزەکانی

محەمەد فەریق حەسەن

شاهۆ باخەوانێکی بەدەربەستە. هەمیشە لە خەمی باخەکەیدایە. ئەو بنکی دارگوێزەکان دەکوڵێ و زەویەکەی شی دەکاتەوە. پەینیان دەکاتەبن. لەکاتی خۆیدا ئاویان دەدا. لقەوشك و نەخۆشەکانیان هەڵدەپاچێ.

ڕۆژێکیان شاهۆ بە خۆشحاڵیەوە لەدارگوێزێکی مەزن ورد دەبۆوە. دارگوێزەکە بەهەزاران گوێزی گرتبوو. لەناکاو گوێی بەگلەیی زرینگایەوە. دەنگەکە لە لقێکی بەرزەوە دەهات و دەیگوت: ( شاهۆ ئەوەبۆچی سەرنجی ئێمەنادەی؟!) شاهۆ وتی:

(ئاگام لێتانە . بێچاوینبن.. ئەمساڵ لەسایەی ئێوەوە دەسکەوتێکی باشم دەبێ!)

گوێزێکیان وتی:

(ئێمە سێ لەقانەکەی ژوور سەرتین. ئێمەجیاوازین!) دووەمیان وتی:

(نابینی؟ هەر یەکەمان دوو هەندەی گوێزێکی ئاسایی دەبین؟!)

سێیەمیان وتی:

(نابێ ئێمە لەگەڵ گوێزەکانی دی حیساب بکرێین.ئێمە شای گوێزانین. هەروەکو ناشبێ ئێمە بەنرخی ئەوان هەرزان فرۆش کرێین!) شاهۆ وتی:

(چاوم لێتانە. ئێوە بەقەبارەش گەورەترن. بریا هەموئەوانی دیکەش وەك ئێوە گەورەبوونایە. بریا هەموو دارگوێزەکان سێلەقان و چوارلەقانیان بگرتایە!)

یەکەم وتی: ئێمە تامیشمان خۆشترە!)

فەریکە گوێزەگانی دیکە خۆهەڵکێشانی ئەوسێ گوێزەیان لەبەر دڵگران بوو. فەریکەگوێزێك نەختی بە تووڕییەوە وتی:

(هەموومان بەرهەمی یەك دایکە دارگوێزین و جیاوازیمان نیە!)

شاهۆی خاوەن باخ, هەرجارێك سەردانی باخەکەی بکردایە. گوێی لە شانازی و خۆهەڵکیشانی ئەو سێ گوێزە دەبوو. جارێکیان یەکێکیان وتی:

(ئێمە وەك ئەوان گوێزە قڕاڵە نین. ئێمە شایانی خوانی مەزنەپیاوانین!)

فەریکە گوێزەکان کاردۆژە بوون. پایز هات و توێکڵەکانیان وەری. هەندێك خۆیان دەکەوتنە سەر زەوی, هەندێك شەنیەر بە شەنەکەی دەیتەکاندن. شاهۆ سێ گوێزەکەی دەناسیەوە. لەپەنایەکدا بەجیا داینابوون.

ڕۆژێکیان شاهۆ بۆ بەرچایی ئارەزووی گوێزی کرد. سێ گوێزە ناوازەکەی هاتەوە یاد. هەرسێکیانی هێنایە سەرخوان. ماوەیەك لەدەستیدا هێنانی و بردنی. ئەوان کاتی بەریەك دەکەوتن, لەگوێزی ئاسایی پتر دەنگیان لێوەدەهات.. شاهۆ یەکێکیانی بۆخۆی دانا. یەکێکیانی بۆخێزانەکەی سێیەمیشی دابە کیژەکەی.. کاتێ گوێزەکانیان شکاند, چی ببینن باشە؟

گوێزی یەکەم پووچ بوو.. گوێزی دووەم پووچ بوو.. گوێزس سێیەمیش هەر پووچ بوو.. هەر سێکیان لەدیوی ناوەوە ڕەش ڕەش وەك ڕەژوو وابوون.

شاهۆ وتی:

(ئەوانەی خۆیان لەهاو توخمەکانیان بە باڵاتر و گەورەتر دەزانن، هەمیشە ئاوا پووچن.. گوێزی پووچیش دەنگی زۆرتر لێوەدێ تا هی ساغ!)

لەسەر خوانەکە ژمارەیەکی زۆر گوێز هەبوون, بەڵام ئەوگوێزانە, هیچ کامیان پووچ نەبوون.

کۆپنهاگن ٢٠٠١ / ٠٧ / ٠٨ محەمەد فەریق حەسەن

**سێلەقان:** یەرەلەقان. سێ گوێزپێکەوە لەشێوەی هێشوودا، دوولەقان و چوارلەقانیش هەن.

**قڕاڵە:** قڕاڵی، بەو گوێزە دەڵێن کەهەر بە فەریکی سیس دەبێ و دەوەرێ. کاردۆژە دوای فەریکبوون دێ, ئەو گوێزەی کەبەچەقۆ دەردێ و بۆخواردن دەشێ.

**شەن:** دارێکی درێژە، سەرێکی کەمێ ئەستوور و ئەو سەرەکەی باریکە. بەزۆری لە لقی چنار دروست دەکرێ و گوێزی پێدەتەکێندرێ.

**شەنیەر:** ئەو کەسەیە کە شەنی پێیە, سەر دارگوێز دەکەوێ و گوێز دەتەکێنێ.

ئەم زاراوانەش بەزاری شیرینی هەورامین. بێچاوێنی بن. لەچاوی پیس بەدووربن: خوان سفرە.

# کوشتەی زاڕوڵیوێ



سیامەند هۆرامی

ڕۆیۆی سادەن ڕوجیار جەلاوە مدێونە دەشتەکی ,پی زوانە سەعاتە کیچ مدۆوەنە، ئاخر ئارو یەك شەمەن. مابەینو دوی پەڵە یەوانە دوی جوانی تووڵە ڕێوەشا ئیسینوێ کە چاوەڵتەر هەرگیز نەلێببینیش پونە , پەنجەری یەرە دەگاو دلی دەشتەکی بەرق مدۆوە.

پییێ دیاروو جامیوێ سەروو میزەکا ئاشپەزخانەیوێ ڕپش تاشا و ژەنێ دەم بە زەمزمەو گورانیاوە نانوو قاوەی کوت کەرا و زاڕوڵیچ نیشتینیرە و قلۆپچی چیر گجیەکاشا هور ویارا.

بنە ڕۆیۆو وەشوو رۆیۆی خرابیا. چوون چێ روەنە مشیو زاڕوڵیو دەگای یەرەمەنە بە دەسوو کابرێوێ وەشحاڵی کوشیو.

زاڕوڵەکە نیشتەنەرە و هەڵای هەر خەریکوو دگما چیر گجیە کەیشا. ئاپیا کە ڕپش تاشو ماچو ئارو گەرەکمانە ڕوخانەرە بە بەلەم سەفەریو کەرمی و ژەنەکی دەم بە گورانییوە نانە تازە کوت کریاکەی دۆرییوێ کە وەنە منیو سەروو میزەکیوە.

سەییوە مەگنو سەروو ئاشپەزخانەکەی و پێ حاڵە ئا پیا کە مشیو زاڕوڵە کەی کوشو دەگای یەکەمەنە لا پومپ بەنزینیوی سووریەنە مدران. پییێوی وەشحاڵا و مدیای مدێونە کامیریو. شیشە کینە ماشینیوی کەوە و لا ماشینەکەیەنە کناچیوەی جوانە وینو کە خوای خوو. هەم زەمان چەنی ئانەیە کناچەکی خوو و پیاکە ئانگارە زەریفەیە گیرو، بەنزین ورەشەکە پیچوو سەروو باکەکەی سفت کەرووە و ماچو ڕۆیۆێ وەشتا بو.کناچەکی ملونە ماشینەکەو ئا پیا کە مشیو زاڕوڵیو کوشو کیفوو زەرەکەیش کیسەنە بەر مارو و ڕوو بە کابرای بەنزینچی ماچو گەرەکمانە بلمی تا لا دەریای و چاگە قایقیو قەرز کەرمی و پاروو دەیمی وەنە پەی یاگیوێ دووری. کناچەکی کە وەرۆ نپشتینەرە جە لا شیشە ئەرەدریا کاوە مژنەوو پیاکە چیش ماچو ,چەمی منیو پیوەرە و دەریای مارو وەروو چەماش و پیاکەی قایقەکەنە لا ویشەنە وینو. پییێوی خراب نیا، سەرحاڵ و شادا.

پیاکە وەڵی ئانەیەنە بلونە ماشینەکە لا ڕادیاتەکەیەنە کە دیاروو ڕوجیاریوێ بەرق مدۆوە تاویو مدرورە و جە شۆقوو بوەو بەنزینی و عەتروو ویکولاێ لەزەت بەرو. سەییوە مەگنو سەروو ماشینەکەی و ئا سپەریچە نەقپیان و بە ونیچ سوور نەبیەن. وەلێ هەم زەمان چا وەختەنە کابرا دەگاو یەکەمینە و ماشینەکەنە بەرەو لا چەپوو ویش مدۆ پۆ و دگمی ستارتەکەی بەر کشیو، ژەنەکی دەگاو یەرەمی بەرەو کومیدە کەیشا کە روو و هیچ قەند مەییزووە.

زاڕوڵەکە کە دگمی چیر گجیەکەیش هورش ویارێنی و بەنی پاڵەیەکاش بەسینیش سەروو موبلەکاوە بە زەنگوڵی مدرانەرەو چەمش دارانەنە روخانەکەی کە بەینوو تایلەکانە کیشیو و تەماشاو ئا بەلەمیە کەرو کە بەرکیشیان و کیشیان سەروو گیپاوەکەیەرە. ئا پیا کە مشیو زاڕوڵەکەیش جە دەس دو. ڕپشەکەش تاشتەنش و خەریکا جامەکەی بپنووە.

سەروو میزەکیوە پیاڵەکی و نانەکە و سەرشوت و مەشێ گلیرینی. تەنیا قەندا کە یاگیش هاڵیەنە.ئەداکی ماچو بە زاروڵەکەی تا برەمو پەی یانەو لارسونی و چند کلۆیو قەرز کەرو. وەختیو زاڕوڵەکە بەرەکەی کەرووە پیاکە چڕو شونیشەرە تا خیراکەرو, چوون بەلەمەکە ئینا کەنارەکەنە مدرانو ماتڵشانە تا ئیدێ بلا و مشیو بلا پەی یاگیوی دووری کە تائیسە نەلێنی.

زاڕوڵەکە زەمانیو باخچەکەنە مرەمو هەرئپنا فکروو روخانەکەیەنە و ماساوانە وەختیو ماڵا بانەو ئاوەکیرە و کەس مەپچنو گوششەرە, کە تەنیا هەشت سەعاتیش مەنەن دنیایوێ و بەلەمەکە ئاروە و چند ڕۆی چا دما تەریچ هەر مشیو یاگی ویشەنە مەنووەو و تەکانی نەوەرو. تا لاو یانەو لارسونی فرە دوور نیا، ڕیك ئپنا چۆدەسوو جادەکەیوێ و درووس وەختیوەنە زارۆلکە بە ڕەمای سەروو جادەکەیەنە کە رووە ئۆدەس، ماشپنە کەوەکە دلی دەگاو دوەمیەنە توزە کەرو. دەگێوەی وردیەنە بە یانی سووری گوڵانی و مەردمیوێ تازە وەرمەنە هورسوێ، کە ئاشپەزخانەکاشانە نپشتینیرە و فنجانی قاوەیشا بەرزی کەردینێ و چەمشا ئپنا ماشینەکەیوێ کە چۆدپموو پەرچپنەکانە هۆریوی بەرزش جە توزی وسەن شونەو ویش و تیژ تیژیو ویەرو. هەر فرە تندێ ملو کابراو پەشتەو فەرمانی چنارەکا و کوڵەکە تازە ڕەنگ کریاکا تلگرافەکەی وینو کە هەر پیسە سەیە بووڵپنا ویەرا و شاریاوە. هەواکیشەکە هەواو هامنێ مارو. دەگاکینە مزیاوە.وەشی و دلنییێ ئپنێ

**دلیراسەو جادّەکەیەنە و تەنییّنی_هەلآی. وەشا تەنیا سەفەر کەردّەی جادّیوپ نەرم و پانەنە و بەرۆ, دەشتەنە ئیتر هەر فرە وەشا. پیاکە پییّوپ سەرحال و تەوانان. بە هەرەژنەی پاسش جارجار هەس بە بەدّەنوو ژەنەکیش کەرو. پییّوی خراب نیا.پەلەشا پەی دەریای. بە زەحمەت بتاوو ئازاروو مەشیوپچ بدو. کەچپ ئپستە مشیو زاپولّیو کوشو. ماویو بە تیژ پوەو دەگاو یەرەمی خورپاوەنە. کناچەکی دووبارە چەمی منیوە پییوەرەو کەی کەرو. گەرەکشا چەمی نەکەرووە تا زەمانیو بتاوا دەریای وینا. چەنپ لەرەو نەرموو ماشینەکەی ملونە خەیالّی و وەروو ویشەرە ماچو داخو دەریا چندّ ساف و روشن بو. نیا زندگی ئیندّە نامیهرەبان بنیادّش نریان دەییقیو وەلّی ئانەیەنە پییّوپ شادّ زاپولّیو کوشو هەلآی هەر وەش حالآ. هەرپاسە ژەنیوەیچ دەییقیو وەلّی ئانەیەنە جە وەحشەتەنە هاواری کەرو ، متاوو چەمی بنیو پییوەرە و بلونە خەیالّی دەریای. ئەدّا و تاتەو زارّولّیوپچ جە دەییقە و ئاخروو عەمروو زاپولّە کەیشانە متاوا ئاشپەزخانەنە بنپشارە و چەمەریّ قەندّی مدرا و باسوو ددّانە چەرما زاپولّە کەیشا و قایق سواری کەرا. زاپولّەکەیچ ویش متاوو بەرەو کەلەبەریوی بپنووە و بە چند کلّوە قەندیو تو کاغەزیوپ چەرمەیەنە و دەسپ پاسۆ، جادّیوەنە پرووە و سەراسەروو ئا دەییقەو ئاخریە بیجگە جە پوخانیوپ دریژ و پوشنی و ماساوپ گۆری وبەلەمیوی پان و پاروی بی دەنگی، هیچی تەر نەوینو.**

**چامای گردّچیو ئپتر دیرا. چامای ماشپنیوپ کەوە بە لاریِ سەروو جادّەکەیۆ مدران .چامای ژەنیوە دەم بە قپژۆ دەس سەروو دەمپشۆ لا بەرو و دەسەکەش ونپش تکیو چەنە.چامای پییّو بەرەو ماشپنیوپ کەرووە و کوشش کەرو تا سەروو پەیاوە ویش گیرو کەچپ ولّیوەی گۆری جە وەحشەتپ دەروونشەنە ببینەرە .چامای چندّ کلّوە قەندّیو بی مانا دلی ون و لمیەنە پژییّنی و زاپولّیو بی ژلّیوە کوّتەن لەمەرە و چرِ و چەمش سەخت کویان جادّەکەرە .چامای دوی کەسی رەنگ پریّ کە هەلآی نەیاوێنی پورە قاوەکەیشا بوەرا بە رەمای کەلەبەریوەنە مزیاوە و چەمیو وزا ئۆ جادّەکەی و تەماشەو دیاردیوپ کەرا تا هەرگپز ویرشا نەشووە.**

**ئانە کە زەمان گردّ زامیو ساپیش کەرو راس نیا. زەمان زاموو مەردّەی زاپولّیوپ ساپیش مەکەرو و هەر فرە خراب دەرمانوو ئیشوو ئەدّیوی کەرو کە ویرش شیەبو قەندّ بسانو و زاپولّەکش کیاسەبوش تا چوّدّەسوو جادّەکیۆ قەرز کەرو . هەر پاسە خراب دەرمانوو پەریشانپ پییّوپ ـ زەمانیو وەش حالپ ـ کەرو , کە ئادّش کوشتە بو. ئانە کە زاپولّیوش کوشتەبو ئپسە ئپتر مەلو پەی دەریای . ئانە کە زاپولّیوش کوشتەبو یەواش و بی دەنگیو پوەو یانە خورووە وەنە و ژەنیوەی جە زوان کوّتی و دەس هور بپنییّش ئپنا لا دەسیەنە و جە گردوو ئا دەگایانە کە ویاراشا تاکە بەشەریوپ شادّ مەوپنا.سەیەکی تارپك تەرینی, وەختیو جە یوی جییّ باوە هەلآی هەر بی دەنگیا , پیاکە کە زاپولّەکەش کوشتەن مزانو ئپ بی دەنگیە دژمەنشا و سالّەها جە عەمرپش لازما تا چەنەبەرش بیّ و بیاوو پانەیە بتاوو هاوار کەرو و واچو خەتاو من نەبی . بەلآم ئادّ مزانو ئپنە دروینە و جیای ئانەیە مشیو چیّولای جە خەو و خەیالّی شەوانەنە ئاوات بوازو ئۆ ئەوە گیلآی تەنیا دەییقیو جە عەمرپش تا بتاوو ئا تاکە دەییقەیە گیلّنو بە باریوتەرەرە .**

**وەلی ژیوای ئیندّە نا میهرەبانا چەنپ ئا کەسیە زاپولّیوش کوشتەبو کە شونیەرە ئپتر گردّ چیو دیرا .**

**نوپسەو ستیگ داگرمان ی**

**تەرجمەو سیامەند هوّرامي**

## سوپاس و پیّزانین:

**ئازیزانم بەش بە حالّی خۆم، هەرکات چاوێك بە لیستەی نۆسەران، پشتیوانان، یارمەتیدەران و خوینەرانی گۆڤارەکە و یانەی سارامانداا دەخشێنم، دەرد و ڕنج و کەندو کۆسپی سەر ڕێگای کار و کۆشش وچاوەڕوانی چەندین ساڵەم، کە بەئاکام گەیشتوە. لەش و لاری دەورانی پیری و پەك کەوتوییم، وەك پیرە دارێکی لق و پۆپ هەڵپاچراو، پەیوەندکراو، سەر لە نویّ، چڵ و چرۆ هەڵاڵە کردوو، لە بەهاردا دە بینم.**

**خۆشەویستانم، بێگومان گۆڤاری جیهانی منداڵان، بە هەست و خواستی مرۆڤدۆستانە و بەرهەمی بە پێزی خامەشیرین و ڕەنگینەکانی ئێوەی ئازیز و خۆشەویستمانەوە توانیویە، بە تەمەنێکی کورتی کەمتر لە یەکساڵ خۆی لەسەر سایتی چەندین ئەنتەرنێت ببینێتەوە و بەئاسانی خۆی بخزینێتە ناو چەندین پەڕتوکخانەی گشتی و تاکەکەسی دا.**

**دڵنیام ئێوە نەك پشتیوان و یارمەتی دەر بەڵکو، خۆتان بە خاوەنی یانەو کۆڤارەکە دەزانن. هاوڕێتان عەلی کیتابی**

# چمکێکی چکۆله له ڕۆمانی سارا

حەوت شەو و حەوت ڕۆژی ڕەبەقە مام کەریمی ماڵ بە کوڵ و وەیلان بە ڕێوەیە. دەیان بەرەوژوورەی پرووکێنەری وە پشت سەرناوە. ئیستا ئەوە دوو شەو و ڕۆژە بە دۆلی شلێردا بوی شوڕ بوتەوە، بەرەو ژووره مانابێ نەهاتوتە ریگەی. لەگەل لارەوبوونی، لانکە سیبەری ئیوارەدا دەگەنە سەر چاوگەی گوندە کونەکەی تەرەتووڵی.

مام کەریم پالێکی بو دەداتەوە بە کوڵەکەیەوە. بەرلەوەی قوڵفی‌تەنگاوتیلکەی کوڵکەی بترازینی و شان‌وملی شەکەتی لەچنگ رزگاربکات، خیرا خەو دەی تلیسێنێتەوە. سەلمە و حەمە چکول وەک بارە سویسکەی تینوو خویان گەیاندە چاوگەی کانیەکە و بە جووت بینیان پیوەنا.

سارا لە سەرەخو بوخچەکەی کولی کردەوە؛ دەم وچاویکی بو شوری‌ودەستیکی بە بسکە توزاویە کانی‌دا دینێ. مام کەریم پاش وەنەوزدانێکی کورت دیتەوە سەر خو، بریک خوی فینک دە کاتەوە و دەلی:

- ساراگیان دایک و خوشکەکەم، بەرە و ژووره یەکی توخس و پرووکینەرمان لە پێشە؛ بریک زوو بوی نەجوولیینەوە ناگەینە گۆندی دەرە ورگان یان( نزآرە) و شەو بە کیوەوە دەمینینەوە.

- بوچی بابە گیان هیندە دوورە؟!

- نا کچم هیندە دوور نیە؛ ئەگەر من تەنیا بام و ئەم کوڵە قورسەم بە کولەوە نەبا، هیشتا زەردە بە قەبرغەی (قەلای کچیوه)* دەما، دەگەیشتمە دی. بەلام من یەکجار ماندووم و ئیوەش هەر ئەوتو.

سارا سەرنجیکی بەرەوژوورەی چرۆپر لە شەخەل و شاخاوی وشکەتوولی دەدات و دەلی:

- بابە گیان هەشت نو نانمان پییە، بە قەدرای ژەمیکیش زیاتر قەند و چامان پێیە. خو ئەگەر نەگەینە گوندیک، دەتوانین ئەمشەویش بی سا چینین.

سێبەر ڕژاوەتە داوینی چیاکان. مام کەریم لەرەلەر، بەرەوژوورەی وشکەتوولی گرتە بەر. سارا و سەلمە وەپیش‌کەوتن. پیرە پیاوی هەناسە سارد، ئارەقەی رەش و شینی دەرداوە؛ لارە لار و لەترە لەتر، دەلیی شەپلە لیی داوە. هەر چەن هەنگاو و هەلویستەیەکی بو دەکات. جار و بار چەن هەنگاو بەرەو پیش‌دەنێ و هەنگاویکیش بەرەو دوا دەکشیتەوە. بە ناچاری پال بە بارستاییەکەوە دەدات و ملی لە تەنگاوتیلکەی کولەکەی دەردینێ. بو (رە فعی) ئیحتیاج بریک لە کول و منداڵەکانی دوور دەکەویتەوە. لە پشت دەومنیک‌دا خوی بریک بو سووک دەکاتەوە. کە کزە بایەکی فینکی ئیوارەکات لە لەشیّ تەر وتلیسکی دەدات، وەک نەخوشی (سێوەرو)دار، لەشی دەست بە لەرزین دەکات و ئەژنوکانی دەکەونە هەژان و تەزین. لە ترسی سەرما، خوی دەنیتەوە بەر کولەکەیەوە. ئیستا لە چنگ میردەزمەی سەرما رزگار بووە بەلام دیوەزمەی دزیوی پیری و ماندوویی، بەربینی پیگرتووە و برەسی لیبریوە. شوینەواری ئارەقەی وشکەوەبووی بن هەنگل و سینگ و بەروکی بە دەم کزە باوە، دەلیی دودانە شیریژی کەیبانووی ناپلوخە، کەرەکیفەی هیناوە. لە هەر پیچ وقەمچی ریگە و بەرەوژوورەکەدا، بو سووکە پشوودانیکی سەر پییی هەلویستەیەکی بو دەکات و پال بە بنکی بەرووداریکەوە دەدات بەو هیوایەی هەرنەبی، هەورازەکە وەپشت سەر نیت و خوی بگەیینیتە کانی و ئاوەکەی ئەو دیوی کەل؛ خودلی نایەت وەزعی نالەباری خوی بو منداڵەکانی بدرکینی. هەمدیس پال بە بنکی پیرە داریکەوە دەدات، بێ ئەوەی بویری کولە کەی لە خویبکاتەوە. سارا که هەست بە پەک کەوتوویی باوکی دەکات دەلی:

- دەک لال بم بوت بابەگیان، بە خوا پەکت کەوتووە. با من کوڵەکەی تو هەلگرم و لەم بەرەوژوورەیە بوت سەربخەم؛ تویش دەستی حەمە و سەلمەم بوو بگرە و وردە وردە وەدووم کەوە.

- نا کچم، با تویش پەکت نەکەوی. خو تویش لە باوکت کەمتر ماندوو نیت. لەو ڕوژەوە لە گوندی (ماسیەری شیخ) وەدەرکەوتووین، حەمە گیان بریک ناسازە و هەر بە قەلاندوشانتەوە بووە.

- سارا دەنیشیتە بەرکوڵەکەی باوکیەوە و یەک ووچان و بیپشوودان دەیگەیینیتە سەرکەل، دایدەنێ واول دەکاتەوە سەر باوکو خوشک و براکەی، دیسانەوە حەمە دەکاتەوە قەلاندوشانی. مام‌کەریم لەترە لەتر بە دوای سارادەکەوی. کە دەگاتە پەنای کوڵەکەی دەلی:

- ئیستائیتر پشوویەکم هاتوتەوە بەر و بەرەو ژووره پشمان نەماوە. بە قوربانت بم با پشوویەکت دەرچێ، تویش پەکت نەکەوی.

تاریک‌و لیڵەی ئیوارەیە. هەتاو چەن پەڵە هەوریکی زەردو سووری لەسەر پوپەی کیوی( تاریدەر ) لە شوین بە جیماوە کە وردە وردە رەش هەلدەگەرین. پول پول ریشوڵی و قاز و قوڵینگ قارە قاڕ و جریوە جریو بە سەر سەریاندا بەرەوگەرمێن دەڕون. مام کەریم ئاخیک هەلدەکیشێ و لە دلی خوی‌دا دەلی: «...بریا ئیمەش وەک ئەو قاز و قوڵینگانە پەڕ و باڵمان هەبا و لە بوڵە بوڵ و منەتی بریک خانەخوی بە دوور باین.

دیسانەوە دەنیشیتەوە بەرکوڵەکەیەوە و وەپیش منداڵەکانی دەکەویت. کە لە کانی و چنارەکانی سەرکەلی (تەرەتوولی) بە رووکاری گوندەکانی دەرەورگان و نزارەدا شور دەبنەوە، دەنگی زەنگ و غەلبە غەلبی سەر کانی دی. سارا دەپرسی:

- بابەگیان، ئەوە لە گوند و ئاوەدانی نزیک بووینەتەوە؟

- نا کچم، بیشک کاروانین و لە سەر کانیەکە خستوویانە. ئەم کانیە مەکوی کاروانی و ڕیبوار و دز و دروزنانە.

- بابە گیان، کاریان بە ئیمەوە نیە؟

- نا ڕوڵە گیان مەترسە، خو ئیمە نە دینمان هەیە شەیتان بیبات و نە مالمان هەیە رەحمان بیبات. کە نزیکی کانیەکە دەبنەوە، دەبینن کاروانیک دەستیان داوەتە بارکردن، بەرەو شلیر و سەرشیوی سەقز دەڕون. دیارە نان و چایان خواردوە، بەلام هیشتا توشەبەرەکانیان کو نەکردوتەوە.

ماندوو نەبوونی و بە خیر هاتن ئاڵ و گوڕ دەکری. مام کەریم کە لە پەنای کانیەکەدا پالی دایەوە، گویی هەلخست یەکیک لە کاروانچیەکان بەوی دیکەیان دەلێ:

- بە خوا دیارە ئەو پیاوە پیرە هەژارە تەواو پەکی کەوتووە؛ تو تماشای شان و ملی بکە، کەفی دەرداوە، دەلیی خەستەی توورەکە دوی تیهەلسواوە. بەخوا دەلیم بریک نان و قەند و چایان بو بەجێ بیلین.

پیاویکی گەنم رەنگی کەلەگەت، ڕانک و چوغەیەکی سپاتی پیینەکراوی شر و شیتاڵ لە بەر، جامانەیەکی چمک‌سووتاو، جووتیک کلاشەّچەکی ژیرە لاستیکی بە بەن‌چنراو، کیسە توتن بە لاقنگەوە، لە مام کەریم نزیک دەبیتەوە. سەبیلیکی بو تیدەکات و پولویکی لە کوگای ئاورەکە تەریک کردەوە؛ سەبیلەکەی پێ چاخ کرد؛ بە ئیشتیا چەن مژیکی لیدەدات و دەپرسێ:

- ئەری مامە گیان کەرەستەی چا لینانتان پییە؟

- ئەریوەلا کتریەکمان پییە؟

- ئەی نان و پیخور چی؟

- وەلا پیّخور نا، بەلام سێ چوار نانمان پییە. کابرا ڕوو دەکاتە سارا و دەلێ:

سێچوار نان چ نیە. ئادەی خوشکم کوشت بگرە با ئەم نان و قەند و چایەی تێکەم. دیارە ئەمشەو لیرە دەمێننەوە. کتریەکەشتان بێنە با ئەم چایە نەڕیژم، حازر و ئامادەیە. سارا دەلیَئەی مامە گیان بو خوتان؟

ـ ئێمە نان و قەند و چای دیکەشمان پێیە. بەخێر هەر ئەمشەویش دەگەینە مەنزل. مام کەریم ڕوو دەکاتە کابرا:

ـ زور سوپاستان دەکەم. یاخوا خێر بێتە ڕێتان.

سارا کتریەکەی لە کتریە چای کاروانیەکە پڕکرد و دەستی بە چا تێکردن کرد. پاش ئەوەی تێر و پر چایان خواردەوە، دیسانەوە کتریە رەشی پڕکرد نایە لای کوگای سکلی سەختەدار، ئینجا بە شینەیی دەستیان بە نان خواردن کرد. لە چاو تروو‌کانیکدا دیسانەوە کتریە رەش دەستی بە دووزەلە لیدان کرد. سارا پرووشێک چای کردە سەر و سەر لە نوێ چای تازە دەمی بو باوکی تێکرد. مام کەریم کەوتە ناو دالغەوە. دەیان خەیالی ناخوشی بە میشکدا دەهات. خوی بە خوی دەلیَ: «...ئیستا منی ماندوو و مردوو، دەلیی شەپلە لیی داوم لەم لابەلا و لالیژیە دا، بەم کولە قورس و نالەبارەوە تلور بمەوە تەوراس‌برێک بچبتە ورگمدا، ئەم مندالە بێدایکانە، بێباوکیش دەکەون؛ بەم شەوە تاریک و تنووکە، دەبێ ئەم بەستەزمانانە تووشی چ روژەرەشیەکی چاوەروان نەکراو بن؟

پیالە چاییە داخەکەی دەستی بەسەر سینگ و بەروکیدا، ڕژا بو ماوەیەکی کورت پەتی خەیالاتی پچرا. سارا خیرا پیالەکان دەبات، دەشوات ودەست و دەم و چاویکیشی بودەشوات. چەن چلوسکێک دەخاتە سەر ئاورەکە و دیسانەوە چایەکی پاک و خاوین بو باوکی تێدەکات. بسکی شوراو و لاجانگی تەر و تلیسکی سارا لە بەر سولە سولی ئاوری داربەڕوو، سەرنجی مام کەریم بەرەو خەیالیکی خراپتر رادەکێشێ و خوی بە خوی دەلی: ئیرە شەوانە هەمیشە مەکوی دز و جەردە و پیاوخراپانە. ئیستا ئەگەر تاقمیک ئیرە زەلامی یاغی و کیوی و خوانەناس بێنە سەر ئەم کانیە، چون چاوەروان دەکریت دەسدریژی نەکەنە ئەم پاروەناسک و تەڕ و تەرچکە؟! ڕوو دەکاتە سارا و دەلی:

ـ ساراگیان، بە قوربانت بم ئەو چلوسکانە لە ئاورەکە برێک دوور خەرەوە، بیان کوژێنەوە؛ جام و کتریەکەیش پر بکە لەئاو، چون دەبێ برێک لیرە دوور کەوینەوە بچینە جیگایەک ستار بگرین.

بێچرکە دەنیشیتە بەر کولەکەیەوە. بە شینەیی لە کانیەکە برێک دوور دەکەونەوە، لە کەوانەی کانیەکەدا، لە بن بنکە مازواریکدا خویان دەخزێننە ناو لانە بەرازیک. جاجمیک رادەخەن و یەکیکیش بە خویان دادەدەن. حەمە و سەلمە وەک جووجەلەی تازە کەچەلەبوو، خویان خنیە بن باخەلی باوکیاندا. هیو هیوکەرە لە دوور و نزیکان دەست بە هیوهیو دەکات. مندالەکان بە ترسەوە دەپرسن: ـ بابە گیان، ئەوە گورگ نیە؟

ـ نانا ڕولە گیان، ئەوە پەلەوەریکی تووک تالی کیویە، هەر بە قەد مریشکێک دەبێ؛ پیی دەلین هیوهیوکەرە. ئەویش ئیستا بە خاو و خیزانەوە، وەک من لە ناو کون و کەلەبەریکدا بێچووەکانی خنیوەتە بن بالی، هەتا بەیانی بو ئەوەی مندالەکانی نەترسن و دوژمنیش وانەزانێ خەوتوون، هەر دەلیَ: هیییوهیییو. سارا دەلی:

ـ بابە گیان ئەتو بخەوە زور ماندووی. من خەوم نایەت، هەر کاتێک خەوم هات بانگت لێ دەکەم، جا منیش وەنەوزیک دەدەم.

مام کەریم لە تاو شادەمارەکانی سەر شان و مل و ناوشانی، ئوقرە و ئارامی لێ براوە، ناتوانێ بنوی. هەر ئەمدیو ئەودیو و ئەم شانە و شانی بو دەکات. ناتوانێ پینج دەقیقە لە سەر لایەکی ستار بگری. تازە حەمە و سەلمە خەویان لیکەوتووە، پرمە پرم و بولە بول لە پەنایاندا دەست پێدەکات. سارا بە ترسێکەوە دەسرکێنێتە گوێی باوکیەوە:

ـ بابە بە قوربانت بم ئەوچین نامان خون؟

مام کەریم دەم دەنێتە بناگوێی ساراوە و بە سرکە دەلیَ:

ـ نا مەترسە بە قوربانت بم، ئەوە هوورەوە بەرازن. جا چاوت لە باوکی خوت بێت، ئیستا وایان دەتوقینم قەت نەوێرن ئا بەم هەرد و هەویلەیشا بێنەوە. هێور هێور دەست دەگێری، خرە بەردیک دەکەوێتە دەستی. دەنگ ناکات تا قرو قەپوزی بەرازیکی لی نزیک دەبیتەوە؛ بە هەموو هیزی خوی خڕە بەردی پرە مشت و لەبار دەسرەوێنێتە لمبوزی بەرازەوە. بەڕازی ناخافل پر بە خوی دەزریکێنێ و بازرەقە دەبەستیت و بە کەللەوە دەدریت بە تەمووی بنکی داریکدا و کاس و واس، تلور دەبیتەوە.

سارا کە سەرەتا ترس هەموو لەشی داگرتبوو، بە بینینی بەراز و ئەنگاوتنی دەست و مشتی باوکی و ترسەنوکی هوورەوە بەراز بە جاریک سامی دەشکێ، لە ژیر جاجمەکە دیتە دەرەوە و دەست بە پیکەنین دەکات و دەلی:

ـ دەک دەستت خوش‌بی بابە گیان. باوک دەلی:

ـ وەرە کچم بنوە، با ماندوویت دەرچێ.

سارا بە خەیالیکی رەحەتەوە خوی کردە پەنای خوشک و براکەیدا؛ خیرا خەوی لێ کەوت تا چاشتەنگاویکی درەنگ بە تینی هەتاو هاتەوە هوش خوی. کە دەستیکی بە چاویدا هینا و تماشای کرد، باوکی هەر ئەم شانە و شان و ئەم دیوئەو دیوی بو دەکات و هیشتا شەکەتی لە لەشی دەر نەچووە. سارا دەلی:

ـ بابە گیان، خو یەکجار درەنگە، نەڕوین؟

ـ بەری وەلا دایکم بە قوربانت بێ، دەڕوین. بەلام بە خوا گشت لەشم پیکدا شەمزیوە. ئەمشەو وەنەوز نەچوتە چاوم. یەکجار پەریشانم؛ گشت گیانم دەلیی تیلا کاری کراوە. پاش ئەم شانە و شانیک هەلدەستیت و دەلی:

ـ سارا گیان نانمان پیماوە؟

ـ ئەری وەلا بابە گیان، نانیش و قەند و چایشمان پێیە. خو ئەو پیاوانە هیندە نان و قەند و چایان بو بەجێ هیشتووین بەشی دوو شەو و روژی دیکەشمان دەکات.

ـ کچم کەوایە با بچینەوە سەر کانی و ئاوەکە، چایەکی بو لینێن با بە تەواوی بحەسێینەوە.

بە کەیفی خویان نان و چایەکی بو دەخون. دوای چیشتەنگاویکی درەنگ، مام کەریم وەک دوژمنی باوک کوشتە دەنواریتە کولەکەی. بە بوک و نابوک و ناچاری دەنیشیتەوە بەریەوە؛ مندالەکانی وەدووی خوی دەخات و بەرە و دەشتی نیوان ( نزارە ) و ( کو ئاوا ) و ( دەرە ورگان ) شور دەبیتەوە.

لە گەل فەقیی موستەعیدی مزگەوتی نزارە بو سەلای نویژی جومعە دەچیتە سەربانی مزگەوت، مام کەریم و مندالەکانیشی دەگەنە سەر حەوزە گەورەی داوین دێ و مزگەوتەکە.

مام کەریم کولەکەی دادەنی. هیندە لە کولەکەی بێزارە و ئارەقەی رەش و شینی پیوە دەرداوە، بێ ئەوەی ئاگای لە خوی بێ، چەن جار لە سەر یەک دەلی:

ـ ئەی خوا مەرگ، ئەی خوا مەرگ.

پیرەپیاوان بە پەلە بو دەسنویژ گرتن، ورووکاونەتە دەوری حەوزەکە؛ لەم بەرو ئەو بەر بێ مەحتەل بوون دەسنویژ دەشون خو بە مزگەوتدا دەکەن. دەنگی فەقیی مفتەخوری سەر مزگەوت وەک زەنگولە دەزرینگیتەوە. سە لمە دەلی: ـ

بابە گیان ئەو کوڕە جحیلە بوچی بە تاقی تەنیا بە سەر ئەو خانووەدا دەخولیتەوە و گورانی دەلیَ؟! خو گورانیە کەیشی پیاو

لیی تیٔ ناگات.

مام کەریم کە بیر لە ناوچەی کەلوڕ و مامانەکانی دەور و بەری باخ و بەیتوولی دەکاتەوە، کە نە مزگەوتیان هەیە و نە مەلاو فەقیٔ، بە زەردە خەنەیەکەوە دەلیٔ:

ـ ڕۆلە گیان ئەوە گورانی نیە، ئەوە فەقییە و قورعانی خویندوە. دەلین ئەوە وتەی خوا و پیغەمبەرە؛ بانگ و سەلا بو نویژکەرانی جومعە دەکات.

کابرایەکی بە سالاچوو، پشتیٔنیکی زەردی لە پشتایە بالی لیٔ هەلمالیوە دەسنویژ بگریت. بو ماوەیەک ماقی لیٔ ورماوە، سەرنج و تیفکرینەکەی لە مام کەریم و مندالەکانی، جیاوازە لە سەرنجی گشت دەسنویژگیران و نائاساییە؛ چاویان لیٔ ناتروکینیٔ، هەردەلییٔ بە شوین ونبوویدا دەگەریٔ و نای دوزیتەوە. هەر نەیزانی دەسنویژەکەی چون بگری، چاویان لیٔ ناتروکینیٔ.

پیرەپیاوی بە سالاچوو، هەستا بەرەو مزگەوت چوو بەلام هەر هەنگاویک و ئاوڕدانەوەیەک. کە گەیشتە بەر پلیکانی هەیوانی مزگەوتەکە بە پەلە گەرایەوە. لە دریژایی دەسنویژ گرتنیدا لە پەنایاندا سووکە ماندوو نەبوونیەکیشی لیٔ نەکردبوون بەلام ئەمجارەیان سلاویک ئاوقەی مام کەریم دەکات و دەلی:

ـ ئەری مامە گیان بو گەرمین دەچی؟

ـ ئەریٔوەلا مامە حاجی گیان.

ـ بو کاسبی دەچی یان بو فەقیری؟

ـ مامە حاجی گیان، لە سایەی لوتفی خواوە لەشم ساغە و قەت سوالیشم نەکردوە. تا ئیستاکە بە هیزی بازووم نانم بو مال و مندالم دەرهیناوە. خو شەل و کویر نیم، هەر نەبیٔ شوانی و گاوانی گوندیکم پیدەکریٔ تا نانی منەت و لارەملی نەخوم. ئەم کچەم کزر بووە و دەتوانیٔ بن مالەکەم بو بگریٔ و کورەکەم بو بەخیو بکات. ئەمەی دیکەشیان دواشوانم بیت. ئیتر سوالی بو؟ حاجی دەلی:

ـ هەستە هەستە مامە گیان. هو ئەو حەوشە تەیمانە دەبینیٔ ماینیک بە زین و بەرگەوە لە بەر درگاکەی بەستراوەتەوە، بچو بلیٔ حاجی عەلی ئیمەی ناردوە. خویشم هەر ئیستا نویژەکەم دەکەم و دیمەوە.

کە چوونە بەر دەرکی مالی حاجی، حەوش چ حەوش، کولی سوار رمبازینی تیدا بکات. ژنیکی بە سالاچوو کە تال تال مووی رەش لە ناو پرچیدا ماوە، بە تاقی تەنیا لە بەرهەیواندا نان دەکات. دوو کچولەی سیزدە چاردە سالە کە یەکیکیان هەر لە تەمەنی سارا دایە، بە جووت گاوسیکیان داوەتە بەر گوڕم مەشکە دەژێنن.

مام کەریم دەلی:

ئیرە مالی حاجی عەلیە؟ مام حاجی ئیمەی ناردوە، ئەم نیوەرویە میوانتان دەبین. پیرەژن دەلی:

ـ ئەریٔوەلا بە قوربانتان بم، فەرموون. یاخوا بە خیرین. کولەکانتان لە بن ئەو ساباتە دانین، هەر لەویش دانیشن.

کچەکان دەستیان لە مەشکە ژەندن هەلگرت. کچە چکول بە باییەیەکی زەلامەوە خوی گەیاندە دوودانەکە کە بە ژیر ساباتەکەوە هەلواسرا بوو تاسیٔ لە دوی شەو مەنەی سارد و خەست و خوڵ و ترش و مزری پر کرد؛ کەوچکیکی دارینی نەخشینراوی دەسکاری هەجیجی تیخستٚ و لە بەر دەمیاندا داینا؛ بەخیر هاتنیکی گەرمی لیٔ کردن و وتی:

ـ فەرموو مامە گیان.

ئەنجا لە حەمە چکول نزیک بووە. بە تامەزرووییەوە، تیرتیر ئەم لاولای ماچ کرد؛ هەناسەیەکی هەلکیشا و وتی:

ـ دەک بە قوربانت بم، بەخوا هەر کوت و مت لە حەمە ڕەسوولی برام دەچیٔ. کچە ئاو زاوەتە چاوی. پیش ئەوەی ببیتە فرمیٔسک و برژینە سەر کولمە ناسکەکانی، خوی دەگەیەنیتەوە مەشکەکە وڎەست بە گوڕم لیدان دەکات.

زوری نەخایاند حاجی هاتەوە؛ بەخیرهاتنیکی گەرمی لیکردن و ڕووی کردە پیرەژنەکە و وتی:

ـ دەی ئافرەت زووکە زوو نان و چایەکمان بەریٔ، دەبیٔ زوو بچمە دەم ڕانەکەوە. خو ئەو ناپیاوە هەروا هەلاتووە، ڕانەکەی بە سەر شوانی گاگەلی ئاواییەوە بەجیٔ هیشتووە؛ ئەوی تریشیان دوینیٔ وتی دەڕومەوە بەیانی زوو دیمەوە، بەلام بەخوا ئەویش تازە نایەتەوە. ژنە بانگ دەکات دهلیٔ:

ـ ڕولە ڕەزیە گیان وەرە نانیان بو دانی.

کچە هەمدیس دەستی لە مەشکە ژەندن هەلگرت. بە دوو سینی پر لەکولیرەی گاڵ و گەنمەشامی و دوو دەوری گەزو و کەرەوە سینیەکی لە پیش مام کەریم و حاجی و حەمەچکول دانا، ئەویتریان لە پیش سارا و سەلمە دانا. جامیکی دیکەش دوی تازەی بو بردن. حاجی دەلی:

ـ مامە گیان لە سەر نان خواردن قسە کردن سوننەتی پیغەمبەرە؛ ناوی شەریفت؟

ـ حەمەکەریمی نوکەرت.

ـ مامە گیان بە سەر و سیماتدا وادیارە لیقەوماوی، بویە دەشتت گرتوتە بەر. وانیە؟

ـ بەریٔوەلا راست تیرت لە ئامانج داوە، مامحاجی گیان.

ـ ڕەنگە دایکی ئەم مندالانەش تازە عەمری خوای بەجیٔ هینابیٔ؟

مام کەریم هەناسەیەک هەلدە کیشیٔ و دهلیٔ:

ـ هەر دەلیی خوت هاتوویتە ولاتی ئیمە و بە چاوی خوت مالویرانی و کوسکەوتوویی منت بە باشی شەن و کەو کردوەوە. بەلیٔ مام حاجی گیان، دوو سیٔ مانگ دەبی دایکی مندالەکانم کوچی ناوادەی کرد و بەجیی هیشتین. حاجی بریکیتر خوی بو قسە کردن دەخونجینی و دەلی:

ـ جا مامە گیان گویگرە بو ئەم برای خوتە. دەزانم مشتی گەرمیان یان شارەزوورت گرتوە؛ ئەم منالانە منالی شارەزوور یان گەرمین نین بەرگەی گرەی گەرمای گەرمین و شەرارەی سەبوونی شارەزوور و گەرمین ناگرن. ڕەنگە تو شارەزای شارەزوور و گەرمین نەبی، گشت خەلکانیکی کویستانی کە دەچنە گەرمین، هەر هاوینیان لیٔ دیت تووشی نەخوشی لەرز و تاو سیوەڕو دەبن. منداٚلی کویستان قەت لە گەرمین ژیوار ناکات. با ئەو پرسیارەشت لیبکەم، تو تا ئیستا قەت هامووشوی گەرمینت کردوە؟

ـ بەلی ئەوە نزیکەی پازدەسالە من بە زستانان لە شارەزوور و گەرمین کاسبیم کردوە؛ هاوینانیش چوومەتەوە کویستان.

ـ کە واتە باش دەزانی، بە هوی ئەو تاقانە کوڕە چکولەتەوە دەبیٔ کچە گەورەکەت بناوانت بیت، کوڕ و مالت بو بەخیوکات؛ کچە چکولەکەشت دواشوانت بیت، وانیە؟

ـ مامە حاجی گیان بەو کەشیدەی لەپشتت بەستوە هەر دەلیی لە ناو دلی مندای.

ـ مامەگیان ئەگەر بەقسەی ئەم برای خوتە بکەی، من لیرە کاریکی باش و بە دلی خوتت بو دەدوزمەوە. ئیستاکە من بەپەلەم، دەبیٔ بروم تو لیرە دانیشە شەرم مەکە؛ مالی من نیە مالی ئەو فەخری عالەمەیە کە سیٔ جار زیارەتم کردوە. مالی گشت پیغەمبەرانە، من سەرپەرشتیان بو دەکەم. دانیشن با ئیوارە بیمەوە هەموو شتیکت بو روون دەکەمەوە.

حاجی ئەمانەی وت و سواری ماینە کویت بوو و بریک ڕویی و گەرایەوە، وتی:

ـ هوی مرووەت، ڕەزیە، غەزنە، ئاگاداری میوانەکان بن ها؟

ڕەزیە مەعازەڵاچاو لەمام کەریم و منداڵەکانی ناتروو کینی؛ بە تایبەت لەحەمەچکول. کە بینی مام کەریم هەر جم و جوولیەتی، خوی لەسەر قنگەوە بو ناگیری، زانی شەکەتی رییە و شان و ملی کوڵ کوتاویەتی. خیرا دوشەکەلەیەکی بو ڕاخست و سەرینیکی بو برد و وتی:

ـ مامە گیان بە قوربانی‌ریشە سپیەکەت بم، دیارە زور شەکەتی، پشوویەک بدە با توزیک بحەسییتەوە.

دوایی دیسانەوە خوی گەیاندەوە حەمەچکول و سەر لە نوی پیدانووسایەوە؛ تیر تیر هەلی‌مژی و لە سارای پرسی:

ـ دادەگیان ناوت چیە؟

ـ من ناوم سارایە. باوکم ناوی مام کەریمە وخوشکەکەم ناوی سەلمەیە، براکەشم ناوی حەمەیە.

ـ وەی بە قوربانی حەمەی برات بم. یاخوا ناویان لیک دوور بیت، هەر لە برا جوانە مەرگەکەی من دەچیت.

مامکەریم هەر کە سەری نایە سەرسەرین لە سیبەری ساباتدا خیرا خەوی لیکەوت. سارا وەک خەنجەری دەبان، چون لە کیلان‌دا ناوەستێ بە پیی خوو و خدەی خوی، خیرا خوی گەیاندە ڕەزیە و غەزنە و دەستی بە یارمەتی و کار کردن کرد. لە ماومیەکی زور کورتدا لە گەڵ ڕەزیە ڕوحیان وەها تیکەڵاو بوو دەتگوت زور لە میژە پیکەوە ژیاون، دەستە خوشکن، هاوراز و نیازن و بە بێ یەکتری هەلناکەن.

ئیوارە، حاجی لە لای ڕان و شەگەلەکەی گەڕایەوە و پەزیراییەکی زور گەرمی لە مام کەریم کرد. پاش حەسانەومیەکی باش، سەری قسەی دامەزراند و وتی:

ـ مامەگیان جاری دوو سێ ڕوژ بحەسیرەوە، با منداڵە کانت ماندووییەکیان دەرچێ و برین و بلوقی قاچ و قولتان ساریژ بیت، جا ئەو کات قسەی خومان دەکەین. ڕیگایەکم بو دوزیویتەوە؛ بە قسەت کردم باشە، ئەوا وەک دوو برا پیکەوە ئەو چوار ڕوژە عەمرەی ماومانە بە پایانی‌دەگەیەنین. ئەگەینا پاوپیلاوەکانت دەنیمە سەرچاوم، بو هەر کوی دەڕوی بڕو بەمەکەی موعەزەمە و غەوسی سانیت دەسپیرم.

لە گەل تاریک ولیلەی بەرەبەیان‌دا، ڕەزیە و غەزنە دەستیانکردە مەڕو مالاتدوشین. پوور مروەتیش سەماوەری لێ‌خستوتە سازلیدان؛ نان‌وچا ئامادەیە. حاجی و دواشوانەکەی شەگەلیان ڕاداوە. حاجی بە مروەت دەلی: ئاگاداری میوانەکان بە، توخوا هیشتا شەکەتی ریگەن.

مروەت میردی خوی باش دەناسێ. دەزانی ئەو هەموە خوشامایی و راسپاردەیەی بوچیە. بە توورِییەوە لە دلی خوی‌دا دەلی: تو برو ملت بشکینە، ئیستا ئەو پیاوە هەژارە پیی وایە من نام ئاوزی قەدر و حورمەتی هەژاران و لیقەوماوان بگرم.

سارا دەلیی پلینگە، پەلامار بو کاردەبات، لەگەڵ ڕەزیەدا لەچاو تروکانیکدا بەشیکی بەرچاو لە بەرو بەردرگای مال هاوسیکانیشیان بە بەردرگای مالی‌حاجیەوە مالیوە. هیشتا مام کەریم و حەمە و سەلمە لە خەو هەڵ نەستاون، بەشیکی زور لە کاروباری سەرەتاییان کردوە؛ ماستیان کردوتە گاوس؛ هەویریان شیلاوە و تەندوور داخراوە. پوورە مروەت لەپای سەماوەردا لیی‌دانیشتوە، دەلێ:

ـ سارا گیان! چاوەکەی دایکی خوت، وەرە باوک و برا و خوشکەکەت هەستینە، تو خوا با بەخوشی یەکترینەوە ناشتاییەکەمان بخوین.

ئیستاکە سوبحانە خوراوە؛ مەشکە ژینراوە و سارا تیری نانی، بو پوورەمروەت کردوتەوە. پوورەمروەت پڕ تاسیک (جنگالی گالی) دورست کردوە و دەلی:

ـ من لە بەر خوم و مام کەریم چنگالم دورست کردوە. ڕوڵەکانم ئیوەش چیتان‌پی‌خوشە بخون. ئەنجا ڕوو دەکاتە ڕزیە و دەلی:

ـ ڕزیە گیان بچو کوڵیک گەڵا بو ئەو کارژولە و بەرخولە پایزە زیبانە بینە؛ بەستە زمانانە چرو بوونە. لەبرسا دار و دیوار دەکرینەوە.

کە ڕەزیە دەست دەداتە گوریس و تەوراس، سارا دەلی:

دایەمروەت‌گیان، ئیجازەی منیش‌بدە بالەگەڵ خوشکە ڕزیەدا بچم؟

ـ نا ڕوڵە شیرینەکەم تو میوانی و هیشتا ماندووت نە حەساوەتەوە؛ لە تاریک ولیلەی بەیانیشەوە هەدات نەداوە.

ـ تو سەری سەی شوکرەی کەوڵ زەردی پارسانیان، ئیجازەم بدە با لەگەڵیا بچم. مام کەریم دەلی:

ـ سارای کوڵوڵم بەدەم کارکردنەوە لەدایک بووە؛ قەت لە کار ماندوو نابیت. خوی پیی خوشە با بچیت.

سارا و ڕەزیە بە جووت هەڵدەکەنە نەزاری داوین قەڵای کچێ و پشت گوندی نزارەدا. ڕەزیە وەک توولە مەیموون بە گژ دارمازواریکدا هەلزرنگا؛ زور بێ ڕەحمانە سەر و قژی دار مازوار دادەپاچی؛ سارایش لە چاوتروکانیکدا چڵەکانی راست و چەپ کردە مەڵو، دوو کوڵی لێ تەنگاوتیلکەدا. ڕەزیە دیتە خوارەوە. تەوراسەکە دەنیتە ناو دووتوی کوڵەکەی؛ لەسەری دادەنیشێ و دەلی:

ـ دەی تویش دانیشە با پشویکمان دەرچی.



سارا و ڕەزیە بەرابەریەک لەسەر کوڵە گەڵاکان دانیشتوون . سارا سەری داخستوە و دەست و پەنجەی خوی هەڵدەگلوفی. جاروبار سەرهەڵدەبری و تماشایەکی ئەو ڕیگەیە دەکات کە پیری لییەوە هاتووە. چەن ووشە و پرسیاریک میشکی سارایان وەها جەنجاڵ کردوە کە ئەگەر لەو حالەدا بیگرووی بەخوی نازانێ. ووشەی

شیرینی ئەحمەد کەدەیگوت: مەگەر مەرگ، ئەگەینا بەبالی هەوریش‌دا بێت سالێکی دیکە هەر ئەم حەلانە دەبی خۆمتان پێ بگەیەنم.

که ڕەزیە ئا وەها سارای بە گش و ماتی هاتە پیش‌چاو، تێگەیشت چۆتە ناو خەیالاتەوە. هەستا کۆلەکەی زۆرتر لێ نزیک کردەوە و دەستی دە ئەستوی کرد و بە ئاهەنگ و دەنگیکی (حەزینەوە) بەم گۆرانیە فۆلکلۆریە لاواندیەوە

﴿ خەیاڵ پەرگەنە و دڵ تەفر و توونم ﴾

﴿ توونا و توون کەوتەی دەستی گەردوونم ﴾

ڕەزیە سێ جار لە سەر یەک وەک خۆی بلاوینیتەوە، بەدەنگیکی یەکجار حەزینەوە شیعرە فۆلکلۆریەی دووپات کردەوە؛ ئەنجا وتی:

. ساراگیان وا دیارە رابووردویکی زۆر تاڵ و شیرینت هاتەوە هۆش، بۆیە خەیالت پەرگەنە بوو و ڕۆحت ڕۆیی. خۆزگە دەمزانی بۆکوێ چوو و بە چ چلە گوڵ و نەمامێکەوە نیشتۆتەوە؟

ڕەزیە، بە سوزەوە سارا دەگریتە ئامێز و چاوە فرمیسک ئێزاوەکانی ماچ دەکات و دەلی:

ـ تۆ گیان ئەو دایکە داماوەت، تۆ گیان ئەو تاقە برایەت، کە هەردەلیی برا جوانە مەرگەکەی منە؛ ئەوەی لە دڵتدایە بۆئەم خوشکەی خۆتی بەیان‌بکە؛ خەریکە دلم بوت دەتۆقێ.

مووچرەیەک سەراپای لەشی سارای خستە لەرزین، وەک منداڵیک لە خەو ڕایان چلەکاندبیت، خۆی لە ئامێزی ڕەزیەدا دیت. بریک هاتەوە سەرخۆ؛ دەستێکی بە چاوە کانی‌دا هێنا وتێ:

ـ ئەیٚ بە سەرچاو. بە شەرتێک تۆیش گشت ڕازی دەروونی‌خۆتم بۆ بەیان‌بکەی، ڕزیە دەلێ:

ـ منیش بە سەرچاوەکانم.

لە کاتێک‌دا وەک دوو دەستەخوشک و خۆشەویست و دلسۆزی یەکترین دەستیان‌دەستوی یەک‌دایە، سارا بەوردی گشت ڕاز و نیازی خۆی و ژیانی دایک و باوکی بۆ دەگیریتەوە و دەلی:

ـ من دەبی تا سالێکی دیکە ئەم حەلانە چاوەڕوانی ئەم ڕیگە و بانە بم، تاکوو ئەحمەدی خۆشەویستم دیت بە دوامدا. ئێستا ئیتر نۆرەمە کە من پرسیارت لی‌بکەم. خۆزیا تۆیش بە وردی ئەوەی لەدڵتایە بۆم بەیان‌بکەی. ڕەزیە گیان، تووخوا پیم بلێ بزانم دەزگیرانەکەی تۆ هەر لەم دییە دایە؟ ئایا ئیوارە و بەیانیان، نزیک و دوور دەی‌بینی؟ مام حاجی و پوورەمروەتی دایکت دەزانن؟ هەزار جار خۆزگەم بە خوت. شوکور تۆ دایکت ماوە؛ ئای لە بێ دایکی چ دەردیکی گرانە.

ڕەزیە دەلیی بە زۆر دەرمانیکی تاڵ و کوشندەیان لە مەلاژووی هەلسویوە؛ نیوچاوانی گرژ بوون و توند توند چاوەکانی دەقووچینێ. بەهەر دوو دەستی دەم و چاوی دەگری و وەک سەماوەر دیتە جوش. پاش تاوێ دیتەوە بە خۆی‌دا. کە دەستەکانی لە سەر چاوەکانی وەلادەنێ هێندە چاوە جوانەکانی هەلگلۆفیوە، فرمیسکی پەنگ‌خواردوو لە کاسەی چاوی‌دا قامکە باریک و لەڕ و لاواز و بەدەم فرمانەوە زبر بووەکانی خاس خووساندون. بە لوی لەچکەکەی ئەشکی چاڵی چاوەکانی وشک دەکاتەوە و بە دلیکی مالامال لە دەرد و ڕەنجەوە دەلێ:

ـ ئاخ، خوشکە سارا گیان بە هەلەدا چووی! نەخیر. من هەزار جار خۆزگەم بەتۆ.

دیسانەوە مات و بیدەنگ و خامۆش دوش دادەمێنی.

سارا کەوتە ناو بەحری خەیالاتەوە. واقی وڕما؛ هەزاران پرسیار و تۆ بلیی بی جواب و عەجایب، برووسکە ئاسا بە میشکی‌دا تیپەڕین. تێگەیشت کە کوشکی ژیانی پڕ زرق و برقی ڕەزیە، پووشالیە؛ بەلام بۆ؟؟!! مەگەر ئەم ڕازە دڵتەزینە هەر ڕەزیە بۆ خۆی بیزانێ و بیدرکینێ.

ئێستا نورەی سارایە. ڕەزیە لە ئامێز دەگری و دەلی:

ـ بە قوربانت بم، دلم توقی زووکە دەردی دلتم پی بلێ؟

پاش چارەکە سەعاتیک ڕەزیە دیتەوە سەر خۆ و دەلی:

ـ قەت ئەو ڕۆژە ڕەشەم لە بیرناچی. چاشتەنگاویک کە باوکم لە مزگەوت گەرایەوە و بە بۆلە بوڵ خۆی کردە مالا. بە کلکی خوڵ هەلمالەکە کولاوکەی ناوەراستی مالەکەی وەلا نا، کوگایەک بەفر کەوتە سەر کورسیەکە، با و بورانی دەشتی هەوەتوو وەک گورگ دەلوورینێ؛ هەر ئەوە نیە لە کولاوکەوە بومان بیتە مالەوە. باوکم بیسمیلا بیسمیلا، چمکی سەر بێشکەی تاقانە براکەمی هەلدایەوە. کە هەستی بە بێشکەی سارد و سر کرد حەمە ڕەسووڵی تیدا نوستووە، دیسانەوە بە بیسمیلاییٚ کردنەوە سەر بیشکەکەی داپوشیەوە. چوارچاو بووە بە شوین سەوەتەی وردە و تەپالەدا دەگەرێ. وەختیک کە زانی من بەخەبەرم، بە توورەیی و جنیودانەوە پیی ووتم:

ـ ئەری ئەو دێلەقوڕەی دایکت لە کوییە؟ بلیی چوویتە کام جەهەنەم وا هیشتا تەنووری بوتان دانەخستووە؟ بە پەلە پەل سەوەتە گزرەیەک کە مەشیا دایکم بەیانی زوو بیکرد بایەتە بەر مانگا و گویلکەکە، هەلی ڕژاندە ناو مالەکە و ڕوویی وردە و تەپالە بینی، تەندوورمان بۆ داخات.

زۆری پێ‌نەچوو باوکم وەک گا دەی بوڕاند؛ وەک شیت دەی‌نەڕاند و دەیگوت:

ـ هەی هاوار خەلکی گوندی کانی‌سوور فریام کەون.

لە ژیر لوورەلووری بەفر و بورانی دەشتی هەوەتوودا خەلک لە مزگەوت و لە مالانەوە ڕژان بە سەر باوکم و کوشکەلانەکەمان‌دا. بەچنگ و پاچ و خاکەنداز لاشەی سارد و سری دایکمیان لەژیر چەندین خەروار وردە و تەپالەی تەڕ و تلیس ۆ سەهوڵ بەستوودا دەرهینا و هینایانە مالەوە.

باوکم قوڕی وەچنگ نەدەکەوت تیی نیشێ؛ بەردی وەگیر نەدەهات تا کاپۆلی خۆی پێ سوورکات. بە چنگ بەفری بە سەر خودادەکرد و تەختە سەهولی بە سەرخو دا دەدا. کریوە و بورانیکە چاو چاو نابینێ و مالە و ماڵ ناکریت. سێ شەوٚ و سێ ڕۆژ مەیتی دایکە کۆلۆلەکەم لە بەر چاومان هەر لە ناو مال‌دا مایەوە.

دیسانەوە بۆ ماوەیەک بیدەنگی و ماتەمینێ بە سەر سارا و ڕەزیەدا زال بوو. ڕزیە دیسانەوە بە هەنسک دانەوە دەلی:

ـ قەت ئەو کاتەم بۆ فەراموش ناکریت کە تاقەبراکەم بە گاوڵکێ و کەوت و خێز، خۆی گەیاندە پەنای لاشەی سارد و سری دایکم. نازانم چون لە پیش چاوی ماق و وڕماوی دانیشتوانی ناو مال‌دا، لیفە و لوی کفنەکەی وە لا نا و دەمی ژەندە مەمکی سارد و سری لاشەی بێ گیانی دایکم و دەستی بە مژین کرد! لە کاتی ئەو دیمەنە دل تەزینەدا، کەس مووی نابزویت؛ جگە لە بیدەنگی و ئەشک ڕشتن. سەرەنجام باوکم بە ئیشارە بە منی ووت براکەم دوور خەمەوە. کاتێ کە بە هەر حالیک بوو براکەم لە سینگ و بەرۆکی لاشەی سارد و سری دایکم کردەوە، بە گریانەوە وتی:

ـ بابە گیان ئەوە بۆ ڕەزیە نایەلێ مەمکی دایکی خۆم بخوم، خۆ من مەمکی دایکی کەس ناخۆم، بۆ نایەلن؟

بە هەر ڕۆژە ڕەشیەک بوو بە ئامانەت و بە بێ یاسین و تەلقین مەیتی دایکمیان بەئامانەت هەر لە پەنای مالان‌دا ناشت. ئاخر باوکم دەیگوت کە زستان نەما و عەرز ڕەشەوە بوو، دەیگوێزینەوە ناو گۆڕستانی گوند. ئێستا باوکی کۆلول و کوسکەوتووم بە کولیک

مندالی وردەواڵەوە کە بریتی بووین لە چوارخوشک و برایەک، کە من کزری ناویانم تازە دەتوانم گوزەلە ئاو لە کانی بینم، دەستی ما و بەچکی!
دوای دوومانگ، بە پێی زەروورەت و پرس و جوی کەس و کاری، بە تایبەت خوشکەکانی، بیوەژنیکی (کلکەدار) یان، بودوزیەوە و لیيان مارە کرد. ئیمە پینج و ئەوان چوار، وەک جووجەڵەی بەرەی دوو مریشک تیکەلاوکراین. ئەوان چوار و ئیمە پینج و باوکم و باوەژنم، ئەمە ١١ سەرخیزان. جگە لە باوکم و باجیم گشتمان نان‌ناس و خوا نەناس! کەمبژیوی، دوژمنایەتیەکی ئەوتوی پیک‌هینا. لە کاسەی سەری یەکتردا ئاومان بخواردایەتەوە، ئوخەیمان لی‌نەدەکەوت. نەبوونی و هەژاری و باوەژن‌داری، دەستی دایە یەک؛ ماڵی لی‌کردینە جەهەنەم و کافرستانی. باجیم ئەوەی وەچنگی دەکەوت و ئەوەی بابم دەیهینایە ماڵەوە، نیوەی دەشاردەوە و بە دزیەوە دەیدایە منداڵەکانی خوی. منیش وەک سیخوڕ مووبەموو بو باوکم دەگیرایەوە.

ڕەزیە گشت فرمیسک و بوغزیک کە لە گەروو و چاوەکانی‌دا پەنگی خواربووە، بە سەر سارای‌دا هەڵدەڕیژی و دەڵی:

- وەک دەڵین گوریس بە یەک لانە ناگاتەوە، باوکم جگە لە ئیمە پینج منداڵی بێدایک و تازەهەتیو کەوتوو، بیوەژنیکی هەتیوباریشی بوو بە تووشەوە! کاتیک من دزی و زوڵم و زور و هەڵاواردنی باوەژنم لە قاو دەدا، باوکم ئەو شێرە پیاوە نەمابوو کەدایکمی هەمیشە و دایم وەبەرشەق دەدا. ئیستا لە حەنای باجیم وەک ڕیویش نەبوو. بویە وسکوتی پیم دەکرد و دەیگووت:

- ڕوڵە بو خاتری خوا ددان بە خوت‌دا بگرە و هیچ مەڵێ. بە بێ ئەو ناتوانین بژین. ئەو چوار سەرە حەیوانە هی ئەوانە؛ ئیمە تەنیا مانگایەکمان هەیە ئەویش ئەم ساڵ قسرە، چوڕیک شیر لە گوانەکانی ناچوڕیتە خوار. باجیت و بزنەکانی نەبێ، بەچی بەخیوتان بکەم؟!

سارا گیان سەرت نەیەشێنم. باوکم وەک گشت هاوچینەکانی، دەور و بەری پایزان بەرەو گەرمین بوی دەرباز دەبوو و بەهار دەهاتەوە. شەش مانگ لە گەرمین شەشیش لەکویستان؛ تا دایکە مەینەتیەکەم مابوو هەرچەندە لە نانی وشکیش تێر و تەسەل نەبووین، بەلام بەهوی دلسوزی و خوشەویستی گەرمی دایکمان، کەمتر برسیەتی و هەژاریمان پیوە دیار بوو. بەڵێ ساراگیان. ئا ئەمەیە نهینی ناو دڵم.

باوەژنی بێ ئیمان و کلکە دار
ژینی تاڵ کردین وەکوو ژاری مار
گرەی گرآلک تۆوزی گا گەمە
چەپوک باوەژن زووخی ناو دڵمە

بەلی بەم جورە، جەوری باوەژن و نەبوونی ماڵ و دەر و دەشت و دنیای لیمان کردبووە جەهەنەم. روژیک بە جووتیک نیمچە گوزەوە لە کانی دەگەرامەوە، لەناکاو لە دەوری ماڵمان بوو بە غەڵبەغەڵب و وەی ڕو وەی‌ڕو. باوەژنم بینی کە دەگریا و دەیدا بە سەر خوی‌دا، بەلام فرمێسک بە چاویەوە وەدی نەدەکرا. گوزەلەکانم دانا و لە ناو دەست و پیی خەلک و دراوسیکان‌دا خوم گەیاندە ناو ماڵ. دەک لاڵ بم، چیم بەم چاوانەم بینی. نازانم چونت بو بگیرمەوە؛ تاقە براکەم کە جیی هیوا و ئومیدی چوار خوشکان بوو، دەتگوت جووجەلەیە و کەوتوتە تەندوور، پەر و پوی بە جاریک هەڵپرووزاوە، وەک فرووجێکی سەر براو و ئاوەڕووت کراو بە باوەشی پوورەکانمەوە بوو. پڕ بە خوم زیراندم و پڕم دایە. لاڵ بم بە حاڵیک و دوو بەلا چاوی بێ برو و برژوڵە هەڵپرووزاوەکانی بو هەڵبریم و بە گریانەوە ووتی: بوخوی خستمیە تەندوورەکە و دەریشی هێنامەوە.

پاش گریان و شین و شەپوڕی پوورەکانم و کومەلیک ژن و کچانی گووندی کانی‌سوور، مەیتی تاقانە براکەمیان لە پیش‌چاوم هەڵگرت و بردیان؛ ئیستا و ئیستایش نەم بینیەوە. لە بیرمە دایکم پیی دەگوتم ڕوڵەگیان خوزگەم بەخوت شوکور برات هەیە، میرد ناتوانی وەک من بیکەس‌کوژت کات. ئەگەر برام بوایە بهاتبا چوار شەقی لە باوکت هەڵدابا، بمی بردایەتەوە ماڵی خوی، دالدەی دابام، ئەوسا باوکت پەنای بە پیاوماقوولان دەبرد تا منی پێ بدەنەوە، توبە بکات قەت جاریکی‌تر بیکەس‌کوژم نەکات. دایکم دەیگوت کچی بێ برا وەک داری بی گەلایە. شوکور تو برات هەیە وەک من نیت.

تا باوکم لەگەرمین گەرایەوە خوشکە ناوەنجیەکەشم بە نەخوشی سکچوون مرد. ئیمانمان نەچی باوەژنم ئەویشی دەرمانخوارد کرد. بەڵێ بەهار هات و باوکی ساکوسیام هاتەوە، بەلام بە سەر هەواری نیوە بەتاڵ‌دا کەوت. من هەموو شتیکم بوگیرایەوە، بەلام ئەو پاڵەوانەی لە حەنای دایکە کوڵوڵەکەم‌دا دەتگوت ڕوستەمی زاڵە لە بەرابەر باوەژنم‌دا ڕیوییش نەبوو. جگە لە فرمێسک هەڵرژاندن وخەم و خەفەت‌خواردن، زورتر لە پیواری باجیم، هیچ دەستەڵاتیکی نەبوو. دژایەتی و دوژمنایەتی من و باوەژنیشم شتیکی زەق و بەرچاو بوو و ڕوژ لەگەل ڕوژ زیاتر تەشەنەی دەکرد. وادیار بوو باوکم چاوەڕوانی ڕووداویکی دڵتەزینی دەکرد؛ بویە پایزی پیرارەکە لەگەل وەڕیکەوتنی کاروانی گەرمین و کویستانکەری هەوشار و هەوەتوویی وەریکەوت. ئەویش لە ناکاو پیلی‌گرتم، بەتیکەلاوی ئەوان‌دا بەرەو گەرمین وەڕیکەوتین. تا لیرە لەماڵی ئەم حاجی عەلیەدا گیرساینەوە. باوکم بێ ئەوەی پرسێکم پی‌بکات، لەو حاجیە پیرەی مارە کردم، کەبەباوکی باوکیشم دەژمیریت. پووڵێ شیربابیەکەی نایە باخەڵی و گەڕایەوە. باوکم بڕیاری‌دا لانی کەم ساڵێ جاریک بەدەم گەرمین و کویستان‌کردنەوە، سەرم لێ بدات. بەلام ئەوە بو سێ ساڵ دەچیت واولی نەکردوتەوە سەرم. ڕەنگە بە پوولی شیربابیەکەی منەوە جووت و گای وەڕی خستبیت و ئیستا ئیتر پیویستی بە گەرمین و کویستان کردن نەمابیت؟!

سارا وەک مقەبا مووی نا بزویتەوە. وەها واقی وڕماوە، دەڵیی ڕوح لەبەدەنی‌دا نەماوە. دڵوپ دڵوپ ئەشک بە چاوی‌دا دینەخوار و بەس. ڕەزیە بەلوی لەچکەکەی فرمیسکەکانی بو دەسری و دەڵی:

- سارا گیان، بە قوربانت بم تو زور بە هەڵەداچووی. چاوەکەم تۆپێت وابوو من کچی‌حاجی عەلی و پوورەمروەتم؟ بویە هەر دەڵیی خوزگەم بەخوت؟ نەخیر، هەزار جار من‌خوزگەم بەخوت! بو ئاگاداریت، غەزنەی بەستەزمانیش هەر وەک من‌دیلە و دەست و پیی لە کوت و زنجیری حاجی و باب و برا و سەرووەت و سامانی حاجی‌عەلی‌دایە. ئەویش هەر وەک من بە پارە فروشراوە بەلام ئەو بی کەس نیە؛ دایکیکی هەیە دەڵیی وڕوڕەی جادووە؛ باب و برا و کەس و کاریشی کەلاکیان بەدیار بەشە میرات و سەرووەت و سامانی حاجی‌عەلی وجاخ‌کویرەوە خستوە. بە تەمان بەم زوانە حاجی بمری و بەشە ماڵی غەزنە بە نسیبیان بیت، ئەوسا غەزنەیش بەدلخوازی خوی بە شوو بدەن.

**زڕگوێز بناری شارەزوور مانگی گولانی 1991 . زاینی**
**بە پێنووسی عەلی کیتابی**

حەمەسەعید حەسەن

# پەیامنێرتان لە سەرایێڤۆوە

مردن ئەوەندەی کراسەکەی بەرم لێمەوە نزیکە.
زلاتا

هاوینی ۱۹۹۳چەند کارمەندێکی ‹یونیسێف› سەردانی سەرایێڤۆیان کرد؛ لەوێ پێوەندییان بە منداڵانەوە کرد و داوایان لێ کردن دەفتەری بیرەوەرییەکانی ڕۆژانەی خۆیان بخوێننەوە. بیرەوەرییەکانی زلاتا، کیژۆڵەی یازدە ساڵان، سەرنجی ڕاکێشان. ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسایی بیرەوەرییەکانی زلاتای نیشانی دەزگایەکی بڵاوکردنەوەی فەرەنسایی دا. دەزگاکە یەکسەر بڕیاری بڵاوکردنەوەی بیرەوەرییەکانی زلاتای دا. زلاتا لە بیرەوەرییەکانیدا هەندێ جار خەو بەوەوە دەبینێ، ببێتە باڵندەیەک و بفڕێ و دۆزەخی سەرایێڤۆ جێ بهێڵێ. زلاتا باس لە ژیانی منداڵانی سایەی شەڕ دەکات و پێی وایە شەڕەکە، شەڕی نێوان سەرب و کروات و موسڵمان نییە، بەڵکو شەڕی نێوان پڕوپووچەکانە.
دوای وتووێژی نهێنیی نێوان پیاوێکی فەرەنسایی و دەسەڵاتدارانی سەرب، زلاتا و خێزانەکەی سەرایێڤۆیان جێ هێشت و گەیشتنە پاریس. یەکەم کاری زلاتا لە پاریس ئەوە بوو: جووتێ پێڵاوی نوێی کڕی، چونکە پێڵاوە کۆنەکانی کە دوو ساڵ بوو لە پێی دەکردن، تەواو بە پێی بچووک بووبوونەوە. ئاخر لە سەرایێڤۆ نە پێڵاو هەیە، نە ئاو، نە کارەبا، نە خۆراک. لەوێ حەفتا هەزار منداڵ لە هەلومەرجێکی گەلێک دژواردا، لە سێبەری ئەو شەڕە نەفرەتییەدا ‹ژیان› بەسەر دەبەن. زلاتا نوێنەری ئەو منداڵانەیە بۆ سەراپای جیهان و باس لە ژیانی منداڵی ناوچەرگەی شەڕی ناوخۆ دەکات، بەرزترین ئاواتیشی ئەوەیە: بە دیداری وڵاتەکەی شاد ببێتەوە، بە مەرجێ ئاشتی سەروەر بێ، نەک شەڕ.

**چەند لاپەڕەیەک لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی زلاتا**

دایکم گەرچی سەرومڕ دەگری، کەچی دەیەوێ لێمی بشارێتەوە، بەڵام من هەموو شتێک دەبینم. دەزانم لێرە چ باسە. دەبینم ئاشتی کۆترێ بوو، کوژرا. شەڕ لەناکاو خۆی گەیاندە شارەکەمان، ماڵەکەمان، بیر و ژیانمان.

۱۸ـ ٤ـ ۱۹۹۲

سەلما گورچیلەیەکی لە دەست دا. ‹نینا›ش مرد، پارچە تۆپێ بەر سەری کەوت. نینا کچێکی جوان و ڕووخۆش بوو، لە باخچەی منداڵانەوە پێکەوە بووین و هەمیشە پێکەوە یاریمان دەکرد. بەڕاست ئیدی هەرگیز نایبینمەوە! نینا کچێکی بێتاوانی یازدە ساڵان بوو، بووە قوربانیی شەڕێکی کەرانە. پەستم و دەپرسم بۆچی؟ ئەو هیچی نەکردبوو. ئای چ شەڕێکی پیسە، ژیانی منداڵانی خاپوور کردووە. نینا: هەرگیز لە بیرت ناکەم.

۷ـ ٥ـ ۱۹۹۲

هەر مرۆڤە و دەکوژرێ، بێ ئەوەی کەسێ بتوانێ بە هاواریانەوە بچێ. خوایە ئەمە چییە ڕوو دەدا؟ ئەوەندە پەست و تووڕەم، حەز دەکەم بقیژێنم و هەرچی هەیە و نییە تێکی بشکێنم.

۱۳ـ ٥ـ ۱۹۹۲

دەسەڵاتدارانی شەڕخواز نە هیچ سەبارەت بە ئەوین دەزانن، نە مەبەستیشیانە هیچ ڕزگار بکەن. ئەوان

تەنیا سووتاندن، تێکدان و خاپوورکردن دەزانن. <زێترا>شیان سووتاند، ئەو گۆڕەپانە دڵگیرەی جێگەی یارییە ئۆڵۆمپییەکان بوو. وا هەست دەکەم هیچ شتێ ڕزگاری نابێ.

١٩٩٢ ـ ٥ ـ ٢٥

نەخۆشخانەی ژنان، ئەو جێیەی منی تێدا لە دایک بووم، ئەویشیان سووتاند. ئەو وەختەی ئاگر لە نەخۆشخانەکەوە بڵند دەبووەوە، هاوکات دوو ژن منداڵیان دەبوو. خوایە: خەڵکی دەکوژرێن، شتومەک دەسووتێن، منداڵ لەناو کڵپەی ئاگردا لە دایک دەبێ.

١٩٩٢ ـ ٥ ـ ٣٠

خەمناکی، تەقە، تۆپباران، ڕەشەکوژی، بێئومێدی، برسێتی، کوێرەوەری و ترس، ئەمەیە ژیانی من، ژیانی کچە قوتابییەکی بێتاوانی یازدە ساڵان. کچە قوتابییەکی بێ قوتابخانە، بێ شادی. منداڵێکی بێ یاری، بێ هەڤاڵ، بێ خۆر، بێ مەل، بێ سروشت، بێ میوە و بێ شیرینی. ئەوی هەیە تەنیا نەختێ شیری وشکە، بە کورتییەکەی منداڵێکی بێ منداڵێتی. منداڵێکی سەردەمی شەڕ. ئێستا دەزانم کە من لە ناوجەرگەی شەڕدا دەژیم. من بینەری شەڕێکی پۆخڵم کە خوازیاری نیم. من و هەزاران منداڵی دیکەی ئەم شارە، کە خەریکە بە تەواوی کاول دەبێ، هەنسک هەڵدەدەین، دەگرین و داوای یارمەتی دەکەین، بەڵام کەس بە دەنگمانەوە نایە. خوایە گیان: کاتێ دێت، ئەم شەڕە کۆتایی بێت؟ کاتێ دێت بچمەوە قوتابخانە؟ کاتێ دێت، خۆشی لە ژیانی منداڵیم ببینم؟ بیستوومە منداڵی خۆشترین سەردەمی ژیانە، کەچی ئەوەتا ئەم شەڕە پۆخڵە منداڵێتیی لێ دزیوم. هەست دەکەم زۆر پەستم، دەمەوێ بگریم، دەگریم.

١٩٩٢ ـ ٦ ـ ٢٩

من لە ژێرزەمیندا ژیان بەسەر دەبەم و منداڵانی دیکەیش پشووی هاوینیانە و لە کەناری زەریا مەلە دەکەن و خۆیان دەدەنە بەر خۆر. خوایە چیم کردبوو تا شیاوی ژیانی ژێر سێبەری ئەم شەڕە نەفرەتییە بم و بە شێوەیەک بژیم کە هیچ منداڵێک نابێ وەها بژی؟

هەواڵێکی ناخۆشی دیکە: کوڕێک کە پێکەوە لە گرووپێکدا ئەدەبمان دەخوێند، کوژرا. ئەویش پارچەی تۆپی بەر کەوت. ئای چەند کوڕێکی دلۆڤان بوو! خوایە گیان ئیتر بەس نییە؟

١٩٩٢ ـ ٩ ـ ١٥

بەهار هات و ڕۆیشت. هاوین هات و ڕۆیشت. ئێستا پاییزە، ئوکتۆبەر دەستی پێ کرد و شەڕ هەر بەردەوامە. خوایە گیان کەس هەیە بیر لە ئێمە بکاتەوە؟ چۆن ئەم زستانە بێ کارەبا، بێ ئاو، بێ گاز لەناو شەڕدا بەسەر بەرین؟

١٩٩٢ ـ ١٠ ـ ١

سیاسەت هیچی نوێی تێدا نییە. ئەوان وتووێژ دەکەن و بڕیار دەدەن و ئێمە دەکوژرێین، ڕەق دەبینەوە، لە برساندا دەمرین، دەگرین، لە هاوڕێکانمان جیا دەبینەوە و هەرە خۆشەویستەکانمان جێ دەهێڵین. زۆر هەوڵ دەدەم لەم سیاسەتە کەرانەیە تێبگەم، چونکە دەزانم سیاسەت بوو کارێکی کرد شەڕ هەڵبگیرسێ و درێژەی هەبێ و ژیانمان لێ ببێتە دۆزەخ. لە نێوان هاوڕێکانمدا، لە نێوان هاوڕێکانی خێزانەکەمدا، خەڵکی کروات و سەرب و موسڵمان هەن. هاوڕێکانمان کۆمەڵێ خەڵکی تێکەڵن و هەرگیز نەمزانیوە کامیان کرواتە، سەربە، یان موسڵمان؟ نازانم بۆچی سیاسەت لە یەکترمان دادەبڕێ؟ ئێمە خۆمان دەمانزانی کێ چاکە و کێ خراپ. من بچووکم و سیاسەت کاری گەورەکانە، بەڵام وای بۆ دەچم، ئێمەی بچووک چاکتر سیاسەتمان دەکرد. بەهەرحاڵ دڵنیام هەرگیز شەڕمان هەڵنەدەبژارد.

١٩٩٢ ـ ١١ ـ ١٩

دنیا زۆر ساردە، زستان بە ڕاستی هات. جاران زستانم خۆش دەویست و خۆشیم لێ دەبینی، بەڵام ئێستا زستان میوانێکی ئێسکگرانە. گوڵەکانمان لە سەرمادا سیس هەڵگەڕاون، لەو ژوورەن کە ناتوانین گەرمی بکەین. ئێستا خۆمان لە مووبەقەکە دەژین، تەنیا لەوێ ئاگر دەکەینەوە و هەر لەوێش دەخەوین. مەپرسە لێم لەسەر پیجامەکانمەوە چەند بلووزم لە بەردایە. ئێستا مووبەقەکەمان: مووبەقە، ژووری دانیشتنە، ژووری نووستنە و سەرشۆرکیشە.

۱۹۹۲ـ۱۲ـ٦

دوێنێ ئاهەنگی لەدایکبوونی حارس بوو. بەڕاستی خۆش بوو. خەڵکێکی زۆر هاتبوون. گەر گەورەکان نەیانکردایە بە باسی سیاسەت، زۆر خۆشتریش دەبوو. تا سنووری مردن بە دەست سیاسەتەوە ماندووم.

۱۹۹۳ـ۲ـ۱٥

نە درەخت ماوە، نە مەل، شەڕ ئەوانیشی لە ناو برد. بەهارە و جریوە و جووکەی مەل نابیسترێن. کۆتر کە سیمبۆلی سەرایێڤۆ بوو، قڕی تێ کەوت. نە منداڵی دەم بە پێکەنین ماوە، نە یاری. منداڵ ئیدی منداڵ نین، منداڵێتییان لە دەست داوە. وا پێ دەچێ سەرایێڤۆ لەسەرەخۆ بمرێ و بزر بێ. ژیان بەرەو بزربوون هەنگاو دەنێ. چۆن هەست بە بەهار بکەم؟ چۆن بەهار دەبێتە نیشانەی ژیان، کە ژیان خۆی بوونی نەبێ؟ لێرە لەوە دەچێ هەموو شتێ مردبێ. پەستم و پەستتر دەبم. هەر کە بیر دەکەمەوە، خەمباری دامدەگرێ.

۱۹۹۳ـ۳ـ۱٥

هەست بە پەستی و ترس دەکەم. دەپرسم: ئاخۆ دەیانەوێ ناچارم بکەن بەرەو کوێ بڕۆم؟ دەپرسم: بۆچی هێمنی و منداڵێتیمیان زەوت کرد؟ جاران بە زەردەخەنەوە بەرەو ڕووی هەموو ڕۆژێکی نوێ دەبوومەوە. هەموو ڕۆژێکم جوانی خۆی هەبوو. جاران خۆشیم لە خۆر دەبینی، یاریم دەکرد، گۆرانیم دەگوت. بە کورتی خۆشیم لە منداڵێتیم دەبینی. تاقە شتێ کە حەز دەکەم بیڵێم: ئاشتییە، ئاشتی.

۱۹۹۳ـ۷ـ۱۷

ئەمڕۆ زیکا شتێکی زۆر گرنگ و دڵڕفێنی دامێ، پرتەقاڵێکی ڕاستەقینەی تازە. دایکم گوتی: ئا بێنە با بزانم بیرم ماوە پرتەقاڵ چۆن پاک دەکرێ؟ باش بوو لە بیری مابوو، ئای کە ئاودار و خۆش بوو.

۱۹۹۳ـ۹ـ٥

ناتوانم بڕوا بکەم. ئەمڕۆیش تۆپێک کوڕێکی سێ ساڵانی کوشت و خوشک و دایکیشی بریندار کرد. پازدە هەزار کەس لە خەڵکی سەرایێڤۆ بوونە قوربانی گەمەی سیاسەت. لەوانە سێ هەزاریان منداڵ بوون. پەنجا هەزاری تر بریندار بوون و زۆریان دەست و لاقیان پەڕی. گۆڕستانەکان جێگەی تەرمی تریان لێ نابێتەوە. دەشێ تەنیا لەبەر ئەمە، ئیتر ئەم شێتییە بەس بێ.

۱۹۹۳ـ۹ـ۱۷

یارییە مێژووییەکەی نێوان شەڕ و ئاشتی ئەمجارەش دوایی هات. هەمدیسانەوە ئاشتی دۆڕاندی، منیش فێری سیاسەت بووم.

۱۹۹۳ـ۹ـ۲۱

* سەرچاوەی ئەم نووسینە: ‹بیرەوەرییەکانی زلاتا›یە، کە لویسەموێل لە فەرەنساییەوە کردوویە بە سویدی و دەزگای بڵاوکردنەوەی ڕیختەر لە مالموێ ـ سوید، لە سەرەتای ۱۹۹٤دا چاپی کردووە.

Zlata Filipovic, ZLATAS DAGBOK, Aöversättning: Louise Moell, Richters förlag 1994 Malmö

# لە ڕوانگەی جیاوازاوە

وەرگێرانی لە سویدییەوە: **حەمەسەعید حەسەن**

## ماسیگرێکی قایل

ماسیگرێک کە ئیشی ئەو ڕۆژەی تەواو کردبوو، لە ناو بەلەمەکەیدا کە لە کەناری زەریاکە ڕایگرتبوو، دانیشتبوو. پیاوێکی دەوڵەمەند کە ڕاوچییەکەی بینی وا بێ ئیش و کار لێی دانیشتووە و سەرنجی خۆرئاوابوون دەدات، لێی پرسی:

- ئەوە بۆچی ماسی دیکە ڕاو ناکەیت؟
- بەشی ئەمڕۆم گرتووە. ئێستاش وا هێمن دانیشتووم و چێژ و خۆشی لە دیمەنی خۆرنشین دەبینم.
- هێشتا زووە، باشتر نییە هەندێ ماسی تریش بگریت؟
- چی لەو هەندەی تر بکەم؟
- بیفرۆشە و بە پارەکەی ماتۆڕێک بۆ بەلەمەکەت بکڕە و دوورتر بەرەو قووڵایی زەریا بڕۆ و ماسییەکی زۆر بگرە، ئەوسا دەتوانی تۆڕێکی نایلۆنیش بکڕیت و هێندە ماسی بگریت، تا توانای کڕینی بەلەمێکی تریشت دەبێت. دواتر هێندە ماسی ڕاو دەکەیت، دەبیتە خاوەنی کەشتیی ڕاوەماسی و سامانێکی زۆریش.
- ئەدی دوای هەموو ئەوانە چی بکەم؟
- ئەوسا دەتوانی بە دڵنیاییەوە لێی دابنیشی و خۆشی لە ژیان ببینیت.
- ئەدی ئەوە نییە حاڵی حازر وا دەکەم!

## ڕووناکی

پیاوێکی زەنگین لە سەرەمەرگدا هەر سێ کوڕەکەی بانگ دەکات و پێیان دەڵێت:

- فەرموون ئەوە یەکی بیست کرۆن، هەر کامتان شتێکی وای پێ بکڕێت، ئەم ژوورەی بە تەواوی پێ پڕ بکاتەوە، ئەو دەبێتە خاوەنی ماڵ و سامانم.

ئێوارە درەنگانێ کوڕە گەورەکەی بە دوو فەردە <کا>وە هاتەوە و دەستی کرد بە پرژوبڵاوکردنەوەی <کا>کە بە ژوورەکەدا. پاش تۆزێک <کا>کە نیشتەوە سەر ئەرزی ژوورەکە و زۆر لەوە کەمتر بوو کە بەشی پڕکردنەوەی ژوورەکە بکات.

ئینجا کوڕە ناوەنجییەکەی بە دوو توورەکە لۆکەوە گەڕایەوە و کەوتە لۆکە فڕێدان بەم لاو ئەو لای ژوورەکەدا. زۆری نەبرد لۆکە نیشتەوە و ژوورەی پڕ نەکرد.

دواجار کوڕە بچووکەکەی هاتەوە، چرای ژوورەکەی کوژاندەوە و مۆمێک و شقارتەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا. هەر کە مۆمەکەی داگیرساند، هەموو ژوورەکە پڕ بوو لە ڕووناکی.

# منداڵ

منداڵ کە سەرکۆنە* بکرێت، فێری قسەی ڕەق دەبێت.
منداڵ کە لێی بدرێت، فێری شەڕ دەبێت.
منداڵ کە فێڵی لێ بکرێت، فێری ساختە دەبێت.
منداڵ کە سووک سەرنجی بدرێت، شەرمن دەردەچێت.
منداڵ کە گاڵتەی پێ بکرێت، ناخی ئازاری پێ دەگات.
منداڵ کە بە نەرمی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت، فێری ئارامگرتن دەبێت.
منداڵ کە دۆستانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، فێری دلۆڤانی دەبێت.
منداڵ کە ستایش بکرێت، فێری ڕێزگرتن دەبێت.
منداڵ کە هان بدرێت، بڕوا بە خۆی پەیدا دەکات.
منداڵ کە بە دڵنیایی بژی، متمانەی بە خۆی دەبێت.
منداڵ کە هەستی کرد خۆشیان دەوێت، هەموو دنیای خۆش دەوێت.

* لۆمە، سەرزەنشت.

# پێڵاو

ڕۆژێکیان کە گاندی سواری شەمەندەفەر دەبێت، تاکێک لە کەوشەکانی لێ دەکەوێتە خوارەوە و قیتارەکەش یەکسەر دەکەوێتە جووڵە. ئەویش خێرا تاکە پێڵاوەکەی تریشی فڕێ دەداتە خوارەوە.
هاوڕێکەی بە سەرسامییەوە لێی دەپرسێ:
- ئەوە بۆچی وات کرد؟
- تاکێک پێڵاو هیچ کەڵکێکی بۆ من نەدەبوو، بەڵام ئەوی جووتێک کەوش بدۆزێتەوە، سوودی لێ دەبینێت.

# زەریاوان

شەوێک لە زەریایەکدا کاپتنێک ڕووناکییەکی دوور دەبینێت، خێرا بە مۆرس ئەم پەیامەی لە شێوەی فەرماندا بۆ دەنێرێت:
- ڕێڕەوی کەشتییەکەت دە پلە بە لای خۆرهەڵاتدا بگۆڕە!
یەکسەر لە شێوەی فەرماندا ئەم وەڵامەی پێ دەگات:
- ڕێڕەوی کەشتییەکەت دە پلە بە لای خۆرئاوادا بگۆڕە!
کاپتنەکە تووڕە دەبێت و ئەمجارەیان ئەم بروسکنامەیەی بۆ دەنێرێت:
- من کاپتنێکی گەورە و ناسراوم، وا ڕاهاتووم خەڵکی گوێڕایەڵی فەرمانەکانم بن. دە پلە بە لای خۆرهەڵاتدا دایشکێنە!
دیسان هێندە نابا، ئەم وەڵامەی پێ دەگات:

- من زەریاوانێکی وریام، ئیشی خۆم چاک دەزانم. ڕێڕەوەی کەشتییەکەت دە پلە بە لای خۆرئاوادا بگۆڕە!
کاپتن سوور هەڵدەگەڕێت و ئاگر لە چاوی دەبارێت. ئەمجارەیان ئەم نامەیەی بۆ دەنێرێت:
- من پێم گوتی ڕوو بکە خۆرهەڵات. من لە کەشتییەکی جەنگیدام.
لە وەڵامی ئەم هەڕەشەیەدا ئەم نامەیەی پێ دەگات:
- منیش پێت دەڵێم ڕێڕەوی کەشتییەکەت بەرەو خۆرئاوا بگۆڕە! من لە بورجی چاودێریدام.*

* بە سوێدی: fyr، بە ئینگلیزی: lighthouse، بە عەرەبی: فنار، قوللەیەکە لە کەناری زەریا.

## فریادڕەس

ئێوارە بوو، چۆلەکەیەک کە سەرما زۆری بۆ هێنا بوو، خۆی دا بە شووشەی پەنجەرەیەکدا و بەربووەوە. سەرما بە جۆرێ کاری تێ کردبوو، لە پەلوپۆی خستبوو، نە توانای فڕین، نە هێزی هەڵسانەوەی مابوو.
هێندەی نەبرد مانگایەک هات، لە ئاستی چۆلەکەکە وەستا و تەپێ شیاکەی پێدا کرد. شیاکەی گەرموگوڕ کارێکی کرد، چۆلەکەکە دوای تاوێ، کەوتە جریوەجریو، ئەگەرچی نەیتوانی لە شیاکەکە بێتە دەرەوە.
پشیلەیەک بەرەو شوێنی جریوەجریوەکە هات. چۆلەکەکەی بینی و هەستی کرد کە ناتوانێ خۆی لە شیاکەکە دەرباز بکات و بفڕێت، سووک و باریک لە شیاکەکەی دەرهێنا و خواردی.
لە بیرت نەچێ، ئەوی کە دەتخاتە ناو پیساییەوە، مەرج نییە دوژمنت بێ، ئەویشی لە ناو پیسایی دەرت دەهێنێ، مەرج نییە دۆستت بێ.

## دەرگاوان

پیاوێکی گەنج دەرگاوانی کارگەیەک دەبێت. ئەگەرچی کرێیەکی باش وەرناگرێت، بەڵام ئیشەکەی پێ ناخۆش نابێت. ڕۆژێکیان بەڕێوەبەر بڕیار دەدات، ئەوی نەخوێندەوار بێت، لە کار دەربکرێت. دەرگاوانیش چونکە نەخوێندەوار دەبێت، ئیشەکەی لە کیس دەچێت.
کابرا بۆ ئەوەی پێی بژی، لە گەراجەکەی باوکیدا دەکەوێتە مۆمدان لە ئاسن دروست کردن. ڕۆژان دێن و دەچن کارگەیەکی مۆمدان دروستکردن دەکاتەوە. نەخێر کارگەیەکی قەنەفە دروستکردنیش دەکاتەوە.
دوای پازدە ساڵ، بیست کرێکار ئیشی بۆ دەکەن، بەڵام هێشتا هەر نەخوێندەوار دەبێت.
ڕۆژێکیان ژمێریارەکەی هەست دەکات وەستای نەخوێندەوارە، بەو پەڕی سەرسووڕمانەوە لێی دەپرسێت:
- بە ڕاست ئەوە نەخوێندەواریت!
- بەڵێ.
- تۆ بە نەخوێندەواری، ئاوا چاک پێشکەوتوویت، بیرت لەوە نەکردووەتەوە ئەگەر خوێندەواریت هەبووایە، ئێستا چی دەبوویت؟
- با، بیرم لێ کردووەتەوە، ئێستا دەرگاوان دەبووم.

## دایە و بابەی خۆشەویست

چونکە لە زانکۆم بەیەکەوەین، وەختی ئەوەم نییە زۆر زۆر دەنگتان بۆ لێ بدەم، بەڵام با باسی ژیانی ئەم دراییەی خۆمتان بۆ دەکەم.
ئەو ژانەسەرەی کە گرتوومە، هی ئەوەیە کە خانووەکەم سووتا. لە پەنجەرەکەوە خۆم فڕێدایە دەرەوە. هەر بۆ هەفتە لە نەخۆشخانە کەوتم. شوکر با هێدی هێدی توانای بینین پەیدا دەکەمەوە.
کە خانووەکەم ئاگری لێ بەربوو، بەختم هەبوو، پیاوێکی گەنج ئاگای لێ بوو، هەر ئەویش دەنگی بۆ ئەمبولانس لێ دا و بۆ نەخۆشخانەش لەگەڵمدا هات و دواتریش چەند جارێ سەردانی کردم. چونکە خانووەکەم بە تەواوی سووتا، ئێستا لە خانووەکەی ئەودا دەژیم. نازانم ئەم خانوو خانووەم لە چییە! خانووەکەی پیاوەکە لە ژێرخانێکدا، بەڵام بەم جۆرە شێوە، جێیەکی خۆشە.
ئەو پیاوە گەنجە، زۆر دڵۆڤانە و حەزیشمان لە یەکترییە و هاکا زەماوەندمان کرد. ئەگەرچی هێشتا ڕۆژی زەماوەندمان دیاری نەکردووە. بەڵام بێ گومان پێش ئەوەی سکم بە تەواوی بڵند ببێتەوە، شایی دەکەین.
دایە و بابە: سکم هەیە. دەزانم چەند ئامەزرۆی ئەوەن کە ببنە دایەگەورە و بابەگەورە. دڵنیام زۆر بە گەرمی پێشوازی لە منداڵەکەم دەکەن و هەمان ئەو خۆشەویستییەی بە منتان بەخشیوە، بەویشی دەبەخشن.
دەزانن بۆچی هێشتا زەماوەندمان نەکردووە، ئاخر دۆستەکەم نەخۆشە و مێشکی تووش کردووە. دەزانم ئێوەش بە وەختی پێر ئاوێن بۆ دۆستەکەم دەکەنەوە، ئەگەرچی هیچ خوێندنێکی تەواو نەکردووە و بێکاریشە. ئەمر زۆر دڵۆڤانە، وەلێ لە ژیانیدا کەمێ بێبەخت بووە. دوای ئەوەی کە هەرچی پێیدی دایەوە، هەمووییم بۆ گێڕانەوە. دەمەوێ بڵێم نە ئاگر لە خانووەکەم بەربووە، نە ژانەسەرم هەیە، نە چاوم ژیانی بێگەیشتووە، نە لە نەخۆشخانە کەوتووم، نە سکم هەیە، نە تووشی هیچ دەردێ بووم و نە دۆستێشم هەیە، بەڵام واستێبەکی لە ماتماتیک و ئێکۆنۆمیدا دەرنەچووم.


سەرچاوە

Varför växer grisen? Klas Hallberg & Magnus Kull, Brain Books 1997 Falun.

## کتێبێکی نوێی حەمەسەعید حەسەن

زەردەخەنەی هەتسک کە تازەترین بەرهەمی چاپکراوی حەمەسەعید حەسەنە، بریتییە لەو وەخت و لێکۆڵینەوە ئەدەبییانەی لە چوار ساڵی رابردوودا نووسیونی. ئەگەر خوازیاری ئەو کتێبەت پێ بگا، بڕی (100) کرۆنی سویدی، یان هێندەی ئەو پارەیە بە دراوی ئەو وڵاتەی لێی دەژیت، وەک نامەیەکی ئاسایی بەم ئاونیشانەی خوارەوە بنێرە.

Hamasaeid Hassan
Vasa V. 20 b
641 32 katrineholm
Sweden


ئافەرین..بابە
حەیاو شەرەفمان چوو!

# سەبری خان

## حسێن عەلی دەربەندیخانی



سەبری خان ئافرەتێکی خەڵکی سەرقەڵای کفری بوو,
لە نێوان ڕێگای گردەنورو دەربەند بێلوولەدا بەتەنیا ئەژیا،
ڕازی نەبوو بچێتە ناو ئۆردووگاوە یا بگەڕێتەوە بۆعیراق،
ئەم ئافرەتە تووشی نەخۆشی (شیزۆفرێنیا) بوو.

سەبە ...
ئەندێشەی ژیانت
کۆمای گڵی کردە چاوی خۆم و شیعرم
بۆحەسانەوەی سەفەری دوور و درێژ
بۆتە دەواری سەرەڕێ
بۆتە کەپرم
خەمم... زامم
هەزار خەمە ... هەزار زامە
بەڵام سەبە ...
بۆ بۆگەنی ... بۆئابووربوونی سەرمایە
سەرگوزەشتەی تۆم کردۆتە!
ماخولانە ... ماخولانە!!
ژیانی من ... گریانی تۆ
گریانی من ...ژیانی تۆ
گێژەنێکە زۆر بێ پەیە!
ئەی کۆتایی
کۆتایی مەینەتی کەیە؟!
سەرسوڕمانە ... سەڕسوڕمانە!!
لەکاتێکا خەم دامئەگرێ
بۆمەینەتی تۆی بێ لانە
پێ ئەکەنی
گوڵاوی خەندە ئەپژێنێ
من نازانم ...
پێکەنینت بەمندێ یان بەم ژیانە؟!
هەڵۆی خۆزگە و هیواکانت
بۆ کام جێ؟!
بۆکام ئاسمانی دوور هەڵئەفڕێ
کام ئاوازی تاسە و دیدار ...
لە ژێکانی ئەندێشەت دا لێ ئەدرێ؟!
لای تۆ کام تیۆر تازەیە؟
کام ژێی بیرت ...
لێدەری ئەم پێکەنین وئاوازەیە؟!
پێ ئەکەنیت،
بەوەی ناتوانین وەك تۆی دڕندە بژین؟
یان تۆ ناتوانیت
وەك ئێمەی مرۆڤ بژیت؟!!
لەناو تویێشووی توند جەڕاوی
بیری خەڵکا شێتی ... هاری
بەڵام سەبە ... مشتێ پارە . . تۆ ئە کاتە ...
سەبەی شۆخ و شێوە پەری
نیو چارەکە زێڕ و تەڵا تۆ ئەکاتە
ئەستێرە گەشی سەر قەڵا
ئاخ سەبە ... ئأخ !!
لەم دنیایەی من و تۆ دا
پارە ئامانجە نەك هۆیە!
پارە چەشەی قازانجێکی تازە ترە و،
نە بۆ ئاسوودەیی منە و،
نە بۆ ئاسوودەیی تۆیە!
کێ ئەڵێ تۆ دایکی گیڤارا نە ئە بووی؟
یان لینین لە تۆ نە ئەبوو ؟!
ئەی ئەو وەختە کێ ئەزانی
ئاوەڕۆی ئەم ژینە مەنگە
بۆ کوێ ئەچوو؟!
هەرچەندە تۆ
لە ئاهەنگی ژین و بوونا
لە کۆڕ و بەزم و نەریت و
ناولێنانا
شەپۆلێکی بێ کەناری
لووتکەیەکی بێ بناری
گۆرانیەکی ناسازی
شیعری لەنگ و بێئاوازی
بەڵام سەبە ... تائەتوانی .. لەگەڵ مندا
تف هەڵدەبۆ دنیای ستەم و جیاوازی
لای منیش تۆ (نودرەی نسبی) ت
تۆ زۆر جوانی
سەبە شێت نیت
سەبە خانی !!!

دەربەندیخان 1991

× تێبینی: ئەم شیعرە لە ئەیاری 1995 دا لە هۆڵی نووسەران خوێندرایەوە

# ئاورێك لەمناڵانی وڵات



ڕەسوڵ سەفەریانی

لە دوا ڕۆژەکانی هاوینەوە, پێش دەرکەوتنی رواڵەتی زەردی پاییز, دڵەلەرزە و هەناسەی زەردی باوکانی خێزانداری خاوەن مناڵە مەدرەسەیی، دەس پێئەکا و گەڵای روخساریان زەردتر لە هەمو کاتێ هەڵئەگەڕێ و ترسی کردنەوەی مەدرەسەیان لە دڵ ئەنیشێ. لەلای ئێمە کەم باوکان هەن بە بێ هەناسە بڕکێ وئارەق ڕژاندن لەکەلی هەرە بەرزی کڕینی پێداویستیەکانی مەدرەسەی مناڵانیان سەرکەون و پێی لێ راکێشن و مێشێکیش میوانیان نەبێت. جا هەر بە پێی ئەوە, رادەی ئەو مناڵانەی کە بەبێ فرمێسك و, کێشانی باری خۆزگە وتامەزرۆیی و داخ و دەرد, بگەنە کەل و پەل و پێداویستیەکانی مەدرەسەیان کەمن. بەڵام هەر ئەو کەمانە وەك کێوێکی بەرزن, لەچاو ساباتی لە چاوو نەهاتوی فەقیری ونەداری وڵات. ئەوکەمە مناڵانە رەنگە نەك نەگریابێتن بۆ جێگە حەزەکانیان, بەڵکو رەنگە هەر چێژیشی لێ نەبەن. چون تاسەو تامەزرۆییان بۆ نەکێشاوە, خۆزگە نەبووە لە دڵیاناو, شەو خەونیان پێوە نەبینیوە و, دانەنیشتون دەیان جار بەخەیاڵات جلەکانیان لەبەر کردبێ و, کیفەکانیان دەس پیاهێنابێت ولەگەڵ قەڵەم وتیانوسەکانیان دوابێتن. ئەمانە حەکایەتی مناڵانی زۆرینەی وڵاتن,چیرۆکی کەنار نشینەکانی شارەکان ومالانی دێهاتن. ئەوانن کە لەگەڵ تەواوبوونی هاوینا ,بەرگیان ئەدرێت و دەغیلەیان ئەشکێت وچاووی ئاواتیان ئەبڕیێتە ئەو چەن سەد تمەنەی لە فرۆشتنی مرەبا و نانەوردە ,یا لە بریتی جنێو بیستن و شەق خواردنی وەساکاران وەگیریان هاتوە. پێش شکاندنی دەغیلەکان, دەیان کۆشکی ئاواتیان هەڵداوە و, هەزاران جار خۆیان پێوە گیڤاندوە و فیزیان بە کڕیاوەکانیانەوە داوە.

دەغیلە ئەشکێت و ورد و درشتی سەریەك ئەخرێت و بەرەو بازار ئەفڕن. بەڵام لەگەڵ بینینی هەوەڵ دوکان, کۆشکەکان بەرەو رووخان ئە چن. پارە کورت و باڵای نرخەکان بەرز و ,پێداویستیەکان زۆر. چار نیە لە کڕینی پانتۆڵ و مانتۆ وکاپشێن و چەن شتی سەرەکی چاوپۆشی دەکرێت. بچوکەکان هی گەورەکان لە بەر ئەکەن و, گەورەکانیش لە هەرزانترین شت خۆیان پۆشتە ئەکەنەوە. تاناکۆراش فریادرەسێکە بۆ پاراستنیان لە چزەی سەرمای بێ بەزەیی وڵاتی ژێر دەسەڵاتی قانونی خوا.

زڕەی زەنگی مەکتەب لە گوێی قوتابیەکاندا زڕایەوە و پۆل پۆل بە پێی تەمەن و پلە لە پشت سەری یەك راوەستان. پاش وردە وەسیەتەکان و بەخێر هاتنێك لە لایەن مودیر و ماموستایانەوە, بەرەو ژورەکان رێ کەوتن. لە کلاسدا نێوەکان دەخوێندرانەوە بۆ ناساندن و هەر وەها دیاری کردنی ئامادە نەبووان. لە هەر ژورێ چەن کورسی خاڵی بوو ,چەن ناویش بێ وەڵام خوێندرایەوە. لەلایەن هاورێیانیانەوە وەلام درابووەوە, لە کورەن, لەئیشن, وادیان دابو بێنەوە ,رەنگە پاش حەوتوێکی‌تر. بەڵام پاش ئەو ماوەش لەهەر ژورێك چەن کورسی قەت خاوەنەکانیان نەبینی. بۆچی؟ چون ئەبێ بۆ بژێوی بنەمالەکانیان بچنە مەیدانی خەباتی کارەوە,چون باوکیان ناتوانێ خەرجی مەدرەسەیان بۆ جێبەجێ بکا, یا باوکیان نیە و کاسبکاری ماڵیان ئەوە, یا خێزاندارن و ناتوانن هەمویان بچنە مەدرەسە, کەوابو کچەکەیان ئەبێتە قوربانی با براکان بتوانن بەردەوام بن لە خوێندنا.

بەیانییێکی سارد و کڕێوەیە ,ئاسۆش لە گەرەکی رچەنەشکاوی قەراخی شارەوە بە پانتۆڵێکی کۆنی ناسك وجووتێ کەوشی لاستیقی ساردوسرەوە, بەرەو مەدرەسە بەفر ئەبڕێ و رچەئەشکێنێ. دەسەکانی گۆی نەماوە, گوێ و لوتی وەك چۆنەر سور بوون. دەگاتە مەدرەسە, بەرەولای کورە رەشە شڕەکە هەڵدێ, بەڵام ئەویش وەك دڵی حاکمانی دەسەڵاتدار سارد و بێ بەزەیی.

**پشتیوانانی یانەی ساراو گۆڤارەکەی دەتوانن بەم ژمارە حیسابانە یارمەتیەکانیان بنێرن:**

Förenings Sparbanken
Barnens Värld
8105-9 974 464 218-3
Bankgiro: 5469-4922

# جیهانی منالأن 3

فەلسەفی - ئەدەبی - هونەری و خەبەری

ئۆرگانی پانەی ساڕای منداڵان لە سلیمانی




پێوانەو پشتیوانی شیعاری کۆژین کە دەڵێ: من خەڵکی دنیام ڕاست و ڕوون و گرینگە

چونکە باوکی لە بناری چیای قەندیل لە کوردستان و دایکی لە شاری شین یانگ لە وڵاتی چین،

بۆ خۆیشی لە کیشوەری فینلەند لە بنا گوێی قوتبی شیمال هاتونەتە دنیاوە.

# Barnens Värld

***Om barnens livsvillkor världen över***

***Barnhem i Sulaimaniya***

## رێپۆرتاژ: بۆچی زۆربەی قوتابیانی پەناهەندە
## وێزگەی کۆتاییان قۆناغی ئامادەیی
## یان سەرەتاییە؟









Ali Ketabi
C/O Shihab Manmy
Fjäderharvsgatan 17
424 66 Angered, SWEDEN
Tel: +46 (0) 31-3302030

www.trife.com/scc/index.html
dilan@tiscali.se

ISSN 1651-5188